# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

شەممە ١٦ی جۆزەردانی ١٣٩٤ _ ٦ی ژوئەنی ٢٠١٥

ژمارە: ٦٥٧

www.kurdistanukurd.com


## تەقینەوە لە متینگی HDP لە ئامەد

ڕۆژی هەینی ١٥ی جۆزەردان متینگی پارتی دیموکراتی گەل(HDP) لە شاری ئامەد بوو بە ئامانجی دوو تەقینەوەی گەورە. بە هۆی تەقینەوەکە چوار کەس گیانیان لە دەست دا و نزیکەی دوو سەد کەس بریندار بوون.

(HDP) وەک حیزبێکی سەرانسەری چووەتە نیو هەڵبژاردنەکانی ئەمجاری تورکیەو لە سەرانسەری تورکیە کاندیداکانی خۆی بۆچوونە پارلمان ناساندوە و توانیوێتی نەک هەر لە نیو کوردەکان بەڵکوو لە نیو تورکەکانو کەمە نەتەوەکانیش، سەرنج و پستیوانیی ژمارەیەکی زۆر دەنگدەر بۆ لای خۆی رابکێشێ. (HDP)بە نیازە بە تێپەراندنی کۆسپی هێنانەوەی لە سەدا ١٠ی دەنگەکان، بچێتە پارلمانی ئەو ولاتە. (HDP)، هەر بۆیە لەم هەڵبژاردنە دا لە گەڵ پێشبڕکێو ململانێیەکی توند بەرەوروویە. ڕۆژێک دوای تەقینەوەکە سەلاحەدین دەمیرتاش داوای لە لایەنگرانیان کرد «بە وشیارییەوە بجووڵێنەوەو ئاگاداری پیلانەکان بن. هەر چی روو بدا تورکیە پێویستیی بە هێمنی و ئاشتی هەیە.»



## حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# تێکهەڵچوونی نێوان هێزە کوردییەکان بۆ بزووتنەوەی کورد بە زیانبار دەزانین



کەشوهەوای سیاسیی نەک هەر ڕۆژهەڵات، تەنانەت بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە چەند حەوتووی رابردوودا کەوتە ژێر کاریگەریی حوزووری هێزی پێشمەرگەی دیموکرات لە ناوچە سنوورییەکان بە گشتی و بە تایبەتی تێکهەڵچوونێکی نێوان گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و پێشمەرگەکانی حدکا لە نزیک سنووری کێلەشین کە بە داخەوە شەهیدێک و چەند برینداری لێ کەوتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم پێوەندییە دا، وێرای بە داخبوونو بە زیانبارزانینی گرژیو تێکهەڵچوونی نێوان هیزە کوردییەکان، ڕای گەیاندوە کە حوزوور لە سنوورەکانو چالاکیی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆی نیشتمانی خۆیان بە مافی بێ ئەملاو ئەولای ئەوان دەزانێ. بە ڕاشکاوییش ڕای گەیاندوە کە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندەکانی ئەم یا ئەو لایەن نابێ چی دیکە لەسەر حیسێبی پشتگوێخستنی بەرژەوەندی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی بوونی هێزەکانی ئەم حیزبە لە ناوچە سنوورییەکان، ڕوونیان کردوەتەوە کە ئەم حوزوورە لە درێژەی بەرنامەو چالاکییەکانی سالآنی رابردووی حدک دایە، نەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ لایەنێکی تایبەتو پیوەندیی بە ئیرادەی چالاکبوونەوەی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هەیە کە چەند ساڵێکە ئەم حیزبە لە چوارچێوەی گوتارو سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەردا بەرەو پێشی دەبا.

## ڕووداوەکانی ئەم دوایانە لە خوێندنەوەیەکی ڕۆژهەڵاتتەوەرانەدا

**قادر وریا**

لە یەک مانگی ڕابردوو دا ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەد و گۆڕەپانی کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسیی جێی هەڵوێستە لە سەرکردن بوو. خۆپێشاندانی ڕۆژی ١٧ی بانەمەڕی خەڵکی مەهابادو، هەژانی سیاسیو ڕەوانیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەم ڕاسانە جەماوەرییەوە، یەک لەو ڕووداوانە بوو. دووهەم ڕووداو، بەڕێوەچوونی ئەو زنجیرە ڕێوڕەسمو بەرنامەیە بوو کە لە ژێرناوی «کۆنگرەی پێشمەرگە موسوڵمانەکان» لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە کرماشانو پاوەو سنەو چەند شاری دیکەی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوون. ڕووداوە سەرنجڕاکێشەکانی دیکە بریتی بوون لە ٣- جووڵەی پێشمەرگەکانی هەر دوو حیزبی دیموکرات بەرەوە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کە تێکهەڵچوونی نێوان گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە دوا دا هاتو، ٤- بڵاوبوونەوەی نامەی سەرئاوەڵای دەیان چالاکی سیاسیو میدیایی ڕوو بە هیزەکانی ڕۆژهەڵات کە لەودا پێویستیی پێکهاتنی هەر چی زووتری بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان وەبیر هێناوەتەوە.

ئەگەرچی ئەمانە ٤ ڕووداوی بە تەواوی جیاواز بوون، بەڵام هەر کامیان هەڵگری پەیام یا کۆمەڵە پەیامێکن کە دەکرێ هەر هەموویان لە ژێر یەک میچو بە سوود وەرگرتن لە یەک قامووس بخوێندرێنەوە. ناوی ئەم میچە یا ئەم قامووسە ڕۆژهەڵاتتەوەرییە.

خۆپێشاندانەکەی مەهاباد سەلماندییەوە کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی کەڵەکەبوونی ئاسەوارەکانی بێبەشیو سەرکوتێکی درێژخایەنو ڕۆژبەڕۆژ زیاتر، هەمووکات ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ لە گەڵ پەیدابوونی بیانووو دەرفەتێکی گونجاو، بە گژ هێزو دامودەزگای سەرکوتدا بچێتەوە، بەڵام لە نەبوونی یەک گوتاریو یەک هەڵوێستی وهاوکاریی هێزەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتو لاوازبوونی لێکتێگەیشتنی ئەکتەرانی نێوخۆو دەرەوەی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم جۆرە ڕووداوانە، ناتوانن ببن بە ماکەی هێنانە سەر شەقامی خەڵک لە شارەکانی دیکەو لە جیاتی بە خێر بە سەر چارەنووسی ئەم بەشەی کوردستان دا بشکێنەوە، دەبن بە هەوێنی سەرکوتی زیاتربێ ئەوەی دەسکەوتێان لێ بکەوێتەوە.

ڕێژیمی ئێران، لە سۆنگەی پێوەندیی گەرمو «تایبەت» لە گەڵ هێزە سەرەکییەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو بوونی لە نێو ڕووداوەکانیاندا، خۆی بە دۆستو پشتیوانی کورد لە ناوچەکە دەناسێنێو، هاوپەیمانەکانیشی شایەدی بۆ ئەم دۆستو پشتیوانبوونەی دەدەن! ئەم ڕێژیمە بۆ زیاتر لە ١٠میلیۆن کورد لە وڵاتەکەی خۆی، تەنانەت ئەو مافانەشی بە رەسمی نەناسیوە کە نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر ڕێژیمی بەعس بۆ کورد لە عێراقی بە ڕەسمیی ناسیبوون.

ل ٣



یادێک لە ٥٩ شەهیدی مەهاباد

٤



بزووتنەوەیەکی تینووی هاوکاری و یەکیەتی

٥



کورد، لە گێژاوی هەڵبژاردنەکانی تورکیە دا

٦



کاریگەرییەکانی ململانێی ئێران و عەرەبستان لەسەر ڕەوتی رادیکالیزم و...

٧



وتووێژی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەگەڵ مەهین شوکرڵلاپوور

٩

## خۆکوژی کچە کوردێکی دیکەی ڕۆژهەڵات بە هۆی تاوانێکەوە

بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی «زاگرۆس پۆست» کچێی کوردی خەڵکی شاری شنۆ پاش ئەوەی کە لە لایەن ئەندامێکی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەری، خۆی کوشت.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی مانگی جۆزەردان، یەکێک لە ئەندامانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناوی «سلێمان زەڕین» دوای ئەوەی لە تەنیا بوونی کچێکی کوردی خەڵکی شاری شنۆ بە ناوی «سومەیە بەهرام نژاد» لە نێو ماڵەکەیدا پێدەزانێ، بە زۆرەملێ دەچێتە ناو ماڵەکەی و بە چەکەکەی هەڕەشەی کوشتن لەو کچە کوردە دەکات و دواتریش دەست درێژی سێکسی دەکاتە سەری. دوای ئەم ڕووداوە ئەم کچە خۆی دەکوژێ.

## لێرەوارودارستانەکانی زاگرۆس، لە پارێزگای ئیلام دیسان کەوتەنە بەرشاڵاوی گڕی ئاگر

لە بەرەبەر و ڕۆژی جیهانیی ژینگەپارێزیدا! لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا بە هەزاران هێکتار لێرەوار زنجیرەیی لە ناوچەکانی «ئەرغەوان، شلم، هانیوان، مل پێنچو» کە بە هۆکارێکی نارۆون سووتان و ئاگر بەشیکی زۆر لە پێکهاتەی لێرەوارەکانی ئەو ناوچەیەی لە ناو برد. لە بەشێک لەم ناوچانانە خەڵک فریا کەوتن و نەیانهێشت پەرە بستێنێت، بەڵام بە هۆی وشک بوونی گیاوگژ وگەرماو با و نەبوونی کەرەسەی پێویستی ئاگرکوژێنەوە، کە بەداخەوە بوو بەهۆی لەناوچوونی زۆرێک لە بێشەو لێرەوارەکان و خەسارێکی قەرەبوو نەکراوی بەو ناوچەیە گەیاندوە.

جێ ئاماژەیە کە ئەم کارەساتە ژینگەییە یەکەم جار نیە کە لە دارستانەکانی زاگرۆس روو دەدا و هەموو ساڵێک لە بەرەبەری وەرزی هاوین لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان شاهیدی ڕووداوی لەم چەشنەین.



# کۆبوونەوەی چوار حیزب و لایەنی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان



**هەولێر**

بە مەبەستی تاووتوێکردنی ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی کوردستان بە تایبەتی تێکهەڵچوونی گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە گەڵ پێشمەرگەکانی حدکاو، هەروەها لە پێناوی هاوهەڵوێستیو لێکنزیکبوونەوەی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، چوار حیزب و لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە کۆ بوونەوە.

ڕۆژی چواری جۆزەردان (٢٠١٥/٥/٢٥) لە دەفتەری پێوەندییەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، هەیئەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سازمانی خەبات، پێکەوە کۆبوونەوە. هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەم دانیشتنە هاوبەشە لە حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسیو، برایم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە هەولێر پێک هاتبوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا دوای ئاڵوگۆڕی بیرورا سەبارەت بە بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستانو رووداوی تاڵی بەرەوڕووبوونەوەی چەکدارانەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە گەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چوار لایەنی ناوبراو لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە هاوڕا و پێداگر بوون:

١_ لە هەلومەرجی هەستیاری ناوچەکە و بەتایبەتی کوردستاندا، هەر ئاڵۆزی و کێشەو شەرێک لەنێوان هێزە کوردستانییەکان، خزمەت بەدۆخی خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمان ناکا و لە بەرژەوەندی وڵاتانی داگیر کەری کوردستان دایە و، براکوژی و خوێنڕشتنی رۆڵەکانی گەلی کورد تاوانەو لەجیاتی دەست بردن بۆ چەک، پێویستە لەرێگای وتوویژ و دیالۆگەوە کێشەکان چارەسەر بکرێن.

٢_ کوردستان مولکی تایبەتی هیچ لایەن و هێزیکی سیاسی نیەو هی هەموو خەڵکی کوردستانە. هیچ پاساو و برو بیانوویەک شەرعییەت بەهیچ لایەن و هێزیک نادات بەشێک یا هەموو کوردستان بە پاوانی خۆی بزانێ و ڕێگر بێ لە تێکۆشانی هێز و لایەنەکانی دیکە.

٣_ لە گەڵ ئەوەی کوردستان یەک ولات و کورد یەک یەک نەتەوەیە، بەڵام دەبێ ئەو واقعییەتەمان قەبوول بێ کە بە سەر چوار وڵات دا دابەش کراونو هەر کام لەم بەشانە خاوەنی حیزب و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیانن کەهەر کامیان خاوەنی خەباتێکی دوور و درێژن لەپیناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلەکەیان دا و بەهەزاران شەهید و قوربانیان داوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە و بەوەبەرچاوگرتنی شوێنەوارە زیانبارەکان، هیز و لایەنە سیاسییەکانی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان نابێ دەستێوەردانی لەکاروباری بەسەکانی دیکە دا بکەن.

٤_لەقۆناغی خەباتی رزگاری نەتەوەیی دا هەر هێز و لایەنیکی سیاسی مافی پەیوەندی گرتن و رەوابتی سیاسی لەگەل وڵاتانی ناوچەکەی هەیە بە مەرجێک لەدژی خواست و بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان نەبێ.

٥_ هێرشی چەکدارانەی هەر هێز و لایەنێکی سیاسیی کوردستان بۆ سەر یەکتر بە گشتی و بەتایبەتی هێرشی چەکدارانەی ئەم دوایانەی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،کە بە داخەوە شەهید و برینداریشی لێ کەوتەوە مەحکوومە.

٦- هەولی دلسۆزانەی پارلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەریمی کوردستان و هەموو لایەن و کەسایەتیە سیاسییەکان کە دلسۆزانە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە هەنگاویان هەڵگرتوە، بەرز دەنرخێنین

٧_ دەستێوەردان وپاوانخوازیی پ کا کا لەکوردستان بەگشتی و لە رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی و پێشگیری کردنو کۆسپ دروست کردنی بۆ تێکۆشان و هەڵسووڕانی هێز ەسیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، پاساوهەڵگر نیە. پێویستە ئەم سیاسەتە بکەوێتە بەر ڕەخنەی ڕاشکاوانە و بەڕادەی پێویست تیشک بخرێتە سەر زیان و شوێنەوارەکانی.

٨_ هەول بدرێ لە پێناوی ئالوگۆری بیرورا و تاوتوێکردنی رووداوەکان و گرتنەبەری هەلویستی هاوبەش و هاوکاریی لایەنەکان، ئەم جۆرە کۆبوونەوانە لە بازنەیەکی فراوانتر و بە بەشداریی هێزەکانی دیکەی کوردستان لە داهاتووش دا بەرێوە بچن.

# کۆبوونەوەی هەیئەتێکی رێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو پ ک ک



هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەردانی کۆنسەی سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستانی کرد.

پێشنیوەڕۆی پێنجشەممە ٨ی جۆزەردانی١٣٩٤(٢٨ی مای ٢٠١٥)، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی قادروریا، سەردانی پێوەندییەکانی کۆنسەی سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بناری قەندیلی کرد.

ئەم دیدارە ئەگەر چی لە درێژەی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی ساڵانی پێشوو دابوو، بەڵام بە هۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بە تایبەتی تێکهەڵچوونی نێوان گریلاکانی p.k.k و پێشمەرگەکانی حدکا لە ٢٤ی ئەم مانگە، زیاتر بۆ باس لەم ڕووداوەو دەرکەوتەکانیو ئەرکە هەنووکەییەکانی لایەنە پێوەندیدارەکان تەرخان کرا.

هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ئاوردانەوە لە پێوەندییەکانی حیزبی دیموکرات لە گەڵ پارتی کرێکاران لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا، گەڕایەوە سەر پێوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ پێ.کا.کا لەم ساڵانەی دوایی داو، رایگەیاند سەرەرای هەبوونی ڕەخنەو تێبینیی خۆمان لە سەر بەشێک لە سیاسەتو کردەوەکانی ئەو پارتە بە تایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، هەڵوێستمان بەرامبەر پێ.کا.کاو بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان، نەتەوەیی، بەرپرسانەو دڵسۆزانەو، پێوەندیمان ئاسایی و دۆستانە بووە.

لە پێوەندی لە گەڵ ڕووداوی تێکهەڵچوونی نێوان گریلاکانی ئەو پارتەو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هەیئەتی حیزبی ئێمە بە داخبوونی خۆی لەم ڕووداوە ڕاگەیاند بە تایبەتی کە ئەوە یەکەم جارە گرژییەک لە نێوان دیموکراتەکانو ئەو پارتەدا دەگاتە ئاستی تێکهەڵچوون، کوژراو و برینداری لێ دەکەوێتەوە. ڕاشی گەیاند بە باوەڕی حیزبی ئێمە ئەم کردەوەیە جگە لەوەی زیانی بە ئێعتیباری پارتی کرێکاران گەیاندوە، کاریگەریی خراپیش دەکاتە سەر پێوەندیی بزووتنەوەی کورد لە باکوورو ڕۆژهەلاتی کوردستان. لە حاڵێک دا سەرکردایەتیی پێ. کا.کا، بە دانیشتنو دیالۆگ لە گەڵ حدکا دەیتوانی نەهێڵێ کار بگاتە ئەو جێگایە. هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هیوای خواست بە هەوڵی هەموو لاو بە ئیستیعداد نیشاندانی پێ.کا.کا، بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و نەک هەر ڕێگە نەدرێ گرژی و ئاڵۆزی پتر تەشەنا بکا، بەڵکوو هەوڵ بدرێ لێک تێگەیشتن و پێوەندیی دۆستانەو هاوکاری جێگای ململانێ و لە بەرامبەر یەک دا راوەستان بگرێتەوە.

هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، باسی لەم ڕاستییەش کرد کە تێکۆشان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتو هاتوچۆی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی بۆ ئەو سنوورانە، مافی بێئەملاوئەولای حیزبی ئێمەو هەر کام لە حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانە. ئێمە هەر وەک لە ساڵانی رابردوودا، هەوڵمان داوە لە نیوخۆی ڕۆژهەلات حوزوورمان هەبێ، لەمەوبەدوا تێدەکۆشین زیاتریش حوزوورمان هەبێ. چالاکبوونەوە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش، یانی حوزووری زیاترمان لە سەر سنوورەکان کە دیارە هیزی پێ.کا.کا تێیان دا جێگیرە. ئێمە پێمان خۆشە پارتی کریکارانی کوردستان نەک لەم بارەیەوە کێشە خولقێن نەبێ بەڵکوو، هاوکار بێ. پێمان وایە پێویستە هەر دوو لا ڕەچاوی بارودۆخو بەرژەوەندەکانی یەکتر بکەین.

خاڵێکی دیکە کە لەم دیدارە دا قسەی لە سەر کرا حوزوری هێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچە سنوورییەکان بوو، کە نە بۆ دژایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان یا هیچ لایەنێکی دیاریکراو، بەڵکوو پێوەندیی بە تێکۆشانمان لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە.

هەیئەتی پارتی کرێکارانی کوردستان کە بریتی بوون لە دەمهات عەگیدو هەڤاڵ ناڤدار، وێڕای دەربڕینی بە داخبوونی پێ.کا.کا لەو ڕووداوە کە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکو برینداربوونی چەند پێشمەرگەی دیکەی لێ کەوتوەتەوە، باسیان لە چۆنیەتیی دروستبوونی کێشەکەو تێکهەڵچوونەکە کردو وتیان ئێمە نە لە گەڵ حدکاو نە لە گەڵ هیچ هێزێکی ڕۆژهەڵات نامانەوێ لە کێشە دابین، ئێمە ئامانجمان شەڕو زەبر وەشاندن نەبووە. هەوڵێش دەدەین ئەو کێشەیە کە هاتوەتە پێش بە لێک تێگەیشتن بگاتە ئەنجامو ئاقارێکی دیکە وەرنەگرێ.

لەم دیدارە دا هەم هەیئەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و هەم هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دانیشتنی دیکە لە نێوان دوو لایەن بۆ باس لەو مەسەلانەو دیتنەوەی ڕێگاچارەیان، بە پێویست زانی. هەر دوو لاش تەئکیدیان لە سەر پێویستیی بوونی پێوەندیی ئاساییو دۆستانە و چارەسەری گرفتەکان بە دانیشتن و دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و ڕێزی دوولایەنە کردەوە.

# سەردانی هەیئەتێکی ڕێبەریی حدکا لە سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



لە کۆبوونەوەیەکی نێوان دوو هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو حیزبی دێموکڕاتی کورستانی ئێراندا ڕووداوەکانی ئەو چەند ماوەیەی سەرسنوور تاوتوێ کران.

رۆژی شەممە، ٩ی جۆزەردان هەیئەتێکی حدکا بە سەرپەستیی تەیمور مستەفایی سەردانی سکرتاریای حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی مستەفا مەولودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

تەوەری سەرەکیی باسەکانی ئەو کۆبوونەوە هاوبەشەی دوو لایەنی دێمۆکرات باس لە ڕووداوە نەخوازراوەکەی نێوان حدکا و پ ک ک لە کێلەشین بوو. لەو چوارچێوەیەدا دوو لایەن لەسەر زۆر بوارو رەهەندی ئەو پێشهاتە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا ئاواتی خواست بە هەوڵی هەموو لایەک هەر چی زووتر بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوەو بە لێک تێگەیشتنو هاوکاری، ڕێگاچارە بۆ گرفتەکانی لەمەودوا بدۆزرێتەوە.

# سەردانی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان



ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ تاوتوێی بارگرژیی نێوان پ ک ک و حدکا سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤، سەعدی ئەحمەد، پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە مەبەستی تاوتوێ کردنی کێشەی سەر سنوور لە نێوان "P.K.K" و "حدکا" کە شەڕو لێکدانو شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی حدکای لێکەوتەوە، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو لە لایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازی لێ کرا.

کاک سەعدی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاوتوێی مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژیان لە ناوچە و دەوروبەر کرد. لە درێژەی باسەکەدا هەردوو لا پێ ناخۆش بوونی خۆیان لە ڕووداوی تێکهەڵچوونی گریلاکانی پ.ک.ک لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی، و باسیان لە ڕێگا چارەکانی ڕەوینەوە و نەهێشتنی ئەو هۆیانە کرد کە دەبن بە هۆی ڕوودانی ئەو ڕووداوە نەخوازراوانە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان.

هەر لەو دانیشتنەدا ئەندامانی دەفتەری سیاسی باسیان لە ناوەرۆکی بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزب کرد کە بە بۆنەی تێکهەڵچوونەکانی گریلاکانی پ.ک.ک لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو کراوەتەوە. کاک سەعدی پێی خۆش بوونی خۆی لە هەڵوێستی بەرپرسانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەوە دەربڕی.

# بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی حدک لە چلەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی ی ن ک

**بێرمێنگهام – بریتانیا**

ڕۆژی یەکشەممە ریکەوتی ٣١ی مەی ٢٠١٥ لە بارەگای کومیتەی ڕێکخستنی بریتانیا،ی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە بێرمینگهام ، بە بەشداری ئەندامان و دۆستان و لایانگرانی ئەو حیزبە یادی چلەمین ساڵەی خەباتیان کردەوە. لە سەر بانگهێشتی فەرمی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتبوو لە کەیوان شێرزاد ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا و ناجی



ئەشکوو ئەندامی کۆمیتەی بێرمینگهام بەشدار بوون و پەیامی نوێنەرایەتی «حدک» لە بریتانیا،یان پێشکەش بە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان کرد.

# سەردانی شاندێکی نوێنەرایەتیی حدک لە مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

**هەولێر** شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر سەردانی مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد.

رۆژی دووشەممە ١١ی جۆزەردانی ٩٤ (١ی ژوئەنی ٢٠١٥) هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر بە سەرپەرستیی ئیبراهیم زێوەیی سەردانی مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە هەولێر کرد و لە لایەن رزگار عەلی، بەرپرسی مەڵبەندو کۆمەڵێکی لە بەرپرسانی دیکەی یەکیەتیەوە، پێشوازییان لێ کرا .

ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەو سەردانەدا بەبۆنەی یادی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پیرۆزبایی ئەو یادەی لە بەرپرسانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان کردو. لەو دیدارەدا بە بایەخەوە چاو لە پێوەندییەکانی دوو لایەنی حیزبی دیموکڕاتو یەکیەتیی نیشتمانی کراو دوو لایەن پێداگرییان لە سەر پتەوترکردنی پێوەندیی لە مێژینەی نێوانیان کردەوە .

# خالید عەزیزی: بەهێز بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهێزبوونی پارچەکانی دیکەشە





کۆمیتەی سۆئێدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سمینارێکی بۆ باس لەسەر پرسە سیاسییەکانی ڕۆژەڤی کوردستان بۆ خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە، ٩ی جۆزەردان بە بەشداریی ئەندامانی حیزب لە سۆئێد، نوێنەرایەتی بەشێک لە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان، کۆمەڵێک میوانو پەیامنێری چەند ڕاگەیاندنی کوردستانیو جیهانی بەڕێوەچوو، خالید عەزیزی بە شێوەیەکی گشتی تیشکی خستە سەر ڕووداو و گۆڕانگارییەکانی جیهان، ناوچەی خۆرهەڵاتی نیوەڕاست، ئێران وکوردستانو هاوکات سیاسەتو خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا شیکردەوە.

لە سەرەتای سمینارەکەدا حەمەدەمین ڕەشیدی و شلێر حەسەنپوور، ئەندامانی کومیتەی گشتیی حیزب لە وڵاتی سوید، چەند سەرنجێکیان لەسەر باس و بابەتەکانی سمینارەکە خستە بەرچاو، پاشان سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسەکەی خۆی پێشکێش بە بەشداران کرد.

خالید عەزیزی باسەکەی بە پێناسەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەباتی سیاسیو نەتەوەیی ئەو بەشە لە کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانو، باسکردن لە ئێرانو پێکهاتەی دەسەڵاتو سیاسەتو بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست پێکرد.

سکرتێری گشتیی حیزب بە ئاماژە بە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٧٠ ساڵ ژیانی سیاسیی ئەو حیزبەدا گوتی ٧٠ ساڵ خەباتو تێکۆشان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی، قوربانیدانو فیداکاری، شانازیی دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەک یەکەم شوناسی سیاسیی کورد، دانانی سەمبولە نەتەوەییەکانی وەک ئاڵا، سروودی نەتەوەیی و پێشمەرگە بەشێک لە مێژووی ئەو حیزبەن کە بە هەزران کادرو پێشمەرگەی شەهید بووەو بە دەیان ئەندامی ڕێبەریی بەخت کردوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو حیزبە بەو پاشخانە دەوڵەمەندە لە خەباتو تێکۆشان بێشک بێ هەڵە و پەڵەش نەبووە بۆ حیزبێکی سیاسی، ئێعتراف بە هەڵەو کەمایەسییەکانی بەرچاو ڕوونییەکی زیاتری پیدەدا کە چۆن لەگەڵ ئەو سیناریۆ نارووونانە بەرەوڕوو بێتەوە کە ئەگەر لە بەشەکانی دیکە کوردستان ئاڵۆزن، لە ئێران ئاڵۆزترو ناڕوونتریشن.

خالید عەزیزی لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا پەرژایە سەر پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیو سیاسەتو تێڕوانینی ئەوان بۆ هاوکێشە ناوچەییو جیهانییەکان وەک زلهێزیکی ئەکتەرو؛ لەو بەشە لە قسەکانیدا تیشکی خستەسەر چۆنیەتیی ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو سیاسەتی بەکردەوەی لەو بەشانەی کوردستاندا.

خالید عەزیزی گوتی ئێران لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەدا خۆی بە دۆستی کورد لە سووریە،عێراق و تورکیە دەزانێ، بەڵام لە هەموو شێوەیەکی سەرکوتو گرتنو کوشتار دژ بە کوردی وڵاتەکەی خۆی کەڵک وەردەگرێ.

عەزیزی پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە ئێمە دژی پەیوەندی ئێران لەگەڵ پارچەکانی دیکە کوردستان نینو پێشمان خۆشە ئەو پەیوەندییانە لە بەرژەوندیی کورد لەو بەشانەی کوردستان پەرە بستێنن، بەڵام ئێران لە سیلەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دەکا.

خالید عەزیزی گوتی ئێران لە پشتیوانیکردنی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ پەراوێز خستنی کورد لە ئێراندا کەڵکی وەرگرتووەو هەموو کات وای نیشانداوە کە کورد لە ئێراندا کێشەیەکی نیە.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکە قسەکانیدا بە جەختکردنەوە لە سەر نێوەڕۆکی گوتاری ڕۆژهەڵات مێحوەری گوتی دەبێ ئەو هەستە لە هەموان دا بەهێز بکرێ کە بەهێز بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پارچەکانی دیکەش.

پرشو بڵاویی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هۆکارێکی لە کزیدانی خەباتی سیاسیی کورد لە ئێران، پێویستیی تێپەڕین لەو دۆخی بڵاوییەو؛ پێویستیی هاندانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ کاری ڕێکخراوەییو مەدەنیو مودیرییەتی ئەو تێکۆشانەو چەند باسێکی نێوخۆیی کۆمەڵە تەوەرێکی دیکەی باسەکەی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لەو سمینارەدا بوو.

شایانی باسە لە دوای باسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب کۆمەڵێک لە بەشدارانی سمینارەکە ڕاو بۆچوونی خۆیان لەسەر باسەکەی بەڕێزیان هێنایە گۆڕێو دواتر سکرتێری حیزب وەڵامی پرسیارو سەرنجو تێبینیی بەشدارانی دایەوە.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بەبۆنەی ساڵیادی لە داردانی ٥٩ لاوی مەهاباد



یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شیکردنەوەی زیاتری چۆنیەتیی ڕووداوی لە سێدارەدرانی ٥٩ لاوی شاری مەهاباد لە ساڵی ٦٢ هەتاوی سمینارێکی بۆ کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە پێش نیوەڕۆی سێشەمە ١٣ بانەمەڕ بەڕێوەچوو، بەڕێز عومەر باڵەکی لە گۆشەنیگایەکی نوێوە هەوڵی شیکردنەوەو خوێندنەوە بۆ ئەو بابەتە داو پرژایە سەر چەمکی لە سێدارەدان لە ئێران و جەختی لە سەر ئەوە کردوە کە هەر لە سەرەتایی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئێران تا ئێستا وەک کەرەستەی سەرکوتو زەبروزەنگ چاو لە ئێعدام کراوە. بەڕێزیان پێی لەسەر ئەوە دەاگرت کە ڕێژیم کە ڕێگای لە داردانەوە دەیەوێ دەسەڵاتی خۆی بە سەر خەڵکدا بسەپێنێت.

لە بەشێکی تری ئەم سمینارەدا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە پەرژانە سەر قسەکانی خەلخاڵیو خومەینی لە ئەو کاتەدا گوتی لە ساڵەکانی ٧٠ی هەتاوی بەم لاوە " مفسد فی الارض" و " محاربه لە گەڵ خودا" هاتە ناو ئەدەبیاتی سیاسی قەزایی ئێرانەوە و لە ژێر ئەو ناوەدا ئێعدامەکانیان درێژە پێی دا.

کاک عومەر لە بەشێکی دیکەی لە قسەکانیدا بە ئاماژە بە چۆنیەتیی گیرانو ئێعدامی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد گوتی ئەوەی کە بۆچی ئەو ٥٩ کەسە لە مەهاباد ئیعدام نەکرانو بۆ تەورێز راگویزرانەوە وێڕای هۆکارگەلێکی دیکە لە بەر ئەوە بوو کە رژیم دەیەویست شەڕێ نێوان ئازەرییەکانو کوردەکان زەق بکاتەوە کە بە تێبێنی و وریایی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەو پیلانە پووچەڵ کرایەوە.

شایانی باسە لە بەشی کۆتایی ئەو سمینارەدا دەرفەت بە بەشداریی ئامادەبووان درا تا ڕاو سەرنج و تێبینیی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتەدا بێننە بەرباس.

# دیداری هەیئەتێکی کومیتەی کوینزلاندی ئوسترالیای حدک لەگەڵ سێناتۆر کلێرمۆر



هەیئەتێکی کومیتەی کوینزلاندی ئوسترالیای حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ سێناتۆر کلێرمۆر، لە پارتی کاری دەسەڵاتدار لە دەوڵەتی ئەو وڵاتە دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی بانەمەڕ کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ویلایەتی کوینزلاند لە ئوسترالیا بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی دەسەڵاتدارانی ئوستورالی لە ڕەوشی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەت ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی گیراوانی سیاسیی کورد سەردانی خاتوو کلێر مۆر، سناتۆر لە حیزبی کاری ئوسترالییان کرد.

لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا کاک سەلاح پوور ئەسەد ڕاپۆرتێکی لە سەر ڕوداوەکانی ئەو دواییانەی شاری مەهابادو هەڵسوکەوتی توندو دژ بە مرۆڤانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەو شارە پێشکەش بە ناوبراو کرد.

لەو دیدارە چەندین ڕاگەیەندراو و ڕاپۆرت بە زمانی ئینگیزی لە سەر چۆنیەتیی گیان لەدەستدانی فەریناز خوسرەوانیو ڕووداوەکانی شارەکانی دیکەی کوردستانو لەشکرکێشی هێزە نیزامیو ئەمنیەتییەکانی ئێران بۆ سەر شارەکانی کوردستان بە خاتوو کلێر مۆر درا.

لەو دیدارەدا سیناتۆر کلێر مۆر، دۆستی نزیکی گەلی کورد و حیزبی دێمۆکرات خەمو پەژارەی خۆی بە نیسبەت گیان لە دەستدانی فەریناز خوسرەوانی دەربری و گوتی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەورەی ئوسترالیا «جولیا بیشۆپ«دا هەموو ئەو بابەتانەی لەگەڵ دێنێتە بەرباسو لایەنەکانی دیکەی دەوڵەتیشی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

خاتوو کلێر مۆر لە حیزبی کاری ئوسترالیا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە لە سەردانی حەوتووی داهاتووی خۆی بۆ کانبیرا وەزعی گیراوانی مهابادو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانو ئێران وەبیر ئیدارەی حیزبی دەسەڵاتدار بێنێتەوەو گوتی ڕووداوی کوژرانی فەریناز دەبێ بە نێودەوڵەتی بکرێو لە میداکان زیاتر باس بکرێ.

درێژەی:

## ڕووداوەکانی ئەم دوایانە لە خوێندنەوەیەکی ڕۆژهەڵاتتەوەرانەدا

ئەمەش لە کاتێک دایە کە پرسی کورد لە هەر کام لە وڵاتانی دراوسێیدا چووەتە ئاستێکی بانتر. کۆماری ئیسلامی لە جیاتی بە جێ نەمان لە وڵاتانی دەوروبەرو گەڕان بە دوای چارەسەرێک بۆ پرسی کورد لە ئێرانداو ملدان بۆ بەڕەسمی ناسینی مافەکانی نەتەوەی کورد، گەڕاوەتەوە سەر نمایشدانی جاشەتیی کۆمەڵێک کوردی خۆفرۆشو ڕێزگرتن لە تاوانەکانیان بەرامبەر خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە نەتەوەییەکەیان لە درێژایی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا! بەم جۆرە ئەو ڕێژیمە پێ لە سەر هەمان پەیامو سیاسەت دادەگرێتەوە کە تا ئێستا بوویەتیو هێڵێکی راستو چەپ بە سەر هەموو ڕێگایەکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پرسی ڕەوای کورد لە ئێراندا دێنێ. کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە ئەم پەیامە وەربگرێ.

دوو دەیە خۆپاراستنی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حوزوور لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتو هەرێمی کوردستانو، دووری کردنیان لە چالاکیی بەردەوامو جیددی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێک لە هۆیەکانی بەجێمانی بزووتنەوەی کوردو لە ڕۆژەڤدانەبوونی پرسی کورد لەم بەشەدا بووە. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەستکردن بەم ڕاستییە لە ساڵانی رابردوودا،هێندێک حەرەکەتی کرد کە هیواو هومێد خولقێن بوون. ئەمە بووە بە هۆی ئەوە پێویستیی بوون لە سەر سنوورەکانو چالاکبوونەوە لە نیوخۆی ڕۆژهەڵات، لە لایەن هێزەکانی دیکەشەوە هەنگاوی بۆ بنرێ. تێکهەڵچوونی چەکدارانەی گریلاکانی پێ.کا.کا لە گەڵ پێشمەرگەکانی حدکا، ئەو پەیامەی لێ خوێندرایەوە کە حوزوور لە سەر سنوورەکانو چالاکبوونەوە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، کە مافی بێئەملاوئەولای تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتە، دەتوانێ بکێشێتە تەنانەت تێکهەڵچوونی چەکدارانەش لە گەڵ هێزێکی وەک پێ.کا.کا. بەڵام حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە بێ یەکگرتوویی نێوان خۆیانو بێ هاوکاریی لە گەڵ یەکتر، ئایا دەتوانن ئەم مافەی خۆیان ئەمڕۆ بە پارتی کرێکارانی کوردستانو سبەینێ بە هەرێمی کوردستان، بسەلمێنن؟

چوارەمین ڕووداوی ئەم یەک مانگەی ڕابردوو (وەبیرهێنانەوەی پێویستیی پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕووبەڕووکردنەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە گەڵ ئەم داوایە) هەوڵدانە بۆ چارەسەری کێشەیەکی گەورە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم ڕووداوانەی دواییو لە هەموو ڕووداوە گرنگەکانی پێشوودا لە گەڵیان بەرەوڕوو بووە. خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، بەوانەشەوە کە بە چالاکانی سیاسی، فەرهەنگیو مەدەنیی کورد لە نێوخۆدەژمێردرێن، لە بەر بارودۆخی نەخوازراوی خۆیان، چاویان لە هێزەسیاسییە دوورخراوەکانیانە کە ڕووداوەکان لە بەرژەوەندی پرسی کورد لە ئێرانو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بقۆزنەوەو چی دیکە نەهێڵن پرسی کورد لەم بەشە لە گەمارۆی ئەمنیەتی- سیاسیی ڕێژیمی ئێرانو دۆستە هاوبەرژەوەندەکانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بمێنێتەوە. بەڵام ئەم چاوەڕوانییە بەجێ و ڕەوایە، هەر وەک زۆر جاری دیکەش حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕاشکاوی باسی کردوە، وەدی نەهاتوە. چونکە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەم بەشە کە هیچکامیان بە تەنیا تواناى ڕووبەڕووبوونەوەو مودیرییەتی گرفتو ڕووداو و کێشە گەورەکانیان نییە، بۆ پێکەوەبوونو هاوکاری لە گەڵ یەکتر لە ژێر چەتری بەرەیەک یا هەر ناوێکی دیکەش، ئامادەییەکی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەداوە.

ئێستا و دوای ڕووداوەکانی ئەم دوایانە، جارێکی دیکە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لە کەشوهەوایەکی بارگاوی بە هیواو ئیرادەی هەستانەوەی ڕۆژهەڵات، بەرەوڕووی پرسیارە هەمیشەییەکە بوونەتەوە. ئەرێ هەر لەم پەرشوبڵاوییە خۆویستانەیە دا دەمێننەوە کە بزووتنەوەی ئەم پارچەیە و خۆتانی «زەمینگیر» کردوە یا لە سەر بناغەی بەرژەوەندو داواو چاوەڕوانییە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی سەرکوتکراو، گەمارۆدراوو بەجێماو، یەک دەگرن بۆ ئەوەی هیوای زیندووبوونەوەو هەستانەوە لە هەناوی ڕۆژهەڵاتەکەتان دا بڕوێن؟

## بەیاننامەی هاوبەشی حیزبە کوردستانییەکان لە شاری ئۆرێبروو

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی١٧/٥/٢٠١٥ی زایینی دانیشتنێک لە لایەن چەند حیزبی کوردستانی، بۆ باس لەسەر ڕووداوەکانی ئەم دوایەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی لە خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ داوا ڕەواکانیان، لە شاری ئۆرەبرو وڵاتی سوئید پێک هات.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ١٧ی مانگی گوڵان خەڵکی تێکۆشەری شاری مهاباد بە نیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتی بە دەور و نەخشی کەسانی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر مەرگی فەریناز خوسرەوانی، کچێکی گەنجی تەمەن ٢٥ ساڵە و کارمەندی هوتێل تارای مهاباد، ڕژانەسەر شەقامەکان.

ئێمە کوردە کانی دانیشتوی ئورەبرۆی سوید وێڕای محکووم کردنی ئەو کردەوە قێزەونەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پشتیوانی خومان لە خەباتی خەڵکی تێکۆشەری شاری مهاباد و سەرجەم شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەبڕین.

کۆماری ئیسلامی لە ئێران لە پاش هاتنە سەر کاری تەواوی مافە نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی و ئینسانی ئەو گەلە چەند میلیونیان پێی شێل کردوە و لە ڕاستیدا کوردستانیان کردۆتە بەندیخانەیەکی چەند میلیۆنی.

ئێمە وێڕای دەربڕین داخ و کەسەر بەبۆنەی مەرگی دڵتەزێنی فریناز خوسرەوانی، بۆ جارێکی دیکەش پشتیوانی خۆمان بۆ خەباتی خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی سەرجەم مافە نەتەوایەتی و ئینسانیەکانیان دەردەبڕین و داوا کارین کە:

١- عامیلانی جەنایەتی قەتڵی فەریناز، بناسێندرێن و محاکەمە بکرێن و سزای شایستەی خۆیان وەربگرن.

٢- سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییەدا دەستبەسەر کراون، هەرچی خێراتر ئازاد بکرێن.

٣- حکومەتی نیزامی ڕانەگەندراو لە کوردستان هەڵبوەشێتەوە و کۆتایی بە حزوری بەرینی هێزەکانی ڕژیم، کە بە ئامانجی سەرکوتی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک لە شارەکاندا جێگیر کراون بهێندرێت.

**نێونورانی حیزبەکان:**

- **حیزبی دیموکڕاتی کوردستان**
- **پارتی دێموکڕاتی کوردستان**
- **.پارتی سەربەخۆیی کوردستان**
- **.پارتی کرێکارانی کوردستان. پ.ک.ک**
- **کۆمەڵە سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ( لقی ئۆرەبرو )**
- **یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان**
- **بزووتنەوەی گۆڕان**
- **کۆمەڵەی کوردی شاری ئۆرەبرو**

## بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# لە بارەی تێکهەڵچوونی گریلاکانی پێ. کا.کا لە گەڵ پێشمەرگەکانی حدکا

ماوەی چەند ڕۆژێک بووبە نیگەرانییەوە گوێبیستی گرژیی نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و گریلاکانی پێ.کا.کا لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان سیدەکان‌و ناوچەی شنۆ بووین. ئەمڕۆ بە داخەوە سەرچاوەکانی هەر دوو لایەنی ناوبراو، هەواڵی ڕوودانی تێکهەڵچوون لە نێوان هێزەکانیان، پشتڕاست کردەوە. بە پێی ئەو زانیارییانەی پێمان گەیشتوون تێکهەڵچوون‌و پەلاماری پێشمەرگەکانی حدکا لە لایەن هێزەکانی پێ.کا.کا وە درێژەی هەیە. ئەگەر چی زانیاریی ورد لە سەر زیانە گیانییەکان بڵاو نەبوونەوە یا بە تەواوی پشتڕاست نەکراونەوە، بەڵام وەک دەگوترێ ئەم تێکهەڵچوونە، بە داخەوە زیانی گیانیشی بە دواوە بووە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵوێستی خۆی لە بارەی ئەم تێکهەڵچوونانەوە بەم جۆرە بە نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە سەرانسەری جیهان، سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان‌و ناوچەو، بیروڕای گشتیی ڕادەگەیەنێ:

١- شەڕو تێکهەڵچوون لە نێوان هەر هێزو لایەنێکی کوردیی نێو بزووتنەوەی کورد بە زیانبار بۆ بزووتنەوەی کورد لە تەواوەتیی خۆی‌دا دەزانین. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، وێڕای بە داخبوونمان لە هێرشی گریلاکانی پێ کاکا بۆ سەر پێشمەرگەکانی حدکا و مەحکوومکردنی، داواکاری ڕاوەستانی دەستبەجێی ئەم تێکهەڵچوونەو چارەسەری گرژی‌و ناکۆکییەکان لە ڕێگای وتوویژو دانیشتنی هێمنانەوەین.

٢- پێ.کا.کا هێزێکی سیاسیی باکووری کوردستانەو، چالاکیی هێزەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە نیوخۆی ڕۆژهەڵات‌و بوونی هێزەکانیان لە سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵات، نە هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندی ڕەوای پێ.کا.کاو باکووری کوردستان، نە پێشگیری‌و دژایەتی لە گەڵ ئەم جۆرە چالاکی و تێکۆشانەش، دەچێتە خانەی ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی.

٣- لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان‌و هەموو هێزە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، داواو چاوەڕوانیمان ئەوەیە هەوڵ‌وهەنگاوی بە پەلە بنێن بۆئەوەی ئەم تێکهەڵچوونە، پتر تەشەنە نەستێنێ‌و هاندەر بن بۆ ئەوەی کێشەو گرژییەکان بە وتوویژو شێوەیەکی هێمنانە، چارەسەر بکرێن.

٤- سیاسەتی دەستوەردانی پێ.کا.کا لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان هەر لە کۆنەوە، سەرچاوەی گرژی‌و ناکۆکی لە گەڵ هێزەکوردییەکان بووە. لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌و سەرجەم هێزە سیاسییەکان دەخوازین بە ڕاشکاوی دژی ئەم دەستوەردانانەو پەنابردن بۆ چەک بۆ خۆسەپاندن بەسەر هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان‌دا، دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕن.

٥- لە هێزکۆکردنەوەو جموجۆڵی هاوکاتی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و پیلانگێڕییان لە دژی هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نیگەرانین.هەر بۆیە داوای وشیاری‌و لەسەر هەستبوون لە هەموو لایەنەکان بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی نیازو پیلانە شوومەکانی ئەو ڕێژیمە دەکەین.

ئێمە وێڕای دەربڕینی هاوخەمیمان لە گەڵ بنەماڵەو هاوسەنگەرانی قوربانییەکانی ئەم شەڕو تێکهەڵچوونە داخاوییەوە،هیوا دەخوازین بە هەوڵی هەموو لایەک هەر چی زووتر بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوەو بە لێک تێگەیشتن‌و هاوکاری، ڕێگاچارە بۆ گرفتەکانی لەمەودوا بدۆزرێتەوە. هیواداریین سەرکردایەتیی پێ. کا.کاش هاوکارو یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە دووپات نەبنەوەو بزووتنەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە سۆنگەی ئەم جۆرە ڕووداوانە زیانی زیاتر نەبینێ.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤**
**٢٤ی مای ٢٠١٥**

---

# یادێک لە ٥٩ شەهیدی مەهاباد



**عومەر باڵەکی**

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی کارەساتیکی تاڵ و دڵهەژێنە لەو ڕۆژەدا ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد لە زیندانی تەورێز بە حوکمی دادگای شەرع بە تاوانی هاوکاری کردن لە گەڵ دژی شۆڕش ئێعدام کران و هەواڵەکەی لە لایان فەرمانداری ئەو کاتی مهاباد «حمیدرضا جلالی‌پور» لە ڕاگەیاندراوێک دا کە لە ناو شاردا بڵاو کرایەوە، ڕاگەیاندرا.

هەر وەکی گوترا ئەو ٥٩ کەسە بە تاوانی هاوکاری کردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی نێوان دوو مانگی خاکەلێوە و بانەمەڕی ئەو ساڵەدا بە شێوەی ڕەش‌بگیر دەست بەسەر کرابوون.

ئێستا کە ٣٢ ساڵ بەسەر ئەو تاوانە قێزەونە دا تێپەڕ دەبێ، ڕوون نییە کە ئەو ٥٩ کەسە کە لە شاری مەهاباد گیرابوون بۆ پێکەوە ئێعدام کران و کێ و چ کەسانێک بڕیاری ئێعدامی ئەوانیان دا و هۆکاری چی بوو هەر ٥٩ کەس کە لە بواری تەمەن و تەنانەت کەسایەتیەوە پێکەوە جیاوازیان هەبوو چۆنە لە یەک دادگا دا دادگایی کران و حوکم دران ئەو حوکمەش کە ئێعدامە لەسەر هەموومان یەکجێ بەڕێوە چووە؟ دوای ئێعدام کردنیان بۆ جەنازەکانیان تەحویلی بنەماڵەکانیان نەدراوەتەوە یا لانی کەم شوێنی گڵکۆکەیان نیشانی بنەماڵەکانیان نەداوە؟.

کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٦٢ی هەتاوی بەو کردەوەی خۆی دەیهەویست چ پەیامێک بدا بە خەڵکی کوردستان؟ ئەگەر چاو لە وتە ونوسراوەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەو سەردەم دا بکەین باشتر دەتوانین وڵامی ئەو پرسیارە و هەموو پرسیارەکانی تر بدەینەوە و شێوەی تێڕوانینی ئەوان لە سەر خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزانین.

خەڵخالی لە ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ دا کە تەنیا چەند مانگێک بەسەر بە دەسەڵات گەیشتنیان تێپەر دەبێ لە ڕۆژنامەی «کیهان» دا سەبارەت بە کێشەی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکان بەو شێوەیە دەدوێ: «ڕێگا چارەی قەیرانەکانی وڵات ناردنی ئەرتەش بۆ سەر سنوورەکانە ......». یا خومەینی لە ٢١ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا هەر لە ڕۆژنامەیەی کەیهان دا هاتووە ئاوا دەڵێ «ئەوانە لە ئیسلام دەترسێن، ئەوانە لە قانوونەکانی ئیسلام دەترسێن، ئەوانە دەیانهەوی ئیسلام نەبێ، ئەوە هەرشتێک بێت پیلانگێڕییە. ئەگەر پیلانگێڕی رووبدا ئیدی ئێمە ناتوانین هەتاسەر دان بە خۆمان دا بگرین و پیلانگێریەکان قەبووڵ بکەین، مەسەلەی ئیسلامە، لە مەسەلەی بەرژەوەندی موسوڵمانان دا ئێمە ناتوانین چاوپۆشی بکەین.»

لە راستی دا هەم لێدوانی خەڵخاڵی و هەم قسەکانی خومەینی ڕوویان لە کوردستان و خەڵکی کوردستان بوو چونکە هەر چەند ڕۆژ دواتر خومەینی فتوای هێرشی بۆ سەر کوردستان لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ دەر کردوە دەستووری دا بە ئەرتەش و سپا بە هەر قیمەتێک بێ کوردستان داگیر بکەنەوە و لەو کاتەدا خومەینی تەنیا بە ناردنی ئەرتەش و سپا بۆ سەر کوردستان رازی نەبوو و بەڵکوو دۆست و هاوکاری کۆنی خۆی سادق خەڵخاڵی وەک حاکمی شەرع بە دەسەڵاتێکی رەها ناردە کوردستان بۆ زیاتر سەر کوتی خەڵک، کە هەموومان دەزانین لە ماوەیەکی کەم دا خەڵخاڵی بە جەلادی کوردستان ناوی دەرکرد.

بە پێی ڕاپۆرتی ریکخراوی لێبوردنی گشتی لە سەر کەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران هەتا ڕەشەمەی ساڵی ٥٨ ڕادەی ٤٣٨ کەس ئێعدام کراون و لەو کاتەوە هەتا ئێستا ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی ڕانەوەستاوە و قۆناغی ئێعدام کردنەکان بە پێی هەل و مەرجی سیاسی لە ناو خۆی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە هەڵکشان و داشکان دابووە بەڵام قەت ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی لە کار نەکەوتووە بۆ نموونە بە پێی ئامارێک لە نێوان ساڵەکانی ٦٠ هەتا ٦٧ی هەتاوی کە لوتکەی ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانیان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دابوو ڕادەی ١٠٧٠٠ کەس ئێعدام کراون یا نزیکترین ساڵ لە سەر دەمی ئێستا دا دەتوانین ساڵی ٩٣ی هەتاوی بە نمونە بێنینەوە کە بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ ڕادەی ٨٥٢ کەس سزای ئێعدامیان لەسەر جێبەجێ کراوە.

لەسەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی دەزگای دادوەری بە ناوی حاکمی شەرع هەر کەسی دەگرت و ئێعدامی دەکرد لە ژێرناوی «سەر بەرژیمی پێشوو» و یابە تاوانی « دژی شوڕش» حوکمی ئێعدامیان بە سەر دا دەسپاند. بەڵام بەرەبەرەکە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ڕەحمەتی شەری ئێران - عێراق توکمەتر بوو و زیاتر خۆی سەپاند، دەستەواژەکان بۆپاساوی ئێعدامەکان گۆڕان و بوون بە«مفسدفی الارض و «محاربە باخدا» بەو شێوەیە دەسەلاتداران ویستیان لە بیر و ڕای گشتی خەڵکی ئێراندا شەرعییەت بدەن بە ماشێنی ئێعدامەکانیان.

کاتێک ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد کە دوو مانگ لە گیرانیان تیپەڕ نەدەبوو بە بڕیارێک ڕادەگۆزرێن بۆ شاری تەورێز ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی شەرقی و لەوێ هەر ٥٩ کەسەکە لە یەک ڕۆژ و لە یەک کات دا ئێعدام دەکرێن دەبێ گەلی کورد چۆن بروانیەتە سیستمی دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی.

ئەو ٥٩ کەسە لە تەمەنی جۆراوجۆردا بوون، لاوی تەمەن ١٦- ١٧ ساڵیان تێدا بووە هەتا پیاوی کامڵ تەمەن ٤٠ بۆ ٥٠ ساڵ‌و لە هەمان حاڵدا لە چین‌و توێژی جۆراوجۆری شاربوون لە قوتابی‌و خوێنداکار هەتا دوکانداری‌و بازاڕیان تێ‌دا بووە. هەربویە چ لە بواری تەمەنەوە چ لە بواری تێ‌روانین بۆ ڕووداوەکان ئەو ٥٩ کەسە ناتوانن وەک یەک بن، بەڵام دادگای شەرعی تەورێز بێ گوێدان بە هیچ بنەمایەکی قانوونی‌و ئەخلاقی وەک ئەوە کە دەبێ زیندانی «تفهیم اتهام» بکرێ‌و مافی ئەوەی هەبێ کە پارێزەر بۆخۆی دیاری بکاو لە دادگایەکی عادڵ‌و دادپەروەر دادگایی بکرێ‌و دوای دەرچونی حوکمی دادگا مافی ئەوەی هەبێ تانە لە حوکمی دادگا بدا بۆ ئەوەی لە دادگای تێهەڵچوون‌و پێداچوونەوەدا داوای پێداچونەوە بۆ حوکمی دادگا بکرێ‌و لە هەمان حاڵدا مافی ئەوەی هەبێ چاوی بە کەس‌و کارو بنەماڵەی خۆی بکەوێ. بەڵام دەبینین ماوەی زیندانی کردن‌و بەڕێوە چوونی حوکمی ئێعدام ئەوەندە کەمە کە مەجالی هیچکام لەوانەی سەرەوە کە باسمان کرد بەو ٥٩ کەسە نەدراوە هەروەکی ئەوە وابێ ئەو ٥٩ کەسە لە مەیدانی شەڕدا گیرابن‌و دادگای نیزامیان بۆ تەرتیب دەرابێ. پرسیار ئەوەی بەڕاستی بۆ وا بە پەلە ئەو ٥٩ کەسە ئێعدام کران؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە بزانین هەل‌و مەرجی ئەوکات ناوچەکە چوون بووە. کاتێک ئەو ٥٩ کەسە لە خەڵکی مەهاباد ئێعدام کران، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی توانای بەربەرەکانیان لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان‌دا نەبوو بۆیە باشترین ڕێگا بۆ بردنهسەری ڕۆحیەی هێزەکانیان‌و چاوترساندنی خەڵک کە هاوکاری پێشمەرگە نەکەن، گرتن‌و ئەزیەت‌و ئازارو ئێعدام کردنی خەڵکی شارو گوندی کوردستانیان وەک ستراتیژیەکی نیزامی بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان دیاری کردبوو و لەو سەردەم‌داچڵەپۆپەی ئەو ستراتیژییە ئێعدام کردنی ئەو ٥٩ کەسە لە خەڵکی مەهاباد بوو.

لە کۆتایەکانی مانگی بانەمەڕو سەرەتای جۆزەردان ساڵی ٦٢ پێش ئەوەی ئەو ٥٩ کەسە ڕابگوێزرێن بۆ زیندانی تەورێزو لەوێ ئێعدام بکرێن لەیەکێک لە چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە قائیم‌مقامی قەرارگای هەمزە بە ناوی «بروجردی» دەکوژرێ، ناوبراو کە لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان‌و دروست‌بوونی جاش ڕۆڵی سەرەکی هەبوو کوژران‌و لە دەستدانی بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی برینێکی بەژان بوو هەربۆیە کوژرانی « بروجردی» دژکردنەوەی بەرپرسانی حکوومەتی تارانی لێ کەوتەوە. مێرحوسێن مووسەوی کە ئەوکات سەرۆک وەزیران بوو بە توندی هێرش دەکاتە سەر حیزبەکانی کوردستان‌و داوادەکا هێزە نیزامیەکان بە توندترین شێوە تۆڵەی بروجردی بکەنەوە. «هاشمی رفسنجانی‌و محسن رفیق‌دوست» هەڵوێستی توند دەگرن‌و هێرش دەکەنە سەر خەڵکی کوردستان‌و حیزبەکانی کوردستان.

دوای دەرکەوتنی ئەو دژکردەوانە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ چەند کۆبوونەوەیەک لە شۆرای ئەمنیەتی مەهاباد پێک دێ‌و بە هاوکاری قەرارگای هەمزە بڕیاردەدەن دژکردەیەوەیەکی توند نیشانی خەڵک‌و حیزبەکانی کوردستان بدەن. هەربۆیە ئەو ٥٩ کەسە کە لە ماوەی مانگەکانی خاکەلێوەو بانەمەڕدا دەست بە سەر کرا بوون ڕاپێچی زیندانی تەورێزیان دەکەن‌و لەوێش لە دادگایەکی چەند دەقیقەیی‌دا هەر ٥٩ کەسەکە مەحکووم بە ئێعدام دەکەن‌و هەر لەوێش حوکمی ئێعدامیان لە سەر جێ بە جێ دەکەن‌و بە پیلانێکی لە پیش‌دا دارێژراو بە مەبەستی ترساندنی خەڵکی مەهاباد هەواڵەکە بە شێوەی ڕاگەیەندراوێکی فەرمانداری مەهاباد بڵاو دەکەنەوە.

ئەوەی جێگای سرنج‌و لێ‌وردبوونەوەیە ئەوەیە کە هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسەی خەڵکی مەهاباد بێجگە لە ڕاگەیندراوی فەرمانداری لە هیچ ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی وڵات‌دا بڵاو نەکراوەتەوە تەنانەت ڕۆژنامەکانی «اطلاعات‌و کیهان» کە ڕوماڵی ڕووداوەکانی کوردستانیان کردووە خۆیان لە باسی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە بواردووە. دەبێ حیکمەت چ بێت کە ئێعدامی ٥٩ کەس بێ تاوانی مەهاباد ئاوا پەردەپۆش کراوە؟



فرۆکەخانەی سنە / ٥ی خەرمانانی ١٣٥٨

# بزووتنەوەیەکی تینووی هاوکاریی و یەکیەتی



**ئارەش لۆڕستانی**
**وەرگێڕان: ئاڵەشین**

کاتێک هاووڵاتییەکی کورد بیر لە کێشەی نێوان ئەو پارت و لایەنە کوردستانییانە دەکاتەوە کە ئێستا لە چیاکانی قەندیلن، چ وێنایەکی لا ساز دەبێ؟ ئەرێ قەندیل دوائامانجی چالاکی و خەباتی حیزبی دیموکرات و پێکاکایە، کە دەبێ دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە بن؟ یان ئەوەی کە کوێستانەکانی کوردستان، بەتایبەتیش قەندیل دەبێ تەنیا وەک ئامرازێک بۆ بەرەو پێشبردنی خەباتی نەتەوەیی کورد بەکار بهێنرێ؟ کەواتە ئەگەر مانەوە لە قەندیل ئامرازە نەک ئامانج، ئەدی هێنانە بەرباسی ئەو بابەتەی کە دەبێ ئەو چیایانە تەنیا لە لایەن هێزێکەوە پاوان بکرێ، سڵامەتی بزووتنەوە و خەبات خەوشدار ناکا؟ ئایا کاتێک جگە لە کۆماری کوردستان کە ئەویش تەمەنی کورتخایەن بوو، خەباتگێڕانی کورد تا ئەمڕۆکەش نەیانتوانیوە وڵاتێکی سەربەخۆ دامەزرێنن و بەردەوام دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی گەلی کورد لە زۆری لایەنی جۆراوجۆرەوە مەترسییان لەسەرە، ئەم چەشنە حیزبچێتییە داخراوە نابێتە هۆی قوربانی بوونی «شوناس و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد» لە هەموو ئاستەکاندا؟ کەواتە ڕێگەچارە چییە و، چۆن دەکرێ هاوکات «شوناس و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد» لە هەر چوار پارچە و هەروەها بەرژەوەندی و پۆزیشنی پارتە کوردستانییەکان وێکڕا ڕێکخرێن؟ چۆن دەکرێ لە سەر ئاستە جیاوازەکان، یەکیەتی و متمانەی کوردستانی و حیزبی پێکبێنین؟

باشترین وڵام بۆ ئەو پرسیارانە پێکهێنانی «هاوسەنگی ئەرێنیی»ە. «هاوسەنگی ئەرێنی» حاڵەت و هەلومەرجێکە کە پارتەکانی هەر بەشێک لە کوردستان، بەتەرخانکراوی بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی خۆیان خەبات دەکەن و پارت و لایەنەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە گوێرەی توانا و وزەی خۆیان یارمەتیدەریان بن. لەم حاڵەتەدا سەربەخۆیی بڕیاری هەر پارتێک لە سنووری چالاکی خۆیدا دەکەوێتە سەری وپارتە و لایەنەکانی دیکەش بە گوێرەی ویست و داخوازییەکان یارمەتی ئەو پارتە دەکەن. بەمجۆرە حیزبی هەر پارچەیەک، پێوەندیی بەکارهێنانی یارمەتییەکانی پارتەکانی دیکەی پارچەکەی خۆیەتی و پارتەکانی بەشەکانی دیکە ناتوانن و نابێ ڕاستەوخۆ دەسوەردان لە کاروباری پارچەکەی دیکەدا بکەن. بەمجۆرە حەشیمەتی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەسی کوردستان دەبێتە وزە و پوتانسیەلی سەرەکی خەباتی میللی کورد، هەروەها پێوەندییەکی دوولایەنەی ئەرێنی لە نێوان پارتە کوردستانییەکانی چێ دەبێ و دواجار گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان قازانج لەو پرۆسە دەبینێ.

کۆماری کوردستان و کارکردی پێشەوا قازی محەمەد یەکێک لە باشترینی ئەو نموونەی «هاوسەنگی ئەرێنیی»ەیە کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین. هەڵسوکەوتی قازی محەمەد دەگەڵ کوردەکانی باشوور و بەکارهێنانی تواناییەکانیان لە کۆماری کوردستاندا لە لایەک و، فیداکاری و پێڕەوی مەلا مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی لە قانوونی سیستمی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە لایەکی دیکە، نموونەیەکی بەرز و سەرکوتوویە کە دەتوانێ ببێ بە سەرچەشن و ئولگوی ئەمڕۆ بۆ پێشخستنی خەباتی میللی کورد نەک هەر لە کوێستانەکانی قەندیل، بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕەچاو بکرێ.

وێنەیەکی دیکە لە سەر پێویستی پێکهێنانی «هاوسەنگی ئەرێنی» ئەزموونی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە، کە ئێستاشی دەگەڵ دابێ سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی پارت و لایەنە کوردستانییەکان نەگیراوە. کێشە و ناهاوئاهەنگی، تاکڕەوی و زێدەخوازی هەندێک لایەنی سیاسی بەڕوونی نیشانی دا؛ یەکێک لە جیدیترین و سەرەکیترین کێشە و ئاریشەکانی پارتە کوردستانییەکان نەبوونی هاوسەنگی بنیاتنەر و ئەرێنییە کە دەبێ ببێ بە سەرەتای چالاکی، بەشداری و هاوکاری سیاسییەوە، چونکە نەبوونی ئەو فاکتۆرە ورد و هەستیارە هەروا هۆکاری لێکدووربوونەوە و تەنانەت بەربەستی بەر بەستێنسازی بۆ پێشخستنی خەباتی میللی کوردە لە کوردستان و هەموو پارچەکانی.

ئێران، تورکیە، عێراق، سووریە لە سەرووی گرنگترینی ئەو وڵاتانەن کە کاریگەرییان لە سەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و نێوەندەکانی مافی مرۆڤی جیهاندا هەمیشە لەبەر چاو بووە؛ بە چەشنێک بچووکترین قەیران و بارگرژی لەو ناوچەیە، بەتایبەت ئەو وڵاتانە، سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بەتایبەتی زلهێزەکانی دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و شایەتی دژکردەوەیان بووین و هەمیشەش دەبین. کەواتە کاتێک کوردستان بەسەر ئەو چوار وڵاتەدا دابەش بووە و خەباتی پارتە کوردستانییەکان لەو وڵاتانە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و دژوارییە، نەبوونی «هاوسەنگی ئەرێنی» و یەکیەتی و متمانە بۆ بەرگری لە «شوناس و بەرژەوەندی نەتەوەیی» لە ئاستی «کلان» و هەروەها خەوشدار کردنی سەربەخۆیی و سنووری چالاکی پارتەکانی هەر پارچەیەک لە لایەن پارتەکانی پارچەکانی دیکە تەنیا دەبێتە هۆی ئاڵۆزتربوونی هەڵومەرج و نیگەرانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. پێکهێنانی «هاوسەنگی ئەرێنی» و ڕوونترکردنەوەی ئەرکەکانی هەر پارتێکی سیاسی دەتوانێ ببێتە هۆی بە ئاکام گەیشتن و تاووتوێی وردی کارکردی پارتە کوردییەکان، کە لەو حاڵەتەدا وەڵامدەربوونی پارتە سیاسییە کوردستانییەکان بە گەلی کورد بە شێوەیەکی کوللی و هەروەها ئەو پارچانەی خەباتی بۆ دەکەن زۆر ئاسانتر دەبێ.

لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین، ئەگەر «هاوسەنگی ئەرێنی» لە پێوەندیی سیاسی پارتە کوردستانییەکاندا ببێ بە پێوەر، قەندیل نەک ئامانج نییە؛ بەڵکو وەک ئامرازێکی بەهێز دەبێ بە کارتێکی گوشار بۆ بەرژەوەندی پارتەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان. کەمبوونی تێچووەکانی بزووتنەوە یەکێکی دیکەیە لەو ئاکامە زێدە بە بایەخانەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەرکەوتەی «هاوسەنگی ئەرێنیی»ە. بەڵام بۆ پێکهێنانی «هاوسەنگی ئەرێنی»ش پرسیارگەلێکی گرنگی زۆر دەورووژێن کە دەبێ پارتە کوردستانییەکان وڵامیان بدەنەوە. ئەرێ هاندەر و پوتانسییەلی پێکهێنانی «هاوسەنگی ئەرێنی» بە مەبەستی بەرگری لە «شوناس و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد» لە لایەن پارتە کوردستانییەکانەوە بوونی هەیە؟ بۆچی حکوومەتەکانی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە هەوڵیان داوە و تاڕادەیەکیش توانیویانە دەگەڵ کوردەکانی وڵاتی خۆیان یان کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەو هاوسەنگییە ئەرێنییە پێکبێنن و یان ئەو هاوسەنگییانەی لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتەکانیاندا نییە تێکبدەن و یان هەر چۆنێک هاوسەنگییەکی نەرێنی لێ دەرچێنن، بەڵام پارتە کوردستانییەکان نەیانتوانیوە ئەو چەشنە میتۆد و هاوسەنگییانە لە بەرژەوەندی خۆیان و لە نێوان پارت و لایەنە سیاسییە کوردییەکاندا ڕێکبخەن؟ پارتە سیاسی، ڕووناکبیران و کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی دەتوانن چ ڕۆڵێک لە پێکهێنانی ئەو هاوسەنگییە ئەرێنی و یەکیەتی و متمانە گشتگیرەدا بگێڕن؟ و ....

ڕەوشی هەنووکەیی کوێستانی قەندیل و کێشەی پارتەکان؛ کە بووەتە باسی گەرموگوڕی زۆربەی میدیا و چالاکانی سیاسی و خەڵکی کوردستان بە هەموو پارچەکانییەوە، سەرەڕای ئەو نیگەرانییەی لێی کەوتۆتەوە، ڕەنگە بتوانێ بواری بەرزکردنەوەی خەباتی میللی گەلی کورد بۆ ئاستێکی باڵاتر و تۆکمەتر خۆش بکا و، لە لایەکی دیکەشەوە لەوانەیە ئەو هەڵومەرجە ببێتە هۆی لە کیسدانی دەرفەتەکان و بە فیڕۆدانی هێزی مرۆیی و، زەمان و چوارچێوەیەکی پراکتیکی بێ کە بۆ پارتە کوردستانییەکان زۆر گرنگە، کە ڕەنگە خەسار و دەرکەوتە نەرێنییەکانی سەرچاوەگرتوو لەو پشتگوێ خستنە قەرەبووکردنەوەی هەر وا ئاسان نەبێ.



---

# داوای پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە هیزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن کەسایەتییە کوردەکانی دەرەوەی وڵات

**کەسایەتیو چالاکانی کورد لە دەرەوەی وڵات، داوای پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە هیزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەن.**

لە نامەیەکی سەرئاوەڵا دا، نزیکەی سەد کەسایەتی و چالاکیی بواری جۆراوجۆر کە هەر هەموویان هی ڕۆژهەڵاتی کوردستاننو لە دەرەوەی وڵات دەژین، داوای پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە هیزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن. لەو نامەیە دا هاتواە: «هەستیاریی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەمرۆ ئەرکێکی مێژوویی لە بەرامبەر تەواوی ڕێکخراوەو کەسایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە، ئەویش هەڵێنانی هەنگاوگەلی جیدی و پێویست بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە زۆربەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.»

دەقی تەواوی نامەکە و هەر وەها ناوی ئەوانەی نامەکەیان واژۆ کردوە بەم جۆرەیە:

نامەیەکی کراوە بۆ:
ڕێکخراوە سیاسی و ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەهاهەڵسوراوانی سەربەخۆی سیاسیی – مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەڕێزان،
ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتیی بە جیهانیبوونی کێشەی کورد لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئێرانیش بە پێی قووڵتربوونی هەرچی زۆرتری قەیرانی سیاسیی – کۆمەڵایەتیی و ئابوریی نێوخۆیی درەنگ یان زوو تووشی گۆڕانکاریی جیدی و چارەنووساز دەبێ. پێویستە هیزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان بۆ بەجێگەیاندنی ڕۆڵی مێژوویی لە تەیارکردنی بواری پێویست بۆ گەیشتن بە دیاریکردنی ماڧی چارەنووس و لە بەرامبەر هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی نەکاوی سیاسیی ئامادە بکەن، تا بتوانن لە ژیانی سیاسیی داهاتووی کوردستان و ئێران بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی مێژینەی گەلی کورد ئەرکی خۆیان بەجێبێنن.

هەموو باش دەزانین کە سەرەڕای ئەم پێویستییە، ژیانی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگەی داسەپێندراوبەتایبەتیی لە دوو دەیەی ڕابردوودا پڕ لە قەیرانی سیاسیی و ڕێکخراوەیی بووە. دابڕانو لەیەکدووربوونەوەی هیزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حیزب وکەسایەتییەکانییەوەزیانی ناخوازراوی لە بزاڤی کورد و هەستی نەتەوەیی کورد داوە. هەرچەند، جاروبار لە ئاستی دوو یان چەند ڕێکخراوەیەکی کوردستانیدا شاهیدی دانیشتن و تەنانەت دانوستان بووین، بەڵام بە هۆی بەرفەراواننەبوونیان، ئەم چەشنە ڕێکەوتنانە ئاکامێکی دڵخوازیان بە شوێنەوە نەبووە.

هەستیاریی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەمرۆ ئەرکێکی مێژوویی لە بەرامبەر تەواوی ڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە، ئەویش هەڵێنانی هەنگاوگەلی جیدی و پێویست بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە زۆربەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەم بەرەیە پێویستە تەواوی هێزەکانی ڕاستەقینەی گەلی کورد کە بۆ ئازادیی و ماڧی چارەی خۆنووسینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدەکۆشن لەخۆ بگرێ تا بواری پێویست بۆ پتەوترکردنی پێوەندیی ئەم هێزانە و بەرزکردنەوەی ئاستیچالاکیی ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوور لە هەر چەشنە پاوانخوازیی و لە سەر بنەمای پلورالیسمی سیاسیی و دیموکراتیک پێک بهێنێ.

بەڕێزان،
بێگومان پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی هێزەکانی سیاسیی- کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر چەند خاڵی هاوبەش و یەک لەوان هاوئاهەنگکردنی چالاکیی سیاسیی و نیزامیی حیزبەکان، پێکهێنانی کومیتەی نوێنەرایەتیی ئەم بەرەیە لە کوردستان و دەرەوەی وڵات لە بەرژوەندی نەتەوەی کورددایە و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کورستان، ناساندنی خێرای بزاڤی کوردی ڕۆژهەڵات لە ئاستی جیهان، کۆکردنەوەی کۆدەنگیی و پشتیوانی بیرورای گشتیی جیهان و پارلمانی ئەورووپا و هتد...!

بەڕێزان،
پێکهێنانی بەرە یاخود هەر چەشنە ڕێکخراوە یاخود کومیتەیەکی هاوبەش لە هێزەکانی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵات پێداویستییەکی مێژووییە، کەمتەرخەمی لەبەرامبەر ئەم ویستەدا ئاکامی نەرێنیی لیدەکەوێتەوە، چ لە ئاستی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە ڕادەی ناوچەیی و جیهانیدا. ئەمە پێداویستیی ئەمرۆیە و بێ گوومان سپەینێ بۆ ئەم کارە دڕەنگ دەبێ!

بە ڕێز و حورمەتەوە

١. ئیرانپور،ناسر، نووسەر،وەرگێر، چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٢. ئەحمەدین،مستەفا،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٣. ئەحمەدی،سەدیق،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٤. د. ئەمینئاوە،کامران،نووسەر،وەرگێر،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٥. ئەمیننژاد،ناسر، نووسەر،وەرگێر،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٦. ئەنساری،بێهروز،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٧. باباخانی،نووسەروچالاکی سیاسی، تورکیە
٨. باڵەکی،ئاگری،چالاکی سیاسی، نۆروێژ
٩. بۆکانی،تاهیر،چالاکی سیاسی، سوید
١٠. بەخشی،حوسێن،نووسەر،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
١١. بەرهون،محەممەدتاهیر،نووسەر،وەرگێر،چالاکی سیاسی،ئ ئاڵمان
١٢. پورکەریم،جەمال،چالاکی سیاسی، فەرانسە
١٣. پیرۆتی،ئاسۆ،چالاکی سیاسی، سوید
١٤. توتئاغاجی،جینا،چالاکیبواریژنان، سوید
١٥. جهانگیری،برایم،نووسەروچالاکی سیاسی، کەنادا
١٦. جیهانمیهەن،فەرهاد، چالاکی سیاسی، سوید
١٧. حامدی،جەعفەر،چالاکی سیاسی، نۆروێژ
١٨. حوجەتالسادات،هادی،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
١٩. حوسێنپەناهی،سامانچالاکی سیاسی، سولێمانی
٢٠. حیسامی،سالار،ڕۆژنامەنوس،چالاکی سیاسی،باشوری کوردستان
٢١. د. حیکمەت،تاهیر،نووسەر،وەرگێر،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٢٢. حەواینەسەب،خەلیل،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٢٣. حەیدەری،جەواد،ڕۆژنامەنووس،باشوری کوردستان
٢٤. داراپور،ئاریز،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٢٥. دەباغی،شهلا،نووسەروچالاکی سیاسی، سوید
٢٦. ڕازی،جەلال،ئەندامی تیمی میلیفتباڵی ئێران، فینلاند
٢٧. ڕزایی،ماپەر،چالاکی سیاسی، ئالمان
٢٨. ڕەشیدی،ئەمین،چالاکی سیاسی، سوید
٢٩. زارەع،جەمال،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٣٠. زارەع،گوڵنار،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٣١. زارەعی،ئیسمایل،چالاکی سیاسی، نۆروێژ
٣٢. سدقی،پەری،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٣٣. سولتانی،ئەنوەر،نووسەر،وەرگێر،توێژەر،چالاکی سیاسی، بریتانیا
٣٤. سوڵتانپەنا،بەهرام،چالاکی سیاسی، سوید
٣٥. سەعیدی،حوسێن،نووسەروچالاکی سیاسی، سوید
٣٦. شاسواری،محەممەد،چالاکی سیاسی، سوید
٣٧. شعبانی،هومایوون،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٣٨. شێخئاغایی، سیامەند،نووسەروچالاکی سیاسی، سوید
٣٩. د. شەتەوی،حەسەن،نووسەر،تێکۆشەری دێرینی سیاسی، ئاڵمان
٤٠. عوسمانی،ئارام،شانۆکار، فەرەنسا
٤١. عەبدوللاهی،ئازاد،چالاکی سیاسی، دانمارک
٤٢، د. عەلیار،ئاوات،چالاکی سیاسی، ئەمریکا
٤٣. فەتاحی،مەهدی،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٤٤. فەتحی،نادر،نووسەر،وەرگێر،بەرپرسی سایتی ڕۆژهەڵات-بۆکان ئاڵمان
٤٥. فەرهاد،فاروق،چالاکی سیاسی، سوید
٤٦. قادری،هیدایەت،چالاکی سیاسی، سوید
٤٧. قازی،عومەر،تێکۆشەری دێرین،ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٤٨. قازی، کامران، چالاکی سیاسی، سوید
٤٩. قورێشی،خالید،چالاکی سیاسی، ڕووسیە
٥٠. قورێشی، خەبات، هونەرمەند ینیشتمانیی، نۆروێژ
٥١. کوردپوور،عەبدوللا،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٥٢. کوردستانی، کانی، چالاکی سیاسی، بریتانیا
٥٣. کوردستانی، ئاشتی، چالاکی سیاسی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٥٤. کەعبی،ڕەزا،چالاکی سیاسی، باشوری کوردستان
٥٥. کەمالی،سەلاح،چالاکی سیاسی، سوید
٥٦. گرامی،ئەفراسیاب،چالاکی سیاسی ـ نۆرویژ
٥٧. لاهووری،ئەمیر،چالاکی سیاسی، ئوستralia
٥٨. لەبادی، مینا، چالاکی بواریژنان، سوید
٥٩. لەبادی، ئەحمەد،چالاکی سیاسی، سوید
٦٠. ماملێ،وریا،چالاکی سیاسی، نۆروێژ
٦١. ماوەرانی،حەسەن،نووسەر،وەرگێر،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٦٢. محەمەدپوور،جەمال،چالاکی سیاسی، سوید
٦٣. د. مرادی،گلمراد،نووسەر،چالاکی سیاسیووتەبێژی ماڤیمرۆڤلەیو . ئەنژنو
٦٤. موکری، برایم، چالاکی سیاسی، ئوستralia
٦٥. موکری، ناهید، چالاکی بواری ژنان، سوید
٦٦. مۆلان، حەسەن،چالاکی سیاسی،ئوستralia
٦٧. مێعمارزادە،فاروق،چالاکی سیاسی،سوید
٦٨. مێعماری،ئەسمەر،چالاکیبواریژنان،سوید
٦٩. میتران،فرێدوون،چالاکی سیاسی،ئاڵمان
٧٠. د. مەردوخ،عەبدوللا،چالاکی سیاسی،فەرەنسە
٧١. مەسعودی، مریم،چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٧٢. مەولوودی،هێرۆ،ڕۆژنامەنووس،باشوریکوردستان
٧٣. ناسری،باباشێخ،چالاکی سیاسی،ئاڵمان
٧٤. ناسری،شۆڕش،چالاکی سیاسی،ئاڵمان
٧٥. نەجاری،جەمال،ڕۆژنامەنووس،فەرەنسە
٧٦. نەقشبەندی،ڕشاد،چالاکی سیاسی،بریتانیا
٧٧. هەورامی،کەمال،چالاکی سیاسی،ئوستralia
٧٨. وریانی، جهانگیر، چالاکی سیاسی،ئاڵمان
٧٩. وریانی، سوهێلا، چالاکی سیاسی، ئاڵمان
٨٠. یاحەقی،ئالاین،چالاکی سیاسی،فەرانسە



# کورد، لە گێژاوی هەڵبژاردنەکانی تورکیە دا

عەزیز مەعرووفی

حەوتووی داهاتوو، ٧ی ژووئەن، هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز لە تورکیە و باکووری کوردستان بەڕێوە دەچێ. لەو هەڵبژاردنەدا، نیزیکەی ٥٤ میلیۆنی نێوخۆ و نیزیکەی ٣میلیۆنی دەرەوە – سەرجەم ٥٦میلیون و ٧٥٢هەزار و ٨٨٩ دەنگ دەر–مافی دەنگ دانیان هەیە و ٥٥٠ نوێنەر لە نێو ٢٠ پارتی بەشدار دا هەڵدەبژێرن. پارتی عەداڵەت و گەشە پێدان (ئاکەپە)، پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، پارتی نەژادپەرەست (مەهەپە) و پارتی دێموکراتیکی گەلان (هەدەپە) چوار پارتی سەرەکیی هەڵبژاردنن.

خولی ئەمجارەی هەڵبژاردنی پارلمانیی تورکیە لە ئان و ساتێکی ئاستەم و گرینگی نێوخۆیی تورکیە و ناوچەیی دا، بەڕێوە دەچێ. هەڵبژاردنێک ئەگەر لە گرینگترین هەڵبژاردنە مێژووییەکانی ئەو وڵاتە نەبێ، بێگومان یەکێک لە هەرە گرینگەکانێتی. بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی ناوچەیی، پاشان بە هۆی نێوخۆیی یەکێک لە گرینگترین هەڵبژاردنەکانە. دۆخی ناسەقامگیری ناوچە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دۆخی شڵەژاوی وڵاتانی عەرەبی لیبی، یەمەن، میسر، تونس، سووریە و عێراق، وڵاتانی دروسێی تورکیە و هەروەها ئەو هەڕەشانەی ڕێکخراوی ترۆریستی داعش لە تەناهی و سەقامگیری ناوچە بە گشتی دەیکات، هەروەها، خۆپێشاندانەکانی پارکی گەزی و ئاڵۆزییەکانی تایبەت بەوی، لە قاودانی گەندەڵی و بەرتیلییەکانی دەوڵەتی ئەردۆغان لە لایەن بەرەی فەتحوڵڵا گوولەن، پرۆسەی نە شەڕی نە ئاشتی کورد و دەوڵەتی تورکیە، وایکردوە ئەو هەڵبژاردنە لە ڕادەی خۆی زیاتر گرینگ بێ. لەوانەش بەرچاوتر، هەوڵ و تێکۆشانی سەرۆککۆمار، ئەردۆغانە، کە تێدەکۆشێ سیستمی سەرۆکایەتی لە وڵات جێگیر و بە هۆیەوە دەسەڵات و قورسایی خۆی بەرین و قووڵتر بکات.

ئەگەر پارتی ماف و ئازادییەکان (هاک – پار)ی لێ دەرهاوێین دەتوانین بڵێین، کوردەکان، بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی ١٢ی ژووئەنی ٢٠١١ لەو خولەدا لە ژێر چەتری پارتێکی سەراسەری بەشداری هەڵبژاردنەکانن. هاک–پار، پارتیکی بچووکی کورد لە سەر ڕێبازی نەتەوەییە و لە ٢٠٠٢ەوە دامەزراوە. کورد، ئەم جار لە ژێر چەتری پارتی دێموکراتی گەلان (هەدەپە) چۆتە نێو هەڵبژاردنەکان. لە پێشدا بزانین هەدەپە چ پارتێکەو و ئامانجەکانی چن. هەر لە جێدا بزانین هەدەپە دەتوانێ بەربەستی ١٠٪ بشکێنێ؟

هەدەپە، لە سەر بناغەی کۆنگرەی دێموکراتیکی گەلان (هەدەکە) لە ئۆکتۆبری ٢٠١٣ دامەزرا. هەدەپە، پارتێکی مەیلەو چەپە، نەخشی پارتێکی سەراسەری و ڕۆڵی بە تورکیە بوونی کوردەکان دەگێڕێ، بۆ ئازادی، عەداڵەت و دێموکراسی تێدەکۆشێ. ئەو پارتە لە بەرنامە و پرۆگرامی دا سووکە ئاوڕێکیشی! لە مافەکانی کورد داوەتەوە. ڕەوتی نەتەوەیی وەک بەڕێزان لەیلا زانا، عوسمان بایدەمیر و ئەحمەد تورک، ڕەوتی چەپی خۆماڵی وەک سەلاحەدین دەمیرتاش و گوڵتەن کیشاناک، ڕەوتی ئیسلامی پێشکەوتوو وەک بەڕێز ئاڵتان تان و ڕەوتی چەپی تورک وەک سرری سورەیا ئۆندەر، فیگەن یوکسەک داغ و چەپی کۆنە کار ئەرتۆغرۆڵ کورکچوو لە ڕەوەتەکانی پێکهێنەری ئەو پارتەن. ئەو پارتە، لە ژێر دۆخی پرۆسەی چارەسەری و بە ڕێنوێنی بەڕێز عەبدووڵڵا ئۆجەلان پاش مشت و مڕێکی زۆر ساغ کرایەوە. لە کۆنگرەی دامەزرانیدا، ڕەجەب تەیپ ئەردۆغان، پەیامی پیرۆزبایی بۆ نارد، مەرجی بۆ ئەمەش ئەوە بوو کە لە ڕاگەیاندنەکان دا بڵاو نەکرێتەوە، بڵاویش نەکرایەوە. هەدەپە، جێگای پارتی ئاشتی و دێموکراسی (بەدەپە)ی پێشووی گرتۆتەوە بەڵام لە جێی بەدەپە، پێکهاتەی پارتی دیموکراتیکی هەرێمییەکان (دەبەپە) کار و چالاکی هەیە بەڵام بەشداری هەڵبژاردنەکان نییە.

کوردەکان و لە سەرووی هەموویان بەڕێز عەبدووڵڵا ئۆجەلان بە هۆی هەلومەرجی ناوچەیی، بە هۆی ناسران و خەباتی ڕوو لە گەشەی کورد، بە تایبەت لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان و، بە هۆی دۆخی شڵەژاوی نێوخۆیی تورکیە، بە هیچ لەونێک نەدەبوو خۆ لە قەرەی دیزەبەدەرخۆ کردنی بەدەپە و پاشان گێڕانی نەخشی پارتی سەراسەری تورکیە لە ژێر بەیداغی هەدەپە دا بدەن. ئەگەرچی، ئەو پارتە، بایەخ و نۆرمی پێشکەوتووانەی بردوونەتە نێو گۆڕەپانی سیاسی تورکیە و هەڵبژاردنەکان، بەڵام تێکۆشان بە نێوی بەدەپە زۆر لەوە باشتر بوو چاو لە دەنگی چەپی سەراسەری و جەماعەتی گولەن بی کە تێیاندا دەگمەنن باوەڕیان بە کیشەی نەتەوایەتی کورد هەبێ، ٨ی حوزەیران خێر و شەڕی ئاراستەی ئەو سیاسەتەمان بۆ دەردەکەوێ.

بە چاو خشاندنێکی کورت بە دۆخی گشتی تورکیە و ناوچە و خەونەکانی ئەردۆغان، وێ دەچێ دوو پارتی جەپەهە و مەهەپە کە ئۆپۆزسیۆنی یەکەم و دووهەمی حکوومەتی ئاکەپەن، ڕێژەی دەنگەکانیان هەڵکشێ و لە بەرامبەردا دەنگی ئەو پارتە داکشانێکی بەرچاو بەخۆوە ببینێ. جیا لەوە، ڕێژەی دەنگەکانی ئاکەپە زۆرتر بە ڕێژەی دەنگەکانی هەدەپە بەستراوەتەوە، واتە بەوە بەستراوەتەوە کە داخوا هەدەپە دەتوانێ ڕێژەی ١٠٪ بشکێنێ یان نا؟ لەو هەڵبژاردنەدا، ڕێژەی دەنگەکانی ئاکەپە، هەروەها بەزاندن و نەبەزاندنی ڕێژەی ١٠٪ هەدەپە، زۆرترین لێکدانەوە و شرۆڤەیان لە سەر دەکرێ. سناریۆ و ئەگەرەکان بۆ ئەمە زۆرن. ئەگەرەکانی هەڵکشانی ڕێژەی دەنگەکانی جەهەپە و مەهەپە وەڕاست گەڕێ ، هەروەها هەدەپە ڕێژەی ١٠٪ تێپەڕێنێ، ئاکەپە کەمتر لە ٤٣٪ دەنگەکان دەهێنێتەوە. ئەگەر هەدەپە لەو ڕێژە کەمتر و تەنانەت ٩.٩٪ دەنگەکانیش بهێنێ نیزیک بە تەواوی دەنگەکانی بۆ ئاکەپە دەچن، بەم جۆرە، ئاپەکە، کەم بوونەوەی دەنگەکانی بە دۆڕانی هەدەپە بەرامبەر بە دوو پارتەکەی دیکە تێ هەڵدێنێتەوە.



ئەگەرچی بێ دەنگی چەکەکانی پەکەکە، پارتی دەسەڵاتداری تورکیە لە ئاستی گشتی دا کەڵکی باشی لێ وەرگرتووە، بەڵام سیاسەتی بەرامبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان وخۆ دزینەوەی لە کرۆک و ڕاستەقینە بوونی کێشەی کورد، وایکردووە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زۆرتر ڕوو لە هەدەپە بکەن، چوونی چەندین عەشیرەتی قورس و ناسراوی کوردستان بۆ ڕیزەکانی ئەو پارتە، نیشانەیەک لەو ڕاستییە. ڕاستییەک بێ ئەوەی بۆ چەپ بوونی ئەو پارتە بگەڕیتەوە، بۆ گەشە کردنی شۆڕشی کوردستان و خەباتە ڕەواکەی دەگەڕێتەوە.

هەدەپە بە ٢٦٨ پاڵێوراوی ژن سەرجەم بە ٥٥٠ پاڵێوراو دابەزیوە وا تە ٤٨٪ لیستەکە ژن پێکی دەهێنێ، لە کاتێکدا ڕێژەی پاڵێوراوی ژن بە هەر سێک پارتی ئاکەپە، جەهەپە و مەهەپە ٤٥٪ ە.

تەیپ ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیە، لە متینگەکان دا – سەرۆککۆمار مافی خۆ تێهەڵقورتاندن لە کایەی سیاسی نێوان پارتەکان دا نییە- بانگەواز دەکات و تێدەکۆشێ پارتەکەی ٤٠٠ نوینەر لە هەڵبژاردنەکان بباتەو، بە قسەی خۆی ٤٠٠ نوێنەری پێویستە تاکوو سیستمی سەرۆکایەتی جێگر بکات، تورکیەی نوێ دابمەزرێنێ و یاسای بنەڕەتی بە مەیلی خۆی بگۆڕێ. ئەگەر ئەو ئاواتەی وەدی بێ – کە وەدی نایە- ئەو کاتە پێویستی بەوە نابێ بۆ گۆڕینی دەستوور لە ڕێی ڕیفراندۆمەوە پەنا بۆ پارڵمان ببات ، دیارە بە ٣٦٧ نوێنەر لە ڕیگەی پاڕلمانەوە دەتوانێ پارتەکەی بە تەنیا بڕیار لە ڕیفراندۆم بدات، بەڵام لەو ڕێژە کەمتر بهێنێ –کە کەمتریش دەهێنێ– زۆر چەتوونە بە ئامانجەکانی بگات و هەروەها ئامانجی ناوبراو بۆ تورکیەی ٢٠٢٣ تووشی بەرست و تێکشکانی گەورە دێت. ئەو سێ پارتە بەهەڵستکارە، تێدەکۆشن ڕێ لە وەدیهاتنی خەون و دیکتاتۆڕی ئەردۆغان بگرن و نەهێڵن سیستمی ئەردۆغان - داودئۆغڵوو لە چەشنی «سیستمی پوتین، مەدەدۆڤ» بەرۆک بە تورکیە بگرێ. ئەگەرچی خوێندنەوەی وردی ڕوانگەی خەڵکی وڵاتێک بەرامبەر بە پرسی وڵاتەکەیان، وریایی و شیتەڵی وردبینی گەرەکە، بەڵام ئەوەندەی ڕوونە، زۆربەی خەڵکی تورکیە لە هەڵپە هەڵپی تەیپ ئەردۆغان جاڕز بوونە.

ئەردۆغان، داودئۆغڵوو و پارتەکەی، بە شێوەیەکی کەم وێنە لە هەوڵی تێکشاندنی هەدەپە دان. سەیر ئەوەیە ئەوەندەی لە کوردستان پڕۆپاگەندەی چەپ بوون دژ بە هەدەپە دەکەن، لە شارە گەورەکانی تورک نشین دا، کەمتر دەدیترێ. ئەردۆغان کتێبی کوردیی قورئانی پیرۆز لە متینگەکان دا دەگێڕێ و ڕێبەر و سیاسییەکانی هەدەپە بە ترۆریست، دژی دین، زەرتوشت و یەزدی لە قەڵەم دەدات. ئەردۆغان – داودئۆغڵوو بە بەرزکردنەوەی قورئانی پیرۆز کەڵکی زێدە خوازانە لە باوەڕی ئاینی کوردەکان وەردەگرن چونکە هەوڵ و تەقەلاکانیان لەو بارەوە پاش قسەکانی سەلاحەدین دەمیرتاش چر کردۆتەوە کە گوتبووی» مەیدانی تەقسیم قودسی ئێمەیە»و « دیانەت لادەبەین». ئەوەکە لە شارە گەورەکانی تورک نشین کە ئاوا بە چڕی پرۆپاگەندە بە دژی هەدەپە ناکەن، ئەوەیە کە دەنگی چەپەکانی لایەنگری جەهەپە زۆرتر بۆ ئەو پارتە بچن. دوو ڕاستیەکەی سەرەوە سەناریۆی دزێوی ڕاکێشانی کوردەکان بۆ بە تورکیە بوونە.

هەدەپە دوو ئەگەری لە پێشن. ئەگەرێکی قورس ئەوەیە ڕێژەی ١٠٪ بشکێنێ و ئەگەرێکی قورسیش ئەوەیە ئەو ڕێژە نەشکێنێ. چاوەڕان دەکرێ لە خوار ٩.٨٪ کەمتر نەهێنێتەوە و لە ١٠.٤٪ زیاتریش نەهێنێتەوە. ئەگەر تێپەڕێنن لە ٦٠ نوێنەر بەرەوو ژوور دەستەبەر دەکەن. ئەو دوو ئەگەرە سەناریۆی جۆراجۆری لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر سەرکەوێ ، هەنگاوەکانی دیموکراسی لە تورکیە باوخۆشتر دەبن و پێویستی خەباتی چەکداریی کورد لە کزی دەدات. هەدەپە، لە سەرکەوتنی دا، دەتوانێ زۆر لە هاوکێشەکان بگۆڕێ و دەستی ڕێبەرانی نێوخۆ ئەستوور و بەهێزتر بکات، ئەگەر سەرکەوتووش نەبێ، کورد تووشی هەڵخلیسکانێکی شووم دێ و هەموو لایەک خۆ لە بەرپرسیارێتی هەڵخلیسکانەکە دەدزنەوە. ڕێژەی ١٠.٤ ٪ بە نیزیکتر دەزانم، بەڵام ناشکرێ لە شۆڕش و خەباتی نەتەوەکەمان لە ژێر چەتری پارتێکی چەپی سەرتاسەری، ئەویش لە کاتێک دا کێشەی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی دا خاوەن پشتیوانی بەهێزە و هەروەها هەل و مەرجی ناوچەیی و دۆخی شڵەژاوی نێوخۆی تورکیەش بەستێنی گرینگی بۆ گەشەی خەباتی نەتەوایەتی لەو بەشەی کوردستان ڕەخساندوە، نیگەران نەبم.



# ڕۆژەڤی ئێران

## هاوسەنگیی ئاست نزم



حەسەن شێخانی

ئەم سەردێرە تا ڕادەیەک دەتوانێ دۆخی هەنووکەیی ئێران شی بکاتەوە. دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارەش بێ کە بۆچی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا توانیویەتی دەوام بێنێ.

دەتوانرێ ئێران بە وڵاتی قەیرانەکان ناوزەد بکەین. کۆمەڵێک قەیرانی گەورە لە سەریەک کەڵەکە بوون کە بەرپرسیاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دروستبوونی ئەو قەیرانانە، کۆماری ئیسلامییە. خەڵکی ئێران لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفت بەرەوڕوون و لەو دۆخەی تێیدان ناڕازین، بەڵام ریسکی گۆڕینی هەلومەرجەکەیان نەکردووە. هەر ئەمەش وایکردووە کە لەگەڵ پرسێک بە ناوی «هاوسەنگیی ئاست نزم» بەرەوڕوو بین. هاوسەنگی و سەقامگیرییەکی تێپەڕ و ڕواڵەتی، کە نیشانەی ڕەزایەتی خەڵک لە دۆخی ئارایی نییە. هاوسەنگییەک کە دەربڕینێکی دیکەی حاڵەتی نیگەرانی و هیوای خەڵکی ئێرانە بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە. هاوسەنگییەک کە لە بەردەم ئەگەری جۆراوجۆردا کراوەیە.

دەکرێ کۆماری ئیسلامی لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە هەڵسەنگێنین. ئەو ڕێژیمە لە بواری جۆراوجۆردا کارنامەیەکی ناسەرکەوتووی هەیە و شکستی هێناوە. بە پێچەوانەی ئیدیعای خۆیان، نەیانتوانیوە مۆدێلێکی حوکمڕانی بخەنەڕوو، کە لە ژێر سێبەری دا، خەڵکی ئێران بە ئاسوودەیی بژین.

هەرچەند ناتوانین حاشا لەوە بکەین کە سیستمی زاڵ بە سەر ئێراندا پاشخان و باکگراوەندێکی مێژوویی و بیروباوەڕیی هەیە و لەخۆڕا ٣٧ ساڵ لەمەوبەر کارگێاسا هەڵنەتۆقیوە. بەڵام ئەگەر سەرنجی تێڕوانینی خەڵکی ئێران بۆ ئایدۆلۆژیای زاڵ بکەین و ملبادانی خەڵک لەهەمبەر بایەخە سەپێندراوەکانی وەک حیجابی زۆرەملی و لە قالبدانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێران، لەبەرچاو بگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بایەخە کلتووری و کۆمەڵایەتییانەی کە ڕێژیم تەبلیغیان بۆ دەکا و ویستوویەتی بیانسەپێنێ، لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە وەرناگیرێن. سەرەڕای تێچوویەکی زۆر و تەبلیغاتێکی بەربڵاو، ئایدۆلۆژیای زاڵ توانای پاساودان و ڕەواییدانی سیستمی لە دەست داوە.

کارناسانی ئابووریی ئێران دەڵێن کە هەموو بەرنامە ئابوورییەکانی ئێران لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی، شکستیان هێناوە و هەنووکە بە میلیۆنان لە خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین و توانای دابین کردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان نییە.

بە هۆی بنەمایەکی هەڵەی تیۆریک و نەزانکاری و مودیرییەتی ناکارا، ئێران تووشی قەیرانێکی چارهەڵنەگری کەم ئاوی بووە. بە قسەی کارناسان، ئێران لە دەقی ٩٠ی قەیرانی کەم ئاوی دایە و ئەگەر بێتوو زووبەزوو وەخۆنەکەون و ئەو قەیرانە مودیرییەت نەکرێ، لە داهاتوویەکی نزیک دا لەگەڵ کۆچی میلیۆنی خەڵکی ئێران لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و، شەڕی نێوان پارێزگا و ناوچە جۆراوجۆرەکان لە سەر پرسی ئاو بەرەوڕوو دەبین.

لە سایەی تێکنۆلۆژیی زانیاری و ئامرازەکانی پێوەندیگرتن و، هاتنەئارای دەرەتانی بەراوردکردنی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتانەی هاوکات لەگەڵ ئێران چوونە نێو پرۆسەی گەشەسەندن، زۆرینەی خەڵک هیچ هۆکار و پاساوێکیان بۆ دیفاع لەو ڕێژیمە نەماوە.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئارا کە بەو وەزعەوە، چۆنە کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا دەوامی هێناوە؟ بەو لێکدانەوانەی سەرەوە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش نەڕووخابێ، دەبێ هەنووکە لە ئانوسات و سەراوژێری ڕووخان دابێ.

هەر لەم ١٠ ساڵەی دوایی دا خەڵکی ئێران دوو جار و لە دوو قۆناغی جیاوازدا، مقۆمقۆی تێدەکەوێ و وەمێرووڵە دەکەوێ؛ بەڵام هەر دوو جارەکە هەڵوێستە دەکا و دەپرینگێتەوە. جاری یەکەم لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ٨٨، ئەگەر بزووتنەوەی سەوز بە هۆی دەست پێوەگرتنی ڕێبەرانی بزووتنەوە، ئاوا بە خێرایی ڕەوتێکی سەراوژێریی پوکانەوەی نەپێوابا، ئەگەری ئەوە هەبوو کە خەڵکی شارو ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش پەیوەستی بزووتنەوە بن. لە حاڵەتی بەردەوام بوونی بزووتنەوەدا، شیمانە دەکرا ڕێژیمیش ئێرادەی سەرکوت لە دەست بدا.

لە دوای ئاڵوگۆڕەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، خەڵکی ئێران بۆ جارێکی دیکە مێرووڵە دەکا و یەک دوو چالاکی و ئاکسیۆنی کەم بەرینیش وەڕێدەخا. بەڵام کە دیتیان ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانە دۆخێکی خراپتر لە پێشووی هێنایەکایەوە و بە تایبەت سووریە تووشی شەڕێکی نێوخۆیی کاولکارانە بوو، هەڵوێستە و تێرامانێکی جیدییان لە دۆخەکە کرد و پرینگانەوە. خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی وێنایەکی دوالیستی یان دووجەمسەریی بە خەڵکی ئێران بقبووڵێنێ کە یان دۆخی ئارایتان قبووڵ بێ یان دەبێ چاوەڕێی دۆخێکی هاوچەشنی وڵاتانی عەرەبی بن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەشێک لە چالاکانی سیاسیی دژبەری ڕێژیمیش، کەوتوونە داوی ئەو وێناکردنەیە و ناڕاستەوخۆ هاوئاراستە بوون لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا.

گوتاری زاڵی نێو بژاردەکان و چالاکانی سیاسیی نێوخۆ و تەنانەت بەشێکی تاراوگەش، دیسکۆرسی گۆڕانخوازییە نەک ڕووخانخوازیی. بەشێک لە چالاکانی سیاسی بە سەرنجدان بە ئاکامەکانی شۆرشی ١٣٥٧ی هەتاوی، گۆڕان و چاکسازیی ماوەدرێژیان لە گۆڕانێکی لەناکاوی شۆڕشگێڕانە بەلاوە پەسەندترە.

ئەگەر بە پێی زۆر داتا و فاکت زۆرینەی خەڵکی ئێران ناڕازین، بەڵام بەشێکی بەرچاویش بە شێوەیەکی ڕێکخراو بە حکومەتەوە گرێدراون یان لانیکەم نەکەوتوونە نێو هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستم. بێجگە لە هەمووی ئەوانەش روناکبیریی فارس کە روناکبیریی زاڵە، لەهەمبەر دروست بوونی هەر چەشنە مەترسییەک دەوەستێ ئەگەر بە قیمەتی بەرەڤانی لە دۆخی ئاراییش تەواو بێ. شانسی ڕێژیم لەوەدایە کە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕێکخراو و یەکگرتووی نییە و تازە لە هەندێک پرسدا بەشێک لە موخالیفان لەگەڵی هاوئاراستە دەبن.

بە هۆی ئەوەکە کۆمەڵگەی ئێران، کۆمەڵگەیەکی پەنگخواردوویە و هەر بەم هۆیەش پێشبینی نەکراوە، نابێ ئەگەری تەقینەوەیەکی چاوەڕواننەکراو نادیدە بگرین. بە چەشنێک کە جاری وایە دۆخێک دێتە ئارا کە لە دەرەوەی ئێرادەی مرۆڤەکانە و کۆنترۆڵ ناکرێ.

# کاریگەرییەکانی ململانێی ئێران و عەرەبستان لەسەر ڕەوتی رادیکالیزم و مەسەلەی دیموکراسی لە ناوچەدا



مستەفا مەعروفی

ململانێی ئێران و عەرەبستان لە ناوچەدا دوای سەرهەڵدانی داعش و شەڕی نێوخۆیی یەمەن پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. ئەم ململانێیە کە بەر لە هەموو شت لە دیپلۆماسیی نەوتدا و پاشان پێشبڕکێ لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا خۆ دەنوێنێ، کاریگەریی لەسەر پەرەگرتنی توند ڕەوی و بەهێزبوونی ڕەوتە رادیکاڵەکانی لایەنگری هەردوو لا لە ناوچەدا هەیە و پاشان کاریگەریی لەسەر کێشە نەتەوەییەکانش دەبێ. مەسەلەی دیموکراسی ئاڵقەی ونبووی ئەم ڕووداوانەیە. مەترسییەکانی ئەم ململانێیە و ئەگەری کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستان لەو مەسەلانەن کە لەم چەند دێڕەدا باسیان دەکرێ.

### دوو بەرەی شیعە و سوننی

ئێران و عەرەبستان پێش سەرهەڵدانی داعش و شەڕی یەمەنیش پێوەندییەکی باشیان نەبوو، تەنیا لە سەردەمی سەرکۆماریی سەید محەممەدی خاتەمی (١٣٨٤ ـ ١٣٧٦)دا پێوەندییەکی تا ڕادەیەک ئاسایی لە نێوانیاندا هەبوو، ئەگینا لە پاش هاتنە سەرکاری کۆماریی ئیسلامییەوە ئەو پێوەندییە تێکەڵ بە ململانێ، کێشەی دیپلۆماسی و تەنانەت ڕووداوی خوێناوییش بووە. لە ساڵی ١٣٦٨دا نزیکەی ٤٠٠ ئێرانی لە ڕێورەسمی حەجدا کوژران و بریندار بوون. لەوساڵەدا خۆپێشاندانی ئەو بەشە لە لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی لە مەککە کە خولیای ناردنە دەرەوەی شۆڕشیان لە کەللەی دابوو کەوتە بەر دەسڕێژی پۆلیسی عەرەبستان و لە خوێن وەردرا.

ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ لە نیۆیۆرک هاوکێشەی سیاسیی لە ناوچەدا بە قازانجی ئێران گۆڕی. تا ئەو کاتە رادیکالیزمی شیعی کە ئێران نوێنەرایەتیی دەکرد وەک گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئەمریکا بە تایبەتی و ڕۆژئاوا بە گشتی دەهاتە بەر چاو. بەڵام رادیکالیزمی سوننی کە ئەلقاعیدە نوێنەرایەتیی دەکرد هاوکێشەکانی گۆڕی. هێرش بۆ سەر ئەفغانستان (٢٠٠٢) و عێراق(٢٠٠٣) بە کردەوە ڕۆڵی ئێرانی لە ناوچەدا زیاتر کرد. ئێران لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراقدا نەک هەر نەی توانی خەونی لەمێژینەی بۆ دەسڕاگەیشتن بە کەربەلا بەدی بێنێ، بەڵکوو لەبەرامبەر عێراقدا شکستێکی تێکەڵ بە جامی ژەهری خوارد. لە ٢٠٠٣دا بێ ئەوەی سەربازێکی بە کوشت بدا دەستی بە کەربەلا ڕاگەیشت. لە ڕاستیدا عێراق لەو کاتەوە بۆتە ناوچەی ژێر نفووزی ئێران.

شەڕە نێوخۆییەکانی سووریە، یەمەن، عێراق، خۆپێشاندانی شیعەکان لە بەحرەین کە لە ڕاستی دا شەڕی نێوان هێزە رادیکاڵییە شیعە و سوننییەکانە بواری دەستێوەردانی ئێران و عەرەبستانی لەو شەڕاندا لە دژی یەکتر پێک هێناوە. هەر کامیان لە هەوڵی ئەوەدایە لایەنگرانیان بەهێز بکەن و مەیدانی نفووزی خۆیان بەرین بکەنەوە بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچە دا بپارێزن. ئێران لێبڕاوانە لە هەوڵ دایە کەوانەی شیعی (ئێران ـ عێراق ـ سووریە ـ لوبنان) پێک بێنێ، لە هەرسێک وڵاتدا جگە لە پشتیوانیی ئابووری سەربازەکانیشی حوزووریان هەیە و بە کردەوە لەشەڕدا بەشدارن.

تەحریمی نەوتیی ئێران لەلایەن ئەمریکا لە دوو ساڵ مەوبەرەوە و هاوکات چوونەسەری ڕێژەی بەرهەمی نەوت لە لایەن عەرەبستانەوە ئەم ململانێیەی زیاتر کردوە. ئێران پێی وایە عەرەبستان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی نەوتی ئێران لە بازاڕە جیهانییەکاندا بەرهەمی نەوتی خۆی دەباتە سەر بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا بتوانێ تەحریمەکانی سەر ئێران درێژە پێ بدا.



**بێگومان دیموکراسی لە پەرەگرتنی ئەم ململانێیەدا جێگایەکی نیە؛ کێشەی ئێران و عەرەبستان نە کێشەی نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆریە و نەکێشەی راست و چەپ و نە کێشەی داگیرکەر و ئازادیخواز. کێشەکە پێشبڕکێی نفووزی ئەو دوو لایەنە کە لە شکڵی کێشەی مەزهەبیدا خۆی دەنوێنێ**

ململانێی ئەم دوو وڵاتە تەنانەت لە ئاستی کێشەی نێوان دوو وڵاتیش تێ پەڕیوە و ئاقاری ناوچەیی بەخۆیەوە گرتوە. ئەو وڵاتانەی لە ڕووی مەزهەبییەوە و هەروەها لە ڕووی قازانجی ئابووری و ستراتیژیەوە لێک نزیکن خستۆتە بەرەیەک و بە کردەوە بەرەیەک بە ڕێبەرایەتیی عەرەبستان و بەرەیەکیش بە ڕێبەرایەتیی ئێران لە ناوچەدا بەرامبەر یەکتر ڕاوەستاون.

### مەسەلەی دیموکراسی لەم ململانێیەدا

بێگومان دیموکراسی لە پەرەگرتنی ئەم ململانێیەدا جێگایەکی نیە؛ کێشەی ئێران و عەرەبستان نە کێشەی نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆریە و نەکێشەی ڕاست و چەپ و نە کێشەی داگیرکەر و ئازادیخواز. کێشەکە پێشبڕکێی نفووزی ئەو دوو لایەنە کە لە شکڵی کێشەی مەزهەبیدا خۆی دەنوێنێ. ئیمکانات و پشتیوانیی ئەم دوو لایەنە بێگومان ڕەوت و هێزە رادیکاڵییە ئیسلامییەکانی دوو لایەن دەگرێتەوە. پەرە بە دەمارگرژیی ئایینیی دوو لایەن دەدا، سەرنجی خەڵکی ناوچە بە تایبەتی توێژی لاو کە بەرامبەر بە ڕووداوەکان زیاتر لە هەر توێژێکی دیکە هەستیارن و زووتر دژکردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن، بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە ڕەوتە رادیکاڵە ئیسلامییەکان گەرکیانە. ئەوان لە دۆخێکی وادا سەربازەکانیان ڕادەکێشن و تەیاریان دەکەن. ئەم ململانێیە دەمارگرژیی ئایینی زیاد دەکا و گیانی مەدەنییەت و ئۆگری بە ئەمنییەت کەم دەکاتەوە. بیری دیموکراسی و پێکەوە ژیان و گەشەی ئابووری و بیری چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای وتووێژەوە لاواز دەکا. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هێزە پێشکەتنخواز و دیموکراتەکان کە هەرلە بنەڕەتدا بەهۆی سەرکوت و رابردووی دوور و درێژی دیکتاتۆری لە ناوچەدا هێزی سەرەکی نین، لاوازتر بن و بکەونە ژێر کاریگەریی شەڕە مەزهەبییەکانەوە.

### مەترسییەکانی ئەم ململانێیە لەسەر نێوخۆی ئێران و کوردستان

ئێران لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینییەوە فرە چەشنە؛ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێران هەم لە ڕووی نەتەوەیی و هەم لە ڕووی ئایینییەوە لە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی ئێران جیان. نەتەوە و پەیڕەوانی ئایینە جیاجیاکانی ئێران لە کۆنەوە بێبەش و چەوساوەن. لە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەم ڕەوتە زیاتر بەرەو خراپی چووە، تەنانەت شەڕی خوێناویی تێدا ڕووی داوە. مەترسیی ئەوە لە گۆڕێ دایە کە لە ئەگەری قووڵبوونەوەی ئەم کێشەو ململانێیە گرژی و تەنانەت شەڕی ئایینی لە ئێراندا روو بدا کە ڕادەی زەرەر و زیانەکانی بۆ کەس پێشبینی ناکرێ.

مەترسییەکانی ئەم ململانێیە بۆسەر کوردستان یەکجار جیدییە؛ کورد لە ئێراندا لە دوو گرووپی سەرەکیی شیعە سوننی پێک هاتوە. لە ئوستانی کرماشانەوە بەرەو باکوور بەشی هەرەزۆری دانیشتوانی کوردستان مسوڵمانی سوننین، بەرەو باشووریش بەشی هەرە زۆری مسوڵمانی شیعین. ئەم دوو بەشە لە خانەی نەتەوەییدا یەکن؛ لە بێمافیی نەتەوییدا هاوخەمن و لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی دا هاوخەبات. دیارە کەمایەتیی ئایینی دیکەی وەک مەسیحی، جوولەکە، ئەهلی حەقیش لە کوردستان دەژین. مەترسیی ئەوە هەیە لە ئەگەری قووڵبوونەوەی ئەو ململانێیەدا زیان بە یەکەیەتیی نەتەوەیی کورد لە ئێرندا بگا. مەترسیی ئەوە لە گۆڕێدا دەبێ کە بزووتنەوەی کورد لە ململانێکدا زیانی پێ بگا کە نە لایەنێکە لە ئەو و نە ئەگەر قازانێکی هەبێ قازانجەکە بۆ ئەو دەبێ. مەسەلەی کورد لە ئێراندا لە مێژە وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی و دیموکراتیک لە گۆڕێ دایە. کۆماری ئیسلامی لە مێژە هەوڵدەدا ئەم مەسەلەیە بە پێچەوانەیەوە پێناسە بکا. ئەو کاتەی کێشەی لەگەڵ ئەمریکا هەیە بزووتنەوەی کورد بە دەسکردی ئەمریکاو ڕۆژئاوا لەقەڵەم دەدا، تا لەگەڵ عێراق لە شەڕ دابوو بە دەسکردی ڕێژیمی بەعسی لەقەڵەم دەدا و لەم دوییانەشدا ڕووداوەکانی مەهاباد و چەند شاری دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە دەسکرد و پیلانی عەرەبستان! لەقەڵەمدا.

سەرەنجام. ئەوەی بۆ کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی کورد گرنگە ئەوەیە کە لە سروشتی ئەو ململانێیە ئاگادار بن. مەترسییەکانی کە بریتیین لە پەرەگرتنی دەمارگرژیی ئایینی و بەهێزبوونی رادیکالیزم کاریگەریی خراپیان لەسەر ڕەوتی دێموکراسی لە ناوچە و لە کوردستاندا هەیە کە تاقە ڕێگای بەدەستهێنان و دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی کوردە.

## لە ڕۆژهەڵاتەوە...

# بەرەو سازدانی گوتارێکی هاوبەش



ناسر باباخانی

ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یانەی شاخ و شار بۆ هەڵوێستەکردنێکی زۆرجیددی دەبن بەدوور لە کەشوهەوایەکی ئێحساسی و تیژتێپەڕ! گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات هەرلەکۆتایی حەفتاکانەوە کە قرمەی چەکی هێزی پێشمەرگە وەستاوە، تووشی چەشنێ ناچالاکی بووە. کە دەڵێم وەستانی قرمەی چەک مەبەستم تەنیا خەباتی چەکداری نییە، بەڵکوو ئاماژەم بە نەبوونی گوتارێکە کەلە کۆتایی پەنجاکان تا ناوەڕاستی حەفتاکان گوتاری زاڵبوو بەسەر کۆمەڵگادا،گوتارێک کە گرێدراوی «حزوور»بوو! حزوور بەواتای «بوون» بەواتای بوونی پێشمەرگەی کوردستان! ماوەی نیزیک بەبیست ساڵە کەپێشمەرگەی کوردستان بە زۆرهۆکار تەقەی لەچەکی نەهاتووە و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانش سەرەکیترین ئیستراتیژی بۆبەرگری لەخەباتی گەلی کورد ئەوەبووە کە بەردەوام کەلێنێک، دابڕانێک لەنێوان شار(خەڵک) و شاخ (پێشمەرگە) سازبکا بەهەر شێوەیەک و لەسەر بنەمای ئەم ئیستراتێژییەش تاکتیکی جۆراوجۆریشی ڕەچاو کردووە و دواجار ئەم دابڕانە بۆتەهۆی ئەوەکە بوون و حزووری شاخ لەناو شاردا بگاتە نزمترین ئاستی خۆی.

دەکرێ بڵێین لە نەبوونی گوتارێکی ئەوتۆدا، بۆشایی‌یەک هەستی پێدەکرێ کە دواجار ئەم بۆشایی‌یە دەبێتە لەمپەری لێکتێگەیشتنی هێزە سیاسییەکان و چالاکڤانانی ناوخۆ، واتە لەنەبوونی گوتارێکدا کە خاڵە هاوبەشەکانی هەردوو لا لەیەکدی کۆکاتەوە و لەسەر خاڵە جیاوازەکانیشی موناقەشە بکرێ بۆ خەملاندنی ئەم گوتارە، ئاسایی‌یە هەست بەم کەلێنەبکەین.

دیارە ئەمە زۆر ئاسایی‌یە کە «شێوە ڕوانین»ی دەرێ و ژووری جیاوازی بەیەکەوە هەبێ، دەڵێم جیاوازی نەک دژایەتی! بێگومان ئەم شێوە ڕوانینە ئەگەر لەسەربنەمای ناسینێکی وردوتۆکمە نەبێ کەلێنەکە چەندقات بەرزتردەکاتەوە،کە سەیری ئەم دنیا مەجازییەدەکەی بۆت دەردکەوەێ کە هۆکاری ئەم کەفوکوڵە کاتی و پۆپۆلیستییە کە هەندێ جار لۆمپەنیزمێکی هەوسارپساویشی لەسەر بنەمای وەهم و درۆ پێوەدیارە بەرهەمی توخمی نەناسینی ناوخۆیە لەڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە. بەڵام جەمسەرێکیتر واتە ژوورەوەش لەقۆستنەوەی هەلەکان‌دا دەورێکی پاسیوی گێڕاوە.

هەربۆیە لە نەبوونی گوتارێکی جیددیدا، ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ ناقۆزرێنەوە و کە نەقۆزرانەوە، دەرەوە بە تەعبیری خۆی سەودا لەگەڵ ڕووداوەکە دەکا. لێرەدایە کە تێکهەلەنگوتن ساز دەبێ ئەگەر گوتارەکە بوونی بوایە سەنتێزێک لەم دووشێوە ڕوانینە دەیتوانی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی بکا بەخاڵگۆڕانێکی جیددی لە کۆمەڵگادا. بەڵام لە نەبوونی گوتاردا زیاتر جیاوازییەکان خۆدەردەخەن. وەک ئەم ڕووداوەی شاری مەهاباد کە نە ناوخۆ توانی بیقۆزێتەوە نە دەرەوە توانی کاناڵیزەی بکا!

لە ڕاستیدا کێشەکە نەبوونی گوتارە نەک جیاوازی گوتار، ڕۆژهەڵات تائەم دوایی‌یانە هەر پاشکۆی گوتاری باشوور و باکوور بووە، بەڵام پێموایە ئێستا بۆ هێزە سیاسییەکان بە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ناوچە و بارودۆخی ئێران دەرکەوتووە کە ئەمانە ئاڵترناتیوێکی گونجاو و کردەیی بۆ ڕۆژهەڵات نەبوون و نین.

کەوابوو ئەوەی بۆتە»پاشنەی ئاشیل»ی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەبوونی قورسایی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم بزووتنەوەیەیە لە هەمبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا بە هۆی نەبوونی گوتارێکی گشتگیری ڕۆژهەڵاتی. بۆیە ئەم گوتارە دەبێ لە سەر چەمکگەلی هاوبەشی هێزەکانی دەرەوە و ناوخۆ خۆی ساغکاتەوە و بتوانێ قورسایی وبارستایی ئەم بزووتنەوەیە بەرزکاتەوە.

ئەوەش نابێ لە بیر بکەین کە ئەگەری ئەوەهەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕووداوگەلێکی لەم چەشنە دووپاتە ببنەوە، ناکرێ و ناشبێ ئەم چاوەڕاونییەمان هەبێ کە یەک شێوەڕوانین لە دەرەوە و ژوورەوە بەدی بکەین، ئەگەر گوتارێکی گشتگیر بە تایبەتمەندییە ڕۆژهەڵاتییەکەی بوونی هەبێ ئەم شێوەڕوانینانە دواجاردەبنە هۆی پڕبوونەوەی کەلێنەکان. ئەوەی کە سەرەتاکانی ساڵانی شەست دوانەی شوێن - کات، گەورەترین هۆکاری ئەم بۆشایی‌یە بوو لە نێوان دەرەوە و ژوورەوە، ئێستا ئەوامیدیای نوێ بە دوور لە کەشێکی ئێحساسی و لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و بەرژەوەندی نەتەوەیی دەتوانێ ئەم کەلێنە بە تەواوی پڕ کاتەوە.

دیارە چالاکی حیزبێکی سیاسی کردەیەکی سیاسییە و جەماوەری و ئاکامخوازە، بەم مانایە کەدەیەوێ دواجار لەپێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بێ، بەڵام کردەی مەدەنی، چالاکییەکی شارۆمەندی و مافخوازانەیە کە بۆی هەیە هەمووتاکێکی کۆمەڵ حەولی مسۆگەر کردنی ئەم مافانە بدا، ئێستا کە دەرەتانی کردەی سیاسی بۆئۆپۆزیسیۆنی کورد لەناوخۆی وڵاتدا نییە کردەی مەدەنی ڕووناکبیران لە ناوخۆدا دەتوانێ قەرەبووی ئەم بۆشایی بکاتەوە، ئەمە سەرەتایەکی شیاوە بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات!

# خوێندنەوەی بزووتنەوەی ڕیفۆرم لە ئێران بۆ دۆزی کورد



ئازاد کەریمی

ڕۆژی دووی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٦ (٢ خرداد)ی هەتاوی ڕۆژێکی مێژوویی بوو بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕەوتی سیاسیو هەروەها بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەو ڕۆژەدا بە بۆنەی دەوری شەشەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە ئێران خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە بنکەکانی دەنگدان کردو دەرهاتەی سندوقەکانی دەنگدەران سەرۆک کۆماربوونی «محەمەد خاتەمی» لێکەوتەوە. خاتەمی وەزیری پێشووتری وەزارەتی « فەرهەنگوڕێنوێنی ئیسلامی» لە سەردەمی هاشمی ڕەفسەنجانی بووکە ئێستا دوای هەشت ساڵ سەرۆک کۆماری کورسیەکەی بۆ یەکێ لە دوو ڕکابەری سەرەکی هەڵبژاردنەکان لە دووباڵی سیاسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی واتە بناژۆخوازەکانو لایەنگرانی ڕێچکەی خومەینی ( پیروخط امام) بە جێدەهێشت. بەربژاری یەکەم «ناطق نوری»و بەربژاری لایەنگرانی ڕێچکەی خومەینی، محەممەد خاتەمی بوو، چارەنووس ئاوڕی لە خاتەمی دایەوەو بەهۆی ئەوەی لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێرانو عێراقو مردنی خومەینی لە ساڵی١٩٨٩ بەدواوە، ڕەفسەنجانی بۆ هەشت ساڵ سەرۆک کۆماری ئێران بوو، هەندێ ئابلۆقەو گەمارۆی ئابووریو سیاسی کە لە ١٩٧٩ بە دواوەو بەهۆی بارمتەگرتنی دیپلۆماتە ئەمریکاییەکان لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران، لەلایەن ئەمریکاو ڕۆژاوا بەگشتی خرابووە سەر ئێران هەڵگرێو جیهانی ئازادو ئەورووپا هەندێ دەلاقەی بە ڕوودا بکەنەوە. بەڵام لەسەردەمی ڕەفسەنجانیدا چەند تێرۆری سیاسی لە ئۆپۆزیسیۆنی دژە حکوومەتی ئێران لە دەرەوەی ئەم وڵاتەو لە ئەورووپادا کرا کە بە شێوازی جۆراوجۆر دیزە بە دەرخۆنە دەکران. بۆ وێنە تێرۆرکردنی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، کەسایەتیی ناوداری کوردو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٩٨٩و تێرۆرکردنی د. سەعید (صادق) شەرەفکەندیو چەند هاوڕێی حیزبی وەک بەڕێزان «همایون خان سلطانی اردلان، کاک فتاح عبدلی» لە «بێرلین» کەدواتر بە کەیسی «میکۆنوس» ناوبانگی دەرکردو هەر ئەوپەروەندەش سیمای هەندێ چاکەوەبووی کۆماری ئیسلامیی سەردەمی ڕەفسەنجانی بە شێوازێکی بێوێنە ڕەشوڕەهەندە کرد.

دۆزی میکۆنوس خاڵی وەرچەرخانی «پرسی کورد» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئێراندا بوو. دوای ٥ ساڵ لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونو جوامێرایەتی «داواکاری گشتی دادستان»ی بێرلین، سەرەڕای شانتاژو ترساندنو هەڕەشەو گوڕەشەی سیاسی لەلایەن کۆماری ئیسلامیو دەوڵەتی ئاڵمانەوە، دادگای فیدراڵی ئاڵمان دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی وەک بڕیاردەری ڕاستەوخۆو پاڵپشتی مادیومەعنەوی سەرەکی تێرۆریستانی بکوژی دوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێیانی سەرکۆنەو مەحکووم کرد، دوای دەرچوونی ئەم حوکمە دادوەرانەی دادگای ئاڵمان دژی کۆماری ئیسلامی عەلی خامنەیی، ئەکبەر ڕەفسەنجانی، عەلی فەلاحیان وچەند بەرپرسی ورد و درشتی کۆماری ئیسلامی بە تێرۆریستانی ئەم پەروەندە مەحکووم کرانو بۆ لەقاودانەوەشی لەلایەن هەمان دادگاوە، بەرپرساریەتی دەستگیرکردنی ئەو کەسانە خرایە ئەستۆی پۆلیسی نێونەتەوەیییەوە (پلیس اینتێرپول)بەوبڕیارەی کە لە هەر کوێی جیهان یەکێ لەم بەرپرسانەی ئێران دەرکەون دەستگیر بکرێنو بدرێنە دەستی دادگای بێرلین... هەر بۆیە چەند هەفتەی پێش دەنگدانی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ ڕۆژانی ڕەشو ڕێسواو پڕ لە دڵەڕاوکێی کۆماری ئیسلامی بوو. لە لایێکی دیکەوە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی بەرپابوونی هەرێمی باشووری کوردستان لە لایەن ئەمریکاو ڕۆژاواوە لە ساڵی ١٩٩١ بە دواوە، بەرپرسانی ئێرانی تووشی سەرسامو دڵگرانیو ڕاڕایی کردبوو. هەرچەندە باڵی بناژۆخواز واتە لایەنگرانی عەلی خامنەیی سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتە بزاڤێکی بێوێنەوە بۆ ئەوەی دەست بگرێ بە سەر کورسی سەرۆک کۆماریدا بەڵام لە کوتوپڕدا لایەنگرانی ڕەفسەنجانی کەوتنە باڵو»محەمەد خاتەمی»یان وەک بەربژاری دەنگدانەکانی سەرۆک کۆماری ناساند. کاتێ محەمەد خاتەمی بە هێنانەوەی ٢٢ میلیۆن دەنگی دەنگدەران بوو بە سەرۆک کۆمار، کۆماری ئیسلامی لە ئەو پەڕی پەرتەوازەییو تەریک بوونی سیاسی/ دیپلۆماتیکی خۆیدابوو.

بەهەرحاڵ محەمەد خاتەمی وەک سەرۆک کۆماری «دوورگەیەکی پەرتەوازە» لە جیهانی سیاسیدا بەرەوڕووی دەزگایێکی دیپلۆماسی وێران، کێشەی نەتەوەیی بێبڕانەوەی کورد بەتایبەتیوکێشە ئایینیومەزهەبییەکان لە ئێرانو هەروەها ئابوورییێکی هەڵپەسێردراو، دراوێکی بێنرخوسیاسەتێکی پڕلە ئاڵۆزیو پڕلە پرسیار لە بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆدا وزۆر بەربەستی دیکەی کۆنی سەردەمی هاشمیو سەردەمی شەڕی ئێران/ عێراقو چەند کێشەی دیکەی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە ببوو...

کاتێ خاتەمی سەرکەوتنی بە دەست هێنا، سەرەڕای ئەوەی نیشان دەدرا بەرەیەکی یەکگرتووی ڕیفۆرمخواز لە ناو سیاسیکارانو کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی سەری هەڵداوەو نازناوی « بەرەی ٢ی جۆزەردان»ی پێ بەخشرا ، ڕووداوەکانی دوای دەستبەکاربوونی محەمەد خاتەمی ڕوێێکی دیکەی سیمای بەرەی ٢ی جۆزەردانی نیشانی جیهانی سیاسەتو کۆمەڵگای ناو ئێران دەدا.

بەرەی ٢ی جۆزەردان کە نازناوی «ڕیفۆرمخوازی» پێبەخشرا بووبە «لایەنگری ئابووری دەوڵەتی»و هەروەها ( پیروخط امام) دەناسران، کەسانێ بوون کە بە دیوارەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاراندا هەڵگەڕانو ٤٤٤ ڕۆژ دەیان دیپلۆماتی ئەمریکایییان بە بارمتە گرت.

هەرچەندە کەسانی دیکەی سەر بە لایەنەکانی دیکەی بیروهزری ناوکۆماری ئیسلامی خوێندکارەکانیان لەم بارمتە گرتنەدا بەشدار کرد بەڵام ئەوەی دیاربوو ئەم کارە بەناوی خوێندکارانی « پیرو خط امام» لەقاو درایەوەو ئەم کردارە هەڵە سیاسیەی ئەم گروپە دواتر لە ساڵی ١٣٧٦داو کاتێ محەمەد خاتەمی وەک یەکێ لە ئەندامانی ئەم هێزە سیاسی‌یە بووبە سەرۆک کۆمار، بەرۆکی پێ گرتنو وەک خاڵێکی ڕەشی کارنامەی ئەم گروپە بەربەستی لەدەرەوە و ناوەوەی ئێران بۆدروست کردن. هەربۆیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو»بارمتە گرتنە» بیرۆکە یان «تێز»ی «گوتوبێژی شارستانیەتەکان»لە لایەن ئەوانەوە وەک کارتێکی سیاسی بەهێزخرایە ئەجێندای سیاسی ئێرانەوەو دووئامانجی پێکا:

١. باسی فرە نەتەوەیی ئێران خرایە پەراوێزەوە، لە بەر ئەوەی ئێران وەک یەک شارستانیەتی قاییمو تۆکمە کە دوو توخمەی ئارییایی/ئیسلامی لەخۆدا گرتوە لە بەرانبەر شارستانیەتی ڕۆژاوادا ڕاوەستاوەو خەریکی دانوستانی کولتوریوسیاسیوئابووری دەبێ.

٢. نوێنەرایەتی وڵاتێکی یەکدەستو یەکدەنگو یەکگرتوو دەکات ولەوسۆنگەوە هەموو دەنگە نەتەوەییەکانو مێژووی چەندین سەد ساڵەی شۆڕشی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پەروەندەیەکی داخراو (مختومە) لە قەڵەم دەدرا و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شارۆمەندێکی ئێرانی بوون کە هەبوونیان بەشێک لە شارستانیەتی ئێران ئیسلامی‌دا ماناهەڵگرە کە ئەم شارستانیەتە ئێرانیە بڕیار وابوو لە گەڵ جیهانی کولتووری ڕۆژاوایی‌دا بکەوێتە گوتوبێژودانوستاندنەوە. هەربۆیە کەسایەتی کورد لەم بارودۆخەدا لە»ملليەت«وا کورد بۆخۆی پێناسە کردبوو هەروەها لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا وەک «قومیت» ناوی لێنرابوو دەهاتە ئاستی شارۆمەندێکی ئاسایی ئێرانی کە هەموو بیروبۆچوونەکانی دەبا لە گەڵ پایتەختی ئیداری و کولتووری و سیاسی و دیپلۆماتیک و ئابووری وڵاتی ئێران واتە تاران (قلب تپندەی ایران) وەک خۆیان دەیانگوت ڕێک بخات.

هەر بۆیە ناسیوناسیونالیزمی نەتەوەی سەردەست بەناوی ئێرانی ئیسلامی و دێموکراسی ئیسلامی و مردم سالاری دینی، هەموو جیاوازیە نەتەوەیی، ئایینی ومەزهەبی یەکانی دەگووشی ولە تۆی خشتی دیواری گوتوبێژی شارستانیەتی ئێران لەگەڵ ڕۆژاوادا کپ و بێدەنگ دەکرد.

لە لایەکی دیکەوە هەوڵێکی زۆر درا لە ڕێگەی دژایەتی کردنی کولتووری یونانی کەوناری سەردەمی «ئەسکەندەر»ی گەورەی مەقدوونی، پرسی شکۆی سەردەمی هەخمینیەکان (هەخامنشی) زەق وزیندووبکرێتەوە، بۆ وێنە دووهەفتە نامەی «درآستانەی فردا» کە لەکۆتاییی‌یەکانی دەسەڵاتداری ڕەفسەنجانی دا لە تاران چاپ وبڵاو دەکرایەوە بابەتی بە «درۆ خستنەوەی هێرشی ئەسکەندەری مەقدوونی» وەک ستراتژی دیاری ڕووناکبیرانی سەربە چاوگەی هزری وفکری «باڵی چەپ» وا بریتی بوو لە سێ لق (طیف چپ، راست، رادیکاڵ) و پێک هاتبوو لە ١٨ گروپ وڕێکخراوی سیاسی کە (مجمع روحانیون مبارز) سەرۆکایەتی دەکرد، دەستنیشان و دیاردەکرد و دەیخستنەڕوو، لە ناو وتارنووسانی «در آستای فردا»دا چەند نووسەری کورد هەبوون و کاریان بۆ ئەم پرۆژە دەکرد. هاوتەریب لەگەڵ ئەم کارانە، دامەزرانی «ئینستیتۆی کوردستان» لە جیاتی «ئینستیتۆی کورد» کە ڕاستەوخۆ دژایەتی لەگەڵ چەمکی کورد وەک یەکەکی سەربەخۆی کولتووری لە جوگرافیای سیاسی جیهاندا دەکرد، هێمای دیاری پاوەنخوازی فەرهەنگی دەوڵەتی کۆماری ئیسلای ئێران بوو کە لە دەسپێکی هاتنیەوە دەستی دایە شەڕ و خوێنڕشتن و بەربەرەکانێ کردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ...

هەرچەندە ململانێ ناوخۆیی‌یەکانی بەرەی ریفۆرم هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری محەمەد خاتەمی وەک سەرۆک کۆمار ئەوانی لەبەرانبەر بەرەی ڕاست یان بناژۆخوازەکانی دەورو بەری عەلی خامنەیی وەک «هیئەت موتلفە» و «جامعەی روحانیەت مبارز» لاواز دەکرد و سەرۆک کۆماری سەربە لقی کلاسیکی ریفۆرم خوازەکان (طیف سنتی جناح چپ جبهەی دوم خرداد) شایەتحاڵی دەرکردن ولابردنی ناوداران وتیۆریسیەنەکانی لقەکانی دیکەی بەرەی ریفۆرمخوازی بوو وەک سروش، اکبرگنجی،حجاریان،شمس الواعظین،طبرزدی و... بەڵام ئەوەی دیارە لە بەرنامەی کاری نەک سەرۆک کۆمار بەڵکوو لە ئەجێندای سیاسی بەرەی ٢ی جۆزەردان دا بە هەموو لق ولایەن وگروپەکانیەوە «دۆزی کورد» واتادار نەبوو. پرۆژەی ئەوان وردکردنەوەی پرسە نەتەوەیی یەکانی ئێران وهەڵوەراندنی سەنگ وکێشی بیری نەتەوایەتی ولابردنی بیرۆکەی قەبووڵ کردنی جیاوازیە کولتووریەکانی وڵاتی فرەنەتەوە وفرەکولتوری ئێران بوو هەروەها بە پێچەوانەوە پرۆژەی «مطالبات شهروندی» یان «داواکاریە شارۆمەندیەکان» یان هێنانە بەرباس و دۆزی «داخوازی نەتەوەیی» یان خستە پەراوێزەوە وبەنیشاندانی سیمای وڵاتێکی بەهێزویەکگرتوو (لەڕێگەی زەبر وزەنگ وسەرکوتکاری خەڵکی ناوخۆی ئێران)، بەرزکردنەوەی دروشمی «غرور ملی» و «سەربەخۆیی ملی» و دەیان بیرۆکەی مافیایی وەک لە ناوبردنی ئاسەوارە مێژوویی وکەونارەکان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەمارۆدانی پارت وحیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی شانتاژ وئازاردانی مەعنەوی وسیاسی ئەوان ولایەنگرەکانیان وتەنانەت هەرکەسێ وا نەچێتە خانەی فیکریی ئەوانەوە هیچ دەرفەتێکی بۆ ئەو دەوڵەتە و ئەو بەرە سیاسییە کە دیسانەوە دوای هەشت ساڵ دابڕان لە دەسەڵات، دوبارە حوکمی دەوڵەت و کابینەی گرتۆتە دەست نەهێشتۆتەوە. بۆوێنە دانانی پۆستی «ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار بۆکاروباری کەمایەتیە ئایینی ومەزهەبیەکان» وەک چەمکی «وەک هیچ وابێ» بووە.

لە لایەکی دیکەوە ئەوکوردانەی ناوپرۆسەی سیاسی ئێران بە گوێرەی جۆری بینینی خۆیان وخوێندنەوەیان لە بارودۆخی باڵەکانی دەسەڵات بەڕاست وچەپەوە، سەیری «دۆزی کورد» دەکەن.

بیرۆکەی کوردایەتی یان بڕوامەندی بە پڕۆژەی « پەرە پێدانی کۆلتووری وسیاسی کۆمەڵگەی کوردی بۆ بەنەتەوە بوون» لە ناو ئەوان دا لە بیرۆکەی «داواکاری یە شارومەندیەکانی دەوڵەتەکانی تێزی گوتوبێژی شارستانیەتەکانی بەرەی ٢ی جۆزەردان» دەدرێت وهیچی بۆ نامێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کوردانێک هەبوون فیداکارانە ویستوویانە ڕەوتەکە بە قازانجی ڕەوشی کورد هەتا ئەوەی یاسای ئێران ڕێگەیان پێدەدات بگۆڕن وبەداخەوە ئەوان لە ئەوپەڕی یاساتەوەری ئێرانیدا، ئەوکۆششەی کە پەیوەست بە دۆزی کوردبێ ئەنجامی دەدەن، بەڵام کردەی ئەوان دەبێتەوە بە «سفر» و هیچی لێ بەرهەم نەهاتوە. هۆکارەکەشی سیستێمی یاسایی و سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بە باڵی ڕاستەوەکە کارنامەیەکی ڕەشی لە دژایەتی کردنی دۆزی کورد دا هەیە و هەروەها باڵی چەپ بە بەرەی ٢ی جۆزەردانیشەوە کە بە هیچ جۆرێ سازان لە سەر پرسی کورد ناکەن و تەنانەت دژایەتی کردنی «کوردستان و کورد» بۆ ئەوان ستراتێژیە نە تاکتیک. بۆوێنە لە ساڵی ٢٠١٤ دا ولە کاتێک دا هەرێمی کوردستان پرسی سەربەخۆیی خستە ڕوو، «جەواد زەریف» وەزیری دەرەوەی کابینەی سەرۆک کۆماری سەربە بەرەی ٢ی جۆزەردان «حەسەن ڕۆحانی»، بە سەردانێکی فەرمی گەییشتە هەولێر وڕاشکاوانە دژایەتی خۆی لە گەڵ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

لاوازبوونی هەڵوێستی سیاسەتمەداران و چالاکانی مەدەنی سەر بەم بەرە بە کورد یان غەیرە کوردەوە سەبارەت بە پاوانخوازی و بۆنموونە جووڵانەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرسنوورەکانی کوردستان و کوشتنی کۆڵبەران ودەیان کردەوەی ناشیرینی دیکەی دەرهەق بە گەلی کوردو کوردستان بەدزی وبە ئاشکرا، شکو گومانەکان سەبارەت بە نیازپاکی ئەم سیستێمە سیاسییە قاییمتر دەکات. بەڵام یەک شت ڕوونو ئاشکرایە: دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانەخراوەو هەتا زمان، جل وبەرگ وخاک وئۆپۆزیسیۆنی کوردیو بیرۆکەی نەتەوایەتی وئازادی خاکی کوردستان لەجیهاندا هەبوونی هەبێ بە دانەخراوەیی دەمێنێتەوە.



**بیرۆکەی کوردایەتی یان بڕوامەندی بە پڕۆژەی «پەرە پێدانی کۆلتووری وسیاسی کۆمەڵگەی کوردی بۆ بەنەتەوە بوون» لە ناو ئەوان دا لە بیرۆکەی «داواکاری یە شارومەندیەکانی دەوڵەتەکانی تێزی گوتوبێژی شارستانیەتەکانی بەرەی ٢ی جۆزەردان» دەدرێت وهیچی بۆ نامێنێتەوە**

# مەهین شوکرڵلاپوور: ژنانی کورد دوای ساڵانێک خەباتی بێ‌وچانو ئەزموونێکی زۆر، بەڵام هێشتا ئەو جێگایەی کە شیاوی تێکۆشانیان بێت، نیانە

**له ٨ی مارسی ٢٠١٥ی زایینی بەرامبەر بە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی لە لایەن دەستەیەک ژنە فێمینیستی کوردەوە «پارتی فێمینیستی کوردستان» دامەزراوە. بۆ ناساندنی زیاتری ئەم پارتە کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی فێمنیستی کوردستان، بەڕێز مەهین شوکروڵلا پوور پێک هێناوە کە سەرنجتان بۆ ئەم وتوێژە ڕادەکێشین:**

**مەهین خانم! پێمان باشە لە زمان ئێوەوە کە یەکێکن لە دامەزرێنەرانی (پارتی فێمینیستی کورد)، باسێک لەم پارتە بکەن و ئامانجتان لە دامەزرانی ئەو پارتە چیە؟**

**مەهین شوکرڵلاپوور:** لە کومەڵگای کوردستان هەرچی دروشمی یەکسانیو بەرابەرییە، قسەی سەر زاری هەموو کەسێکە چ پارتە سیاسییەکان چ ڕۆشنبیران، بەڵام ئەوە کە هەمووکاتێک دەبینرێت نەبوونی کردەوە و تێڕوانینی پیاوسالارانەیە. بەداخەوە ژن لە کومەڵگای پیاوسالاری ئێمەدا کەرەسەیەکە بۆ ڕازاندنەوەی ویترینەکانو ئەوەی مۆدێرن نیشانیان بەدات، بەڵام لە ڕاستیدا ئاواتەکانی ژنانە کە لە ژێر زەختی پیاوسالاریدا دەخنکێت. تەنیا جەستەی ژنە کە بایەخی هەیە نەک توانایی‌و لێهاتووییەکانی ژنان.

ژنانی کورد دوای ساڵانێک خەباتی بێ‌وچانو ئەزموونێکی زۆرو بە دەیان قوربانی، بەڵام هێشتا ئەو جێگایەی کە شیاوی تێکۆشانیان بێت نیانە. ژنان ئەتوانن بەڕێوبەری باش بن و سەربەخۆتر لە پیاوان لە گورەپانی خەباتو تێکوشانی کوردستان پێگەی خۆیانیان بێت. لە هەمان کاتدا باشتر ئەتوانن دژی سیستەمی پیاوسالاری کار بکەنو بڕیاری سەربەخۆتر بدەن. لەبیرمان نەچێ هەر ژنان قوربانی سیستەمی پیاوسالاری نین. پیاوانیش قوربانی ئەو سیستەمەن کە لە فەرهەنگ و کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و ئارام بێبەشیان دەکا. ژنانی ڕۆژهەڵات دەبێت ئەزموونی باشووریان لە بەرچاو بێت کە پاش ساڵانێک خەبات، بۆ ژنان هیچ دەستکەوتێکی نەبوو. ژنان لە خەباتدا بەشدار بوون و قوربانیان دا، بەڵام دەسەڵات و بڕیاردان بەر پیاوان کەوت و بەداخەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندوتیژی دژ بە ژنان لە جیاتی نزم بێتەوە پەرەی سەند! ژنانی باشوور هەلێکیان بۆ ڕەخسا کە دەبوا خۆیان ڕێک بخەن و ببنە نموونەی بزاڤی ژنان بۆ یەکسانی لە ناوچەکەدا بەڵام بە تەواوی بە پێچەوانە دەرچوو.

ئیستاش بەرای ئێمە مافی ژنانی ڕۆژهەڵاتە کە بە پشت بەستن بە گشت ئەزموونەکان بیانهەوێت نیوەی دەسەڵاتی سیاسی بە ئەستۆ بگرن. بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا ڕێگا ئەوەیە کە بە هێزی سیاسی خویان لە گورەپان و پانتای سیاسی بەشدار بن چونکە ساڵهای ساڵە پارتەکانی‌تر تاقی کراونەوە و بەداخەوە ژن زیاتر لەوەی گەشە بکات بە وتنەوەی «ژنان ناتوانن»، «خۆیان لاوازن»، «خۆیان نایانهەوێ» و هتد، تەحقیر کراون. بەڕاستی هۆکارەکان زۆرن بۆ دروست بوونی پارتێکی فمێنیستی.

**ئێوە لە ناوەکەتانڕا دیارە کە پارتێکی ڕادیکاڵن، کەوایە لەگەڵ زۆر دابونەریت و کەلتووری کۆمەڵگەی کورد کە پڕن لە سڕینەوە و هەڵاواردن دژی ژنان، دەبێ شەڕ بکەن، یان بە واتایەکی دیکە بەربەرەکانی جیددی بکەن. شێوەی تێکۆشانتان لەمبارەیەوە چۆن دەبێ؟**

**مەهین شوکرڵلاپوور:** ئێمە شانمان وەبەر کارێکی دژوار داوە کە تا ئیستا لە کۆمەڵگای کوردستان وەک تابۆیە، هەوڵی بێوچان و هێزی زوری دەوێت بۆ سەڕینەوەی ئەو کەلتوورو داب و نەریتە دژە ژنەی بە درێژایی مێژوو لە فیکرو کردەوەی کۆمەڵگادا نەقشی بەستووە. بەوحالەش پێمان وا نیە وشەی ڕادیکال وشەیەکی پڕ بە پێست بێ بۆ وەسفی ئێمە، چونکا ڕادیکال بوون بە پێی پێوەرەکانی زەمان و شوێن شتێکی ڕێژەییە. واتە شتێک لای لایەنێک یا شوێنێک یا لە زەمانێکدا ڕادیکال دیارە لای لایەنێکی تر و لە شوێن و زەمانێکی تردا دواکەوتوو نەریتی دیارە. بۆ نموونە کاتێک پێشەوا قازی دەستی دایە دروست کردنی پارت و دامەزراندنی کۆماری کوردستان زۆر کەس داچلەکیون و پێیان شتێکی ڕادیکال بووە، لە حالێکدا زۆر کەس ئیستا خۆزگە بەو کات و ساتە دەخوازن.

با لەبیرمان نەچێ شەپۆلەکانی فێمینیزم هێواش هێواش لە ناوەندەوە گەشتۆتە پەراوێز. ئەوەی بمانەوێ ژنان نیوەی دەسەڵاتی سیاسییان بێت داخوازی ١٠٠ ساڵ لەمەوبەری شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم بووە. هەرچەند هێشتا ئەو داخوازیە سەتا سەت لە جیهاندا وەدی نەهاتوە، بەڵام داخوازیەکی تازە و ڕادیکاڵ نیە. بەهەرحاڵ لە سەرتاوە ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ مسۆگەر کردنی دادپەروەری لە نێو ڕەگەزەکان چ ژن و چ پیاو، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی نیوەی دەسەڵاتی سیاسی و جێگەی هاوتەرازی ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگای کوردستاندا. هەوڵ دەدەین بۆ گەشەدانو پەرەپێدانی ئاگایی ژنان بۆ ناسینی مافەکانیانو هاوکات بەرز کردنەوەی ئاستی بڕوابەخۆ بوون لە ژناندا کە بە هێزی خۆیان ئەتوانن لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتوو بن.

**هەروەک دەزانن فێمینیستەکان لق و پۆپی جۆراوجۆریان هەیە، پارتەکەی ئێوە لەباری ئیدەو باوەڕەوە، سەر بە چ لقێک لە فێمێنیزمە؟ یانی ئەزموونتان لە کام لق لە فێمێنیستەکان وەرگرتوە؟**

**مەهین شوکرڵلاپوور:** لە پێرەوی ناوخۆی پارتی فێمێنیستی کوردستان پێناسەی فێمێنیزم لە ڕوانگەی ئێمەوە نووسراوە. ئێمە خۆمان تەنیا لە یەک لقی فێمینیستی دا کە بە پێی ئایدیۆلۆژیە باوەکان دابەش کراوە نابینینەوە. دەتوانین بڵێین ئێمە ئەزموونمان لە لقێ فێمێبیزمی ڕادیکاڵیش وەرگرتوە لەو ڕووەوە کە پێمان وایە فێمینیزمی ڕادیکاڵ بۆچوونێکە کە پیاوسالاری بە ڕیشەی گرفتەکانی ژنان دەزانێت. لەڕاستیدا فیمینیزمی ڕادیکاڵ پیاوسالاری وەک سیستەمێکی دەسەڵات سەیر دەکات کە کۆمەڵگا بەشێوەی پەیوەندییەکی ئاڵۆز لەسەر بنەمای پێش گریمانەی باندەستی پیاوان، ڕێکدەخاتو لەوەش بۆ چەوساندنەوەی ژنان کەڵک وەردەگرێت. فیمینیستە ڕادیکاڵەکان پێیانوایە هەڵاواردنو نایەکسانی ڕەزگەزیی بەهۆی دەسەڵاتی «سیستەمی پیاوسالاری»ە. سیستەمی پیاوسالاری لەهەر کۆمەڵگایەک لەگەڵ جۆرێک لەدابەشکردنی کاری ڕەگەزی بەهێزو سەقامگیر دەبێت. فیمینیستە ڕادیکاڵەکان پێیانوایە کە دەبێت گومان لەسەر هەر یەک لە ڕوبەرەکانی ژیانی ژنان بکرێت کە لەئێستادا بە «سروشتی» دێتە ئەژمارو، بەدوای دۆزینەوەی ڕێگە نوێکان بۆ تەواوی کاروبارەکانی ژیان بن. هاوکات ویستی بەشداریی یەکسان و نیوانیو لە دەسەڵاتی سیاس‌یدا و هەوڵ بۆ گۆڕینی یاسا لە ڕێگای دەسەڵاتدارییەوە دەچێتە خانەی فێمینیزمی لیبێراڵ. لە هەمان کاتدا لە ڕوانگەکانی سۆسیال فێمینیزمیش بێ بەش نین. کەواتە باشترە وەک لقێکی تایبەتی فێمینیزم نەمانبینن. ئێمە فێمینیستی کوردین کە بە پێی تیۆرییەکانی ئینتێرسکشنالیستی، کێشەی جیندەر و کێشەی نەتەوایەتیمان ئاوێتەی یەکترە و پێکەوە گرێ دراون.

**جیاوازیی ئێوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنانی کورد لە چ دایە؟ پێوەندییەکانتان لەگەڵیان چۆن دەبێ؟ شێوەی کار و تێکۆشانتان و بازنەی چالاکییەکانتان چۆن و کوێیە؟**

**مەهین شوکرڵلاپوور:** کاری ڕێکخراوە لە گەڵ حیزب وەکوو ساختار جیاوازە. هەر بەو پێیەش سنووری داخوازییەکان هەندێک جیاواز دەبن. دیارە ڕێکخراوە دەتوانی بە دوو دەستە دابەش بکرێ.



**پارتی فێمینستی کوردستان تازە دامەرزاوەو هێشتا پەیوندی راستوخۆمان وەکوو حیزبەکە لەگەڵ حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد نەگرتووە. دیارە بوکاری جیددی و بێوچان دەبێت پەیوندی نەزیکمان لەگەڵیان بێتو هاوکاری یەکتر بکەین کە لە راستیدا ئامانجەکانمان هاوبەشەو تەنیا ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانمان ڕەنگە هاوشێوە نەبێت**

ڕێکخراوەی ناحکوومی یا خود سەربەخۆ(NGO) و ڕێکخراوەی ناسەربەخۆ کە دەتوانێ لە ژێر دەسەڵاتی بۆ نموونە حیزبێ‌کدا بێ. ڕێکخراوە حیزبییەکان بە هۆی ئەوەی هەرکامە لە چوارچێوەی حیزبێکو ئایدۆلۆژی حیزبێک دامەزراون و بەڕێوبەرایەتی ئەو حیزبانەش بێ ئەملاولا پیاوانە و پیاوسالارانەیە، ناچارن هێڵە گشتییەکانی حیزبەکەیان بپارێزنو ئەمە بۆ خۆی زۆر جار سنووریان بۆ دادەنێت لە داخوازیەکانیان‌دا، بەڵام هەر ئامانجەکانمان لە کۆتاییدا بە ئاراستەی یەکسانی دەڕوات.

پارتی فێمینستی کوردستان تازە دامەرزاوەو هێشتا پەیوندی راستوخۆمان وەکوو حیزبەکە لەگەڵ حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد نەگرتووە. دیارە بوکاری جیددی و بێوچان دەبێت پەیوندی نەزیکمان لەگەڵیان بێتو هاوکاری یەکتر بکەین کە لە ڕاستیدا ئامانجەکانمان هاوبەشەو تەنیا ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانمان ڕەنگە هاوشێوە نەبێت.

**ئێوە دەڵێن لە هەموو کەرەسە پیشکەوتووەکانی جیهانی مودێرن کەڵک وەردەگرین بۆ بەرەوپیش بردنی خەباتەکەمان، لە حالێکدا کۆمەڵگەی کورد کۆمەڵگەیەکە کە زۆری ئەندامانی دەستیان بەم کەرەسە پیشکەوتوانەی جیهانی مۆدێرن ڕاناگا. ئەم بۆشاییە چۆن پڕ دەکەنەوە و چۆن وا دەکەن کە دەنگتان بە هەموو چینو توێژەکان بگا؟ مەبەستم ئەوەیە چۆن دەتوانن گۆڕان لەنێو کۆمەڵگەدا دروست بکەن و ڕوانینەکان بەرانبەر بە ژن بگۆڕن کە تەنانەت خودی ژنانی چالاک زۆربەیان لە وشەی فێمێنیست هەڵدەبەزنەوە ؟**

**مەهین شوکرڵلاپوور:** حیزبی فێمێنستی کوردستان پارتێکی نوێ لە ڕوژهەڵاتی ناوەڕاستە کە بە چەمکی فێمینیستی هاتوەتە گورەپانی خەبات. بە بڕوای ئێمەیش لە ئێستای بارودۆخی سیاسی کوردستان پارتێکی ئاوا هێشتا جێنەکەتووە چ بو خەڵکی ئاسایی و تەنانەت لەوانەیە بۆ ژنانی چالاکیش برێک نامۆ بێ، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکار بۆ پاشەکشە کردن و ماتلی کات و دۆخێکی نادیار بوون. هەرشتێک دەسپێکێکی هەیە. هەروەها لە دەورووبەریشمان لەم هەوڵانە دەدرێ. بۆ نموونە لەم ماوەدا حزبێکی ژنان لە لوبنان دامەزرا. نابێ چاومان لەو واقعیەتە ببەستین کە شەپۆلەکانی فێمینیزم گەشتۆتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لای ئێمەش و خەریکە کۆمەڵگامان دەلەرێنێ. هەر سەیری ژمارەی ژنانێک بکەن کە باس لە مافی خۆیان دەکەن و سەرنج دەدەنە کێشەکانیان. لە چاو دە ساڵ لەمەوبەردا جیاوازییەکی زۆر دەبیندرێ. هەروەها بۆ پێتان وایە زۆری ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی دەستیان بەم کەرەسە پیشکەوتوانەی جیهانی مۆدێرن ڕاناگا؟ ئیستاکە نە تەنیا لە لادێکان کە تەنانەت لە سفرترین نوقتەی مەرزیدا مۆبایلی ئینتەرنێتدار و ساتەلایت هەیە. گرینگ ئەوەیە لە بەکار هێنانی ئامێرەکانی پێوەندیدا ڕاستییەکانی کۆمەڵگامان لەبەرچاو بێت و تووشی هەڵەی سلەکتیویزم واتە خەباتی ئینتەرنێتی نەبین کە من لە دوورەوە دادەنیشم، شەرابەکەم پۆک پۆک دەخۆمەوە و بە کلیکی کۆمپیوتێرێک فەرمان دەدەم خەڵک لەناو خۆ بڕژێنە دەر و ئینقلاب بکەن!

ئیستا دەورەیەکی گوزارە. دوو جۆر فکری نوێ و کۆن خەریکی مشتومڕن. لە لایەکەوە سیستەمی پەروەردە لە کۆمەڵگای کوردستاندا سیستەمێکی تا سەر ئیسقان پیاوسالارەو کاریگەریەکانی ئەوەندە قووڵن کە تەنانەت برێک لە ژنانیش لە فێمنیزم سڵ دەکەنەوەو لە هەر کاردانەوەیەک بەرامبەر بە فێمنیزمدا سەرەتا بە خێرایی دەڵێن کە ئێمە دژی پیاو نین. ئەمە لا کاتێکدایە کە فێمنیزم دژایەتی بیرو فیکری پیاوسالاری دەکاتەوە نەک پیاوان وەکوو تاک. فێمنیزم بە گژ نایەکسانیو هەڵاواردنی ڕەگەزیدا دەچێتەوەو مەبەستی نیە ڕەگەزێک ژێر دەستەو ئەوی دیکە سەردەست بکات. هەرچەن باسی ڕاگرتنی قودرەت ودەسەڵاتیش لە لایەن ڕەگەزێکەوە، ئەگەرچی دەسەڵاتێکی بچووکیش بێ لەم باسەدا دەور دەگێڕێ بەڵام باسێکی دورودرێژە و لێرەدا ناگونجێ. لە لایەکی ترەوە بە هۆی پەرەسەندنی ئامێرەکانی پێوەندی و زانیاری، ئاگایی تاکەکانی کۆمەلگا چۆتە سەر و ژنانی جیلی ئیمرۆ زۆر لەگەل جیلی پێشوو جیاوازن. زانیاری تەنانەت سەتحیش بێ دەبێتە مایەی تێفکرین. ژنان دەخوێننەوە و دەبیستن. دیارە لای خۆیان بیر دەکەنەوە باشە بۆچی و تا کەی کۆیلەتی؟ وەک مرۆڤێک چیمان لە پیاو کەمترە کە دایمە سەرکۆنە و سەرکوت بکرێین؟ ژنانی پێشمەرگە سەیری خۆیان دەکەن. دەبینن ساڵها خەباتیان کردوە، زیاتر لە پیاوانیان نەکردبێ کەمتر نەبوە. دەی لەخۆیان دەپرسن بۆ هەر دەبێ یەک ڕەگەز ساڵار بێ و گشت توانایی ڕەگەزەکەی تر ئیهمال بکرێ؟ بۆچی ژن لە سەرۆکایەتی و دەبیرکولی و ڕێبەرایەتیدا هەر نەبێ و نەبێ؟ وڵامی ئەو پرسیارانەیە کە زەروورەتی هاتنە مەیدانی پارتێکی فێمێنیستی دەردەخات بەئاڵای یەکسانی کە هێزو تواناکانی بۆ گوڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵگای پیاوسالاری داناوە و بە دڵنیایەوە کارێکی سەختو دورودرێژی لە ئەستۆیە.

ئێمە تێدەکۆشین بۆ ئەوەی بتوانین لە هەموو توانایییە ئینسانیەکانمان کەڵک وربگرینو هەموو ئەندامان بەرپرس بن لە بەریوبەردنی ئەرکەکانی حیزبدا. پلە و پایە و جیاوازیمان نیە. کەس لەکەس بەرەوسەرتر نیە و هەر ئایدیایەکی جوان و تازە بەگەرمی بەخێراتن و پێشوازی دەکرێ. پەروەردە کردنی ژنانی بە تواناو خاوەن ئیرادە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیکانی ئێمەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان .دیارە لەم بارەوە زیاترو وردتر لە پێڕەوی ناوخۆماندا‌و هەروەها مەرامنامەدا ئاماژەمان پێی داوە.

**پارتی فیمینیست، چۆن دەتوانێ لە دەرەوەی دنیای مەجازییش حوزووری هەبێ؟**

**مەهین شوکرڵلاپوور:** فکر و ئایدیا یەکسانیخوازەکانی پارتی فێمینیستی کوردستان کە بچێتە مێشک و باوەڕەکانەوە، گرینگترین دەسکەوتە. دەسکەوتی واقعی نە مەجازی. بۆ پێتان وایە ئەو مۆدێلی حیزبایەتی لای ئێمەی کورد واتە هەبوونی دەفتەر و دەستەک و ئۆردووگا و هێزی چەکداری (هەرچەن لە دەری وڵات) مۆدێلی واقعییە و هەرلایەنێک ئەوانەی دانەنا مەجازیە؟ ئیتفاقەن ئەوە مۆدێلێکی کۆنی سۆڤییەتە و زۆریش باوی نەماوە و ئەزموونیش نیشانمان دەدا چەندان وڵامدەر نەبووە! دیارە سیستەمی حیزبایەتی لە هیچ کوێ جیهان کامل و بێ ڕەخنە نیە بەڵام هەن وڵاتانێکیش کە حیزبیان لە دەفتەر و دەستەیەکدا خولاسە نەکراوە و بێ ئەوەی ئۆفیسێکی دیاریکراویان بێ، بە کەمپەینی سیاسی کار دەکەن. ئێمە وەک پارتی فێمینیست هەوڵدەدین بۆ بارهینانی ژنان سەبارەت بە مافەکانیان لە دژی یاسا، داب و نەریتی دواکوتووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی ژنان و کاریگەری سیاسی ناو حیزب و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنان بۆ بەدی هاتنی مافو داخوازیەکانی ژنان. ئامانجەکانی ئێمە تەنیا لە خۆمان و ئەندامەکانماندا خۆلاسە ناکرێتەوە. ئەگەر بێتوو ئاڵوگۆڕی وا لە پارتە کوردییەکانماندا دروست ببێ کە ژنانی بەڕاستی یەکسانیخواز، نە بەڵێ ویژ و ویترین، ببنە ڕێبەر و سکرتری پارتەکان، و هەروەها ژنان بۆ کاری هاوبەش لێک نزیک بنەوە (بە پێچەوانەی ڕێبەرانی پیاویان کە بەداخەوە دایمە دژ بە یەک و ناکۆکن) ئەوە ئێمە بە بەشێک لە ئامانجەکانمان گەیشتووین و زۆریش پێی خۆشحاڵ دەبین.

**دەکرێ باسێک لە بەرنامەکانی خۆتان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا بکەن؟**

**مەهین شوکرڵلاپوور:** پارتی فێمێنیستی کوردستان خوازیاری پێک هاتنی کۆمەلگایەکی ئاسوودەیە بۆ هەمووتاک و مروڤێک کە تێدا ژیان دەکات. بو بەدیهاتنی ئەم مەبەستە ئێمە وەک حیزبێکی فمێنیستی ئامانجی ساڵانەمان دیاری کردەو بە پێی ئەو ئامانجانە پێویستە هەنگاو بە هەنگاو بچینە پێش. ئێمە خۆمان بە حیزبێکی مەجازی نازانین بەلکوو حیزبێکی بەرهەمی شۆڕشێکی فیکری ژنانین، بەڵام بە هەموو شێوازێک کەڵک لە دنیای مەجازیش وەرئەگرین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان.

# میدیا و پیاوسالاری



ڕێبوار مەعروفزادە

کاریگەری میدیا بە بەردەوامی زۆرتر دەبێ بە هۆی ئەوەی خەڵک لە چوارگۆشەی جیهان بۆ وەرگرتنی زانیاری و بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش کەڵک لە میدیا وەردەگرن. بازرگانەکان، خاوەنانی کۆمپانیا، چالاکانی مەدەنی، سیاسەتمەداران و خەڵکی پسپۆر سەرمایەگوزاری لە میدیادا دەکەن تا پەیامی خۆیان بە شێوەیەکی خێرا و کاریگەر بە خەڵکێکی زۆر بگەیەنن. جگە لەمە گەشەی تەکنۆلۆژی، کەڵک وەرگرتن لە کامێرای پێشکەوتوو، کامپیوتێر و ئینترنێت، ئەو هێزەی بە میدیا بەخشیوە تا بەردەنگ بە دەنگ و وێنەگەلێکی زۆرتر و ئالۆزترسەرقاڵو سەرسام بکا. هەر بۆیە زۆرێک لە خەڵک نەتەنیا جیهان لە ڕێگەی میدیا دەبینێ بەڵکوو چۆنیەتی بیرکرنەوە و تێگەیشتنی لە جیهانیش هەر بە هۆی میدیایە. میدیا دەتوانێ هیوای ژیان و داهاتوویەکی ڕوون بۆ بەردەنگی دروست بکا و دەشتوانێ تووی نائۆمێدی و ڕەشبینی بچێنێ. بەڵام میدیا بەشێوەیەکی بێ لایەنانە هەڵسوکەوت لەگەڵ واقعییەت ناکا و هەوڵ دەدا کە بەشێک لە واقعییەتێک بە شێوەیەکی تایبەت نیشان بدا. لەو وتارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە سێ ئامرازی وەک تەلەڤیزیۆن، ڕۆژنامە و ڕێکلام بە ڕێگەی جۆراوجۆر پەرەیان بە پیاوسالاری داوە. پیاوسالاری ڕوانگەیەکە کە کار بۆ ئەوە دەکا کە پیاوان لە بواری جۆراوجۆر هێژمۆنیان بە سەر ژنان دا هەبێ. پیاوسالاری هەر وەک چۆن سەردەمانێک بەشێک لە خەڵکی سپی پێست لە ئورووپا و ئەمریکا بە چاوی سووک سەیری ڕەش پێستەکانیان دەکرد، پیاوسالاریش بەو شێوەیە لە ژنان و تواناکانی ئەوان دەڕوانێ. پیاوسالاری لەمپەرێکی گەورەیە لەبەردەم مرۆڤسالاری.

## فیلم و پیاوسالاری

تەلەڤیزیۆن و فیلم لە ڕێگەی نیشاندانی ژنان وەک کاراکتێری پاسیڤ و پاشکۆی پیاوان، پەرەیان بە پیاوسالاری داوە. لە زۆربەی فیلمەکاندا، پیاوان ڕۆڵی یەکەمیان هەیە و وەک قارەمانی فیلم ڕۆڵ دەگێڕن بەڵام ژنان زۆربەی کات ڕۆلی لاوەکیان پێ دەدرێ. بۆ نموونە بە پێی لێکۆلینەوەی کە مارتا لاوزن، (Martha Lauzen)، ماموستای زانکۆی سان دیاگۆ، ئەنجامی داوە بەشداری ژنان لە ١٠٠ فیلم کە لە ساڵی ٢٠١٣ زۆرتریان فرۆشیان هەبووە بەمشێوە بووە؛ تەنیا ١٥٪ قارەمان و کەسی یەکەمی فیلمەکان ژن بوون، تەنیا ٢٩٪ کاراکتێرە گرینگەکان و ٣٠٪ ئەو کاراکتێرانەی قسەیان کردوە ژن بوون. کەوایە لەو ١٠٠ فیلمە نزیک ٧٠٪ کاراکتێرە ژنەکان، لەو فیلمانەدا بەشدار بوون بە بێ ئەوەی قسە بکەن. ئەو فیلمانە ئەو ڕوانگەیە پەرە پێ دەدەن و دووبارەی دەکەنەوە کە ژنان ناتوانن ڕۆلی سەرەکی و گرینگ وەئەستۆ بگرن. بەڵام ئەگەر خەڵک ببینن کە ژنان لە نێو فیلمەکاندا ڕێبەر و بەڕێوەبەرن، ئەوە خەڵک هان دەدا کە لە ژیانی واقعیش دا متمانەی زیاتر بە ژنان بکەن بۆ ئەوەی بەرپرسیارەتی ڕێبەری و بەڕێوەبەریان پێ بدەن. گینا دەیویس لە ساڵی ٢٠٠٥ لە فیلمێکدا بە ناوی کاماند ئین چیف (Command in chief) ڕۆلی سەرۆک کۆماری ئەمریکای گێرا. دوای فیلمەکە ڕاپرسییەکی ئەنجامدا کە لەودا ٦٨٪ بەشداربووان کە فیلمەکەیان دیتبوو، ڕەزامەندی یەکی زۆرتریان پەیدا کردبوو بۆ ئەوەی سەرۆک کۆمارێکی ژنیان هەبێ.

تەلەڤیزیونەکان ژنانی گەنج زیاتر نیشان دەدەن و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەکارهێنانە ئامرازی و سێکسی‌یە کە میدیا لە ژنان و جەستەی ژنان دەیکا. بۆ نموونە ژنانی ئەمریکی لە نێوان تەمەنی ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ تەنیا ٣٩٪ حەشیمەتی ژنانی ئەمریکا پێکدێنن. ئەوە لە حالێکدایە کە ٧٠٪ ئەو ژنانەی لە میدیای ئەمریکادا دا نیشان دەدرێن، تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ دایە. تەلەڤیزیۆنەکان لە نێو فیلمەکانی دراما، ڕوانگە کۆن و نەرێنی‌یەکان لەهەمبەر ژنان بەکار دەهێنن تا پیاوسالاری لە زەینی منداڵان وەک شتێکی ئاسایی و سروشتی جێ بگرێ. بە پێی لێکۆلینەوەیەک کە ڕێکخراوی گینا دەیویس (Geena Davis Institution)

ئەنجامی داوە، لە نێوان ١٢٩ فیلمی دراما کە ئەوان سەیریان کردوە، تەنیا ٢٨,٣ ٪ کاراکتێرە قسەکەرەکانی ئەو فیلمانە لە ڕەگەزی مێ بوون؛ بۆ ئەو درامایانەی تایبەت بە منداڵان بووە، تەنیا ٣٠,٨٪ کاراکتێرە قسەکەرەکان لە ڕەگەزی مێ بوون. بەو پێیە ئەو فیلم و درامایانە منداڵان وا پەروەردە دەکەن کە بێ دەنگ و پاسیڤبوون تایبەتمەندییەکی ئاسایی ژنانە و ئەوان لە داهاتوودا پێویستە پاسیڤبووبی ژنان بە بەراورد بە پیاوان وەک شتێکی ئاسایی وەربگرن.

«کیسەلەکان دەتوانن بفرن» یەکێک لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی دەرهێنەری کورد، بەهمەنی قوبادی یە. ئەو فیلمە باسی ژیانی دژواری کۆمەڵێک منداڵ لە کەمپ لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق دەکا. فیلمەکە سێ کاراکتێری سەرەکی هەیە؛ دوو کور بە ناوەکانی هەنگاو و سەتەلایت و کچێک بە ناوی ئاگرین. سەرەرای ئەوەی هەنگاو دوو دەستی نیە، ئەو قارەمانی ئەو فیلمەیە و پارێزگاری لە ئاگرینی خوشکی دەکا. ئاگرین لەو فیلمەدا کاراکتێرێکی پاسیڤی هەیە؛ ئەو تاکە کاری ئەوەیە ئاگای لە منداڵەکەی بێ و لە کۆتایی دا خۆی دەکوژێ. فیلمی «کیسەڵەکان دەتوانن بفرن» لەگەڵ ئەوەدا توانیوێتی ئازاری ئەو منداڵە کوردانە بە باشی نیشانی بینەر بدا، بەڵام تەنیا کاراکتێری سەرەکی مێینەی ئەو فیلمەی، ئاگرین، وەک کاراکتێرێکی بێ ئیرادە نیشان دراوە. فیلمەکە بۆ ژنان هەڵگری پەیامێکی ئەرێنی و هیوابەخش نیە.

## ڕۆژنامە و پیاوساڵاری

ڕۆژنامەکان وەک بەشێک لە میدیا دەتوانن ببنە هۆکاری مانەوە و پەرەگرتنی پیاوسالاری. ڕۆژنامەکان زۆربەی کات لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە زمانێکی سێکسی، توانا و دەستکەوتەکانی ژنان بچووک نیشان دەدەن. زمانی سێکسی بە زمانێک دەوترێ کە بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەگەزەکان ناکا و لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە هێندێک دەستەواژە، یەکێک لە ڕەگەزەکان، زۆربەی کات ژنان، سووک و بچووک نیشان دەدا. تایتێلی ڕۆژنامەکان زۆربەی جار ڕوخساری ژنان بەرجەستە دەکاتەوە لەحالێکدا بە نیسبەت پیاوان، جەخت لەسەر شارەزایی و بەرپرسیارەتیان دەکا. ناوەندی بریتانیا بۆ ژنان لە بەشی زانست، ئەندازیاری و تەکنۆلۆژی (UKRC) بۆ ماوەی ٦ مانگ سەیری ١٢ ڕۆژنامەی بەناوبانگی بریتانیای کردوە و بۆی دەرکەوتووە کە ئەو ڕۆژنامانە لەهەمبەر ٥٠٪ ژنانی پسپۆر و زانا باسی ستایلی جل و قژی ئەو کەسانەیان کردوە لەحالێکدا تەنیا بۆ ٢٠٪ پیاوانی هاوئاست ئەو کارەیان کردوە. هەروەها لە تەواوی ئەو کەسانەی ئەو ڕۆژنامانە لەو ٦ مانگەدا وەک شارەزا نەقلی قەوڵیان لێ وەرگرتوون، ٨٠٪ لە ڕەگەزی نێر و تەنیا ٢٠٪ لە ڕەگەزی مێ بوون. لە زۆربەی ڕۆژنامەکان دا، پیاوانی پیاوسالار خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و نووسەرن، هەر بۆیە جیهانێکیش کە نیشانی دەدەن لە بەرژەوەندی پیاو دایە.

زۆرێک لەو دروشمانەی تەنانەت باس لە ئاشتی نێوان نەتەوەکانیش دەکەن هەڵگری زمانێکی سێکسی و پیاوسالارانەن. بۆ نموونە دروشمگەلێک وەک «کورد و تورک بران» یان «کورد و عەرەب بران» هەڵگری زمان وعەقلانییەتێکی پیاوسالارانەیە چونکە پێوەندی نێوان دوو نەتەوە بە پێوەندی نێوان پیاوانی ئەو دوو نەتەوەیە کورت دەکەنەوە. هەروەها ئەو دروشمانە نوێنەرایەتی نەتەوە بە نوێنەرایەتی پیاوان کورت دەکەنەوە. بە جێگەی ئەو دروشمانە دەکرێ بلێین «کورد و تورک هاوڕێن» یان «بژی هاورێیەتی کورد و تورک». لە زمانی ئینگلیسیش دا پێشتر وشەی Men کە بە مانای پیاوان دێ، بۆ ئاماژە بە مرۆڤەکان بەکاردەهێنا بەڵام بە هۆی گەشەی ڕەوتی فێمێنیستی، ئەوانیش پێداچوونەوەیان بە زمان و ئەدەبیاتی خۆیان کردوە و ئێستا زۆربەی کات لە وشەی Humans کە تەعبیر لە ژن و پیاو دەکا بۆ ئاماژە بە مرۆڤەکان کەڵک وەردەگرن.

شێوەی دارشتنی هەواڵێک دەکرێ بە شێوەی سێکسی بێ و هەوڵ بۆ بایەخ دان بە پیاوان و بچووک کردنەوەی ژنان بدا. لێرەدا چاو لە تایتێلی ڕاپۆرتێک دەکەین کە سۆران عومەر لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٣ لە سایتی خەندان بڵاوی کردۆتەوە. تایتێلی ڕاپۆرتەکە ئەوەیە: «ئەو ئافرەتەی لە لوبنان دەستگیر کراوە ژنی ئەبووبەکر بەغدادی نییە«. تایتێلەکە بە ناونەهێنانی ناوی ژنەکە، ئەو پەیامە بە بەردەنگ دەدا کە ئەوەی گرینگە مێردی ئەو ژنەیە نەک خۆی. ڕاپۆرتەکە لە درێژەدا دەڵێ کە ئەو ژنە خوشکی عومەر عەبدوڵحەمید دلیمی‌یە کە ئەمیری یەکێک لە کەتیبە سەربازی یەکانی داعشە. ڕاپۆرتنێر لە زەقکردنەوەی ئەبووبەکر بەغدادی‌یەوە دەروا بۆ بەرجەستەکردنی پیاوێکی دیکە بە ناوی عومەر عەبدولحەمید بە بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بەوە بدا کە ئەو ژنە واتە سەجا عەبدولحەمید دلیمی کێیە و چ دەورێکی لە داعش دا هەبووە. بیرکردنەوەی پشت ڕاپۆرتەکە ئەوەیە کە ئەو ژنە وەک خۆی گرینگ نیە، بەڵکوو کاتێک گرینگی پەیدا دەکا کە ژن یا خوشکی پیاوێکی گرینگ بێ.

## ڕێکلام و پیاوسالاری

ئەگەرچی ڕێکلام دەتوانێ کاریگەری خراپی لەسەر هەر دوو ڕەگەزی مێ و نێر بێ بەڵام زۆربەی کات ڕەگەزی مێینە دەکاتە ئامانج و ئامراز. ڕێکلامەکان هەوڵ دەدەن هەستێکی نائەمنی سایکۆلۆژی و دڵەراوکێ لە ژنان دروست بکەن تا پەنا بۆ کرینی شتومەکی جوانکاری بەرن. زۆربەی ڕێکلامەکان لە ژنانی کز و سپی پێست کەڵک وەردەگرن. ئامانج لەو ڕێکلامانە ئەوەیە کە بە بەردەنگی ژن و پیاو بلێن کە مۆدێل و باشترین ستایلی ئافرەت ئەوانەن کە زۆر کزن، پێستی سپی و سافیان هەیە. ژنان بە هۆی ڕێکلام نیگەرانی کەشی خۆیان دەبن و هەوڵ دەدەن ئەو ئایدیالە لە لەشجوانی دەستەبەر بکەن. بە پێی لێکۆڵینەوەی ناوەندی تێکچوونی باری خواردنی ئەمریکا (National Association of Anorexia and Associated Disorder)، ژنان زۆر زیاتر تووشی تێکچوونی باری خواردن دەبن. هەروەها بە پێی لێکۆلینەوەکە ٥٣٪ کچانی ١٣ ساڵی ئەمریکی لە کەشی خۆیان نارازین؛ ئەو نارەحەتی‌یە بۆ ٧٨٪ ئەو کچانە بەرز دەبێتەوە کاتێک دەگەنە تەمەنی ١٧ ساڵ. ڕێکلامەکان زۆربەی کات وێنەی ئەو کچە مۆدێلانە نیشان دەدەن کە بە کامێرا و کامپیوتێر وێنە و فیلمەکانیان مۆنتاژ و دیزاین کراون بە شێوەیەک کە هیچ چین و چرووکێک لە دەموچاو دا نیە یان هیچ بەرزگێکیان نییە. ژنان لە ئەمریکا ساڵانە لە نێوان ١٢٠٠٠ دۆلار تا ١٥٠٠٠ دۆلار بۆ کرینی شتومەکی جوانکاری و ڕۆیشتن بۆ سالۆنی ئارایش خەرج دەکەن. ئەو ڕێکلامانە ئەو پەیامە بە ژنان دەدەن کە گرینگ نییە چ کردەوە یان سەرکەوتنێکیان هەبووە بەڵکوو شتێک کە سەرەکی یە ئەوەیە کە لەشێکی جوان و ڕۆخسارێکی جوانیان هەبێ.

ڕێکلامەکان بە شێوەی ناراستەوخۆ توندوتیژی بە دژی ژنان پەرە پێ دەدەن کاتێک کە لەشی ژنان لەتەنیشت کالایەک یان وەک کالایەک نۆمایش دەکەن. جین کیلبورن (Jean Kilbourne)، دەرهێنەر و نووسەر، لەو بڕوایە دایە کە نیشاندانی مرۆڤێک وەک ئامراز، زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان هەنگاوی یەکەم بووە بۆ ئەوەی شەرعییەت بە توندوتیژی لە دژی ئەو کەسە بدرێ؛ مرۆڤ وەک شتومەک نۆمایش دەکرێ و توندوتیژی دەبێتە بابەتێکی بێ ئەملاوئەولا.

لێرەدا نموونەیەک لە ڕێکلام دەبینین کە کۆمپانیایەکی ئەمریکی لەساڵی ١٩٦٧ بۆ فرۆشتنی سیگار کەڵکی لێ وەرگرت . ڕێکلامەکە ئاوا وەسفی سیگارەکە دەکا: «سیگار وەک ژن وایە، باشترینیان کز و دەولەمەندە.




کۆمپانیایەکە لە لایەک ژنی کز و دەوڵەمەند وەک ئایدیال نیشان دەدا و لە لایەکی دیکە ژن وەک کالایەک هاوشێوەی سیگار نیشان دەدا. ئەو بە ئامرازکردنەی ژن لە ڕێکلام دا بەستێنی زەینی خۆش دەکا بۆ ئەوەی پیاوان ژن وەک ئامراز سەیر بکەن و خۆیان بە کڕیار و خاوەنی ژنان بزانن. بەو پێیە ڕێکلامی لەم چەشنە بە هێنانەخواری بەهای ژنان تا ئاستی کالایەک، توندوتیژی دەرهەق بە ژنانیش هەر وەک






هەڵسووکەوتی خاوەن کالا لەگەڵ شتومەکەکەی، ئاسایی و نۆرمالیزە دەکا.

## ئاکام گیری

سیستمی پیاوسالاری لە ڕێگەی کۆنترولکردنی میدیا هەوڵ بۆ نوێکردنەوە، بەردەوامی و بەرهەمهێنانەوەی خۆی دەدا. لە شوێنێک دا کە میدیا لە زمانێکی سێکسی و پیاوسالار کەڵک وەردەگرێ و ئەو زمانە وەک شتێکی ئاسایی و تەنانەت بەشێک لە ئازادی بەیان وەردەگیرێ، نیشانەی بەهێزبوونی پیاوسالاری و لاوازی وشیاری فێمێنیستی لەو کۆمەڵگەیە دایە. ئەرکی ڕەوتی فێمێنیستی ئەوەیە تێگەیشتن و وشیاری گشتی لەهەمبەر ڕۆلی میدیا لەهەمبەر پەرەدان بە پیاوسالاری بەرێتە سەرێ. فیلم، ڕۆژنامە و ڕێکلام دەتوانن هەڵگری پەیامگەلێک بن کە ئامانجی بە ئامرازکردن و بچووک کردنی ژنان بێ. خوێندنەوە و لێکۆلینەوەی فێمێنیستی بۆ میدیای کوردی دەتوانێ بەستێنی هەبوونی میدیایەکی مرۆڤتەوەرتر خۆش بکا.

Works Cited

Al-Ramahi, R. A. (2013). Sexist Manifested in the Language of Nursery Rhymes: Analysis of Sexist linguistic Features. European Scientific Journal, 8.

Breitman, K. (2014, September Monday). Politico. Retrieved December 3 December, 2014, from politico: https://www.google.iq/#q=9%2F29%2F14

Caldas-Coulthard, C. R. (1995). Man in the News: the Misrepresentation of Women Speaking in News-as-Narrative-discourse. Birmanghan University International Language Debates, 8.

Disorders, N. A. (2014, December 2). Anad. Retrieved December 3, 2014, from Anad : http://www.anad.org/get-information/about-eating-disorders/eating-disorders-statistics/

Evans, K. (2012). Media Representations of Male and Female. Internet Journal of Criminology © , 8.

Ghobadi, B. (Director). (2005). Turtles Can Fly [Motion Picture].

Gull, R. (Director). (2014). Ahol advertising for washing machine [Motion Picture].

Hamedy, S. (2014, March 11). Report: Just 15% of lead characters in major movies are female. Retrieved December 1, 2014, from articles.latimes.com: http://articles.latimes.com

https://www.youtube.com/watch?v=hZkC_fNx-mQk (Director). (2011). Misrepresentation, The media›s manipulative influence over your morals [Motion Picture].

Jenny Kitzinger, M. C. (2008). Gender, Stereotypes and Expertise in the Press: Cardiff School of Journalism, Media and Cultural Studies, iii.

Media, G. D. (2012). THE THIRD GLOBAL SYMPOSIUM. THE THIRD GLOBAL SYMPOSIUM, 7.

Talks, T. (Director). (2014). Looks are not everything. Believe me, I am a model. [Motion Picture].

2014) .کهریم, س, December 3 December). xendan. Retrieved December 4 December, 2014, from Xendan: http://www.xendan.org/dreja.aspx-?=hewal&jmara=20816&Jor=1

کوردستان

ژمارە: ٦٥٧

١٦ی جۆزەردانی ١٣٩٤

٦ی ژوئەنی ٢٠١٥

# شێعریی مۆدێڕن یان شێعری ڕۆژ؟



ئەرسەلان چەڵەبی

لە ١٠ساڵی ڕابردوو بە تایبەت ئەو دواییانە لە لایەن کۆمەڵێک نووسەر و شاعیرەوە بەردەوام بانگەشەی دەقی مۆدێڕن و شێعری مۆدێڕن دەکرێ و کۆمەڵێک لەو کەسانە زۆر جار ئیدعای ئەوەیان بووە کە دەقی مۆدێڕنییان بڵاو کردۆتەوە و خۆیان وەک نوێنەری ئەدەبیاتی مۆدێڕن ناساندووە.

بەهەڵە تێگەیشتنێک لە ناو تاقمێک لەو کەسانەدا هەیە کە بە وردی نە ئەرکی ئەدەبیات دەزانن و نە ڕۆڵ و پێگەی وشە لە شێعر دا دەناسن و نە لە واتای نوێگەری و نوێبوونەوە لە شێعر تێدەگەن، ئەو هەڵەیەش ئەوەیە کە ئەو بەڕێزانە بە هۆی ئەوەی بیستوویانە نوێگەری لە ئەدەبیات شتێکی باشە و خستنە رووی فۆڕم و زمانێکی نوێ بایەخێکی تایبەتی هەیە، ئەوانەش بی ئەوەی لەو واتایانە و مەبەستی شاراوە یان ئاشکرای پشت ئەو گوتانە تێگەیشتبن، نوێگەری و تازە کردنەوەی شێعر لەگەڵ مودێڕنیزاسیۆن لە بواری پیشەسازی دا لێک جودا ناکەنەوە و پێیان وایە بەکاربردن و هێنانە ئارای ناوی ئەو کەرەسە و مەکینە پیشەسازییانەی بەرهەمی دونیای بە پیشەسازی کراون، واتای مودێڕن بوون و تازە بوونەوەی شێعری هەیە. لە هیچ کوێی شێعری مەزنە شاعیرانی وەک ئۆکتاویووپاز و سان ژۆن پێرس و ئیلیووت و شاملوو و شێرکۆ و... یان ئەو وشانە نەهاتوون یان ئەگەریش لە شوێنێک ناوێکیان لێ هاتبێ ئەوە پێویستیی فەزای شێعرەکە ئەوەی ویستووە، نەک بە زۆرە ملی وشەکە بپستێونە ناو شێعرەکەوە. کۆمەڵێک لەو شاعیرانە پێیان وابووە ئەگەر ناوی مەکینە و کەرەسەی مودێڕن بەرێ ئەوە شێعرەکەی مودێڕن دەبێ.

ئەگەرچی مودێڕن بوون یا نەبوونی ئەو وشە و واتایانەی لە شێعردا بە دەکار دەبرێن، پێوەندی بە ئاستی هونەری شێعرەکەوە نییە و ئەو نووسینەش جێگای ورووژاندی ئەو باسە نییە، بەڵام ئاماژەیەک بە خوێندنەوەی دکتۆر «زیای موەحید» وەک شاعیر و ڕەخنەگر بۆ بەشێک لە کتێبی «ئەدەبیات چییە»ی «ژان پۆل سارتر» دەکەم. « چون ڕاستەوخۆ پێوەندی بە بابەتەکەی بەرباسی ئێمەوە هەیە. موەحید دەڵێ: سارتر لەو بەرهەمەدا دابەشکارییەک لە مابەین شێعر و چیرۆک دەخاتە ڕوو و پێی وایە شاعیر بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام چیرۆک نووس لە بەرانبەر بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەرپرسیارە و پێویستە ئاگای لە بەردەنگان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەوانیش ببێ. هۆکاری ئەوەی کە سارتر بیروڕایەکی وا سەبارەت بە شێعر و چیرۆک دەخاتە ڕوو ئەوەیە کە شێعر بوارێکە کە لەو دا زمان وەک کەرەسەی ڕاگەیاندنی هەواڵ بەکار نابردرێ. واتە زمان لە شێعر دا وەک کەرەسەیەکی هونەری چاوی لێدەکرێ و شاعیر بە چەشنێک لەگەڵ وشە هەڵسوکەوت دەکا کە هاوشێوەیە لەگەڵ هەڵسوکەوتی مووسیقازانێک لە گەڵ نۆت و وێنەرێک لەگەڵ ڕەنگ و پەیکەرەسازێک لەگەڵ کەرەسەکانی تایبەت بە کاری خۆی. بە واتەیەکی ڕوونتر دەبێ بڵێین شاعیر لە سەر کەرەسە زمانییەکان کار دەکا.(*٢) جاری وایە ئەو لەو پڕۆسەی کارەدا بابەتی مودێڕنیش باس دەکا و جاری وایە نا. بەڵام ئەگەر زمان وێران بوو و پێکهاتەی شێعر لەبەر یەک بڵاو بوو و کار گەیشتە سەر قسەی بێ بنەما و شتی سەیر و سەمەرە کوتن، ئەو کات ئیتر نە واتای مودێڕن بەکار بردن شێعرییەت دێنێ و نە هێنانەوەی قسەی سەیر و سەمەرەی دوور لە زمانی جوانیناسانە و هونەری، بەرهەم دەئافرێنێ.

«جاوید فەرهاد» نووسەر و ڕەخنەگری فارس لە وتارێکدا سەبارەت بە «شیعری مۆدێڕن» دەڵێ: واتای «شیعری مۆدێڕن» لە پاش ئاشنایی ئێمە لە گەڵ «مۆدێڕنیتە» و ڕەوتە ئەدەبییەکانی مۆدێڕنی ئورووپا، هاتە ناو ماڵی ئەدەبی ئێران و دواتر کوردستان، پاشان لە ڕێگای وەرگێڕان و خوێندنەوەی دەقی شاعیرە ئورووپاییەکان بە تایبەت «سەمبۆلیستەکانی فەڕانسە» بەرەو ئەو بەستێنە واتە «شیعری مۆدێڕن» چووین. هەر بەو هۆیە زۆر یەک لە ڕەخنەگران و شاعیران لەو ناوەدا تووشی سەرلێشێواوی و لێکدانەوەی هەڵە بوون. کە واتە بە هۆی تامەزرۆیی زێدە و توندڕەوییەکی هەڵەی نوێخوازی و هەروەها لاسایی کردنەوەیەکی موتڵەق لەو بەستێنە دا ون بوون و بە بێ ئەوەی تێگەیشتنێک و دەرکێکی قووڵیان لەو واتایە هەبێ ڕوانگە و بۆچوونی هەڵەی خۆیان بەو بابەتەوە گرێ دا.»

کێشەی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای ئێمە لەو جێگایەوە سەرچاوە دەگرێ کە بە بێ گرینگی دان بە واتا سەرەکییەکانی مێژوویی، کلتووری و سیاسی و زۆر بابەتی کە، بە لێکۆڵینەوە و بڕیار و ڕوانگەی هەڵەی شەخسی زەینمان لێک دەدەینەوە. لێکدانەوەی «شیعری مۆدێڕن» بۆ کۆمەڵێک کەس لە ناو بەستێنی ئەدەبیاتی ئێمەش، تووشی ئەو هەڵانە بووە، واتە بە تێگەیشتنێکی ڕاست و زانستی لە واتای «مۆدێڕن» و «مۆدێڕنیتە» لە ئەدەبیات نەگەیشتوون. لەو بازارە بێ سەرەوبەرەیەی ئەدەبیاتی ئێمەش بە کارهێنانی کۆمەڵێک وشەی پیشەسازیی تازە و ڕەق و تەق و هەروەها هێنانە ئارای کۆمەڵێک واتای بێ بنەما و سەیر و سەمەرە بۆتە ڕەوتی شیعری مۆدێڕنی ئێمە.

شیعری «مۆدێڕن» ڕەوتێکی ڕەوانە کە لە هەناسەی «مۆدێڕنیتە» و هەروەها بە ئەزموون و تاقیکاری قووڵ و پاڵپشتی فەرهەنگی لە ئورووپا بەرهەم هاتووە. ئەو ئاڵ و گۆڕەش لەگەڵ بەستێنی مێژوویی خۆی لە پاش ڕێنێسانس کەوتە گاگۆڵکە. ئەدەبیاتی ئورووپاش لە پاش تێپەڕ کردنی سەردەمی قەیران و نەهاتی لە سەدەکانی نێونجی و بوونی ئەزموون لە سوننەت و ناسینێکی قووڵ لە واتای «سوننەت زەدەگی» لە هەموو بابەتێک بە تایبەت «ئەدەبیات» و هەروەها لە پاش چەند دەیە تاقیکاری و ڕاهێنان، شوورەی کۆنەپەرەستی و دواکەوتوویی ڕووخاند و گەیشتە «ئەزموونی مۆدێڕنیتە».

ئێستاکەش کاتێک لە گەڵ واتای «مۆدێرن»، «مۆدێڕنیتە»و «شیعری مۆدێڕن» بەرەوڕوو دەبینەوە دەبێ سەرەتا پێناسەمان لە مۆدێڕن و مۆدێڕنیتە بە گرینگی دان بە دوا ڕوانگەی مێژوویی_کلتووری ڕوون بێتەوە بۆ ئەوەی کە بتوانین پاکانەیەکی دوروست لە واتای مۆدێڕن و مۆدێڕنیتە و دواتر «شێعری مۆدێڕن» بێنینە ئاراوە.

لە بابەت شێعری مۆدێڕن بە پێناسەی ئورووپایی وەکوو ڕەوتێک لە ئورووپا، ئێمە ئێستاش بە ئەزموونگەلی مێژوویی_فەرهەنگی مۆدێڕنیتە و ئەدەبیاتی مۆدێڕن نەگەیشتووین و لە ئێستا دا خەریکی ڕاهێنان و تاقیکارین ئەویش بە پشت بەستن بەو وەرگێرانەی کە لە دەقی مۆدێڕن هاتۆتە بەرهەم. بۆ تێگەیشتنێکی مەنتقی و دوروست لە واتای «شێعری مۆدێڕن» باشتر وایە لە واتای «شێعری ڕۆژ» کەڵک وەرگرین، چۆن بە کەڵک وەرگرتن لەو واتایە بە پێناسەیەکی ڕوون لە شێعر دەگەین.

لێرەدایە کە دەتوانین بڕیار بدەین ئەو دەقانەی کە ئێستا وەک شێعری مۆدێڕن بڵاو دەبنەوە، مۆدێڕن نین بەڵکوو بەرۆژن، واتە لە گەڵ بەرەکانی پێش خۆی تا ڕادەیەکی بەرچاو جیاوازی هەیە، هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەو دەقە بەرهەمهێنراوەی ئێستا بە تەواوی جیاواز نییە و ئێستاش جێ‌پەنجە و مۆرکی شیعری پێشوو لە شیعرەکانی ڕۆژ دا دەتوانین ببینینەوە.

# مەرگێکی کپ و بوونێکی مانادار

## بە بۆنەی کۆچی دوایی یەکەم ژنە مامۆستای قوتابخانەکانی سەردەمی کۆمار



عەلی لەیلاخ

کە باس لە دەسکەوت و دەرئەنجامە سیاسیی وفەرهەنگی دەوڵەتی کۆمار دەکرێت بێ شک دەتوانین لە زۆر لایەنەوە ئەو بزاڤە سەردەمیانە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە بە مەبەستی بەها دان بە دەسکەوتەکان و سڕینەوەی کەموکورییەکان. هەر ئەمە واتا هەڵسەنگاندنی بێ لایەن وتاوتوێ کردنی ڕووداوەکان و خوێندنەوەی لۆژیکی ڕابردوو، بنەمای کەڵک وەرگرتنە لە مێژوو بە مەبەستی کردنەوەی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئێستاکەو هەوڵدان بۆ دابین کردنی داهاتوویەکی پرشنگدار.

ڕاستە کورد بە هۆی بێ بەشبوونی لە دەسەڵاتی سیاسی/کیانی، نەتەنیا وەکوو خۆی لە مێژوو نیشان نەداروە، بەڵکوو زۆرجاریش وەلا خراوە. ئەگەر ئاورێکی خێرا لە مێژووی کورد بدەینەوە لە دوای شەری جیهانی دووەم، بۆمان دەردەکەوێت کە ل ه(ژ.کاف) وە کورد بە گشتی وبە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو خۆی دەنووسرێت. چونکە لە ڕووداوەێکی گرینگ واتا دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری کوردستان بە شێوەیەکی ئاکتیڤ لە نەخشاندنی مێژووی خۆی بەشدارە، هەربۆیە هەرچەشنە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بێ ئاکام دەمێنێ چونکە لە زۆر بواردا تەنانەت نەیارانی کوردیش دادن بۆ دەسکەوتە دادەنن.

پێناسەی سەرەکیی وسەردەمیانەی بزاڤی ساڵی ١٣٢٤ «دەوڵەتی جمهوری کوردستان»ە .واتە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، نەک تەنیا بە دەسەڵات گەیشتنی لایەنێکی دیاری کراو، دەوڵەت پێکهاتەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی و ئابوورییە و خاوەنی هێما وپێناسەی سەربەخۆیە کە دەبێ لە نێوانی خەڵک ودەسەڵات پێوەندیەکی پتەوهەبێ تاکوو ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتیک، بۆ ئەوەی خەڵک خۆیان لەو دەوڵەتە بە دەسەڵات گەیشتووە ببینەوە ئەویش دەوڵەتی ئەوکاتی کۆماری کوردستان کە تازە ڕسکاووساوا بوو بۆ بۆ مانەوەی و بۆ ئەوەی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردی کە مێژوویەکی دوورودرێژیان هەبوو لە بێ دەسەڵاتی وچەرمەسەریی، بەرەو دێموکراسیەت ودەوڵەتداری ڕابهێنێ هەر لە یەکەم ڕۆژانی سەرکەوتندا بایەخ وگرینگی تایبەتی بە نیزامی «پەروەردە»و ڕاهێنان دا.ڕاستە تەمەنی ئەم دەوڵەتە کەمتر لە ١١مانگی خایاند، بەڵام هەوڵەکانی لە زۆر بواردا لە جێگەی خۆی ولە چوارچێوەی ئەرکە دیاریکراوەکانی دەوڵەتدا بوو. بۆ نموونە ڕەخساندنی کەشی تایبەت بە هاتنە مەیدانی ژنی کورد تا هاوشان و پاڵپشتێکی پۆزتیڤ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وسیاسییەکان بن ، ئەویش لە وەها قوناخێک کە ژنان زیاتر کویلەی نیزامی پیاوسالارانەو دواکەوتوو بوون. ئەوە یەک لە خاڵە ئەرینی وبەهێزەکانە کە دەتوانین ئێستاشی لەگەڵ بێ بۆ پێشکەوتن وسڕینەوەی لەمپەرەکانی سەر ڕێی سەرکەوتن بەرز بنرخێنرێت.

ئەگەر پێشوا قازی محەمەد» جیا لە سەرۆک کۆمار، وەکوو لیدرێک بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردی جێگای دروشاوەی هەیە، بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە ڕاستە خۆ کەسایەتێکی ئاینی بوو بەڵام هیچکات بیرۆکەی ئاینی نە کردە کۆسپێک بۆ سەر ڕێی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە، بەڵکوو بەهۆی وشیاری وتێگەیشتنی سەردەمیانە هەستی بەوە کردبوو کە بۆ وورووژاندن وسەقامگیر کردنی ناسیونالیزم لە ناخی کۆمەڵگە پێوستە گرینگی بە «پەروەردە»بدرێت. دەیزانی ژنان بەشێکی قورس وکاریگەرتریان هەیە لە سەر پەروەردەی کۆمەڵگە هەربۆیە بستێنێکی وەهای ڕەخساند تا ژنان لە کونج وپسێوی دیوەخان بێنە مەیدانی چالاکی ولە پرۆسەی شارۆمەندی ودەوڵەتداری بەشدار بن. ڕەنگە «پێشەوا»وەک باڵاترین مەقامی کۆماری کوردستان بەتەواوی هەستی بەم قسەی ڤیکتۆر هۆگۆ»کردبێت کە دەڵێ: «ئەگەر دەتهەوێ کۆمەڵگایەک بە یەخسیری بمێنێتەوە، سەرەتا ژنانی ئەو کۆمەڵگە یەخسیربکە، چونکە ژنی کویلە ناتوانێ بەرەیەکی ئازادیخواز پەروردەبکات.»

ئەگەر سەرەتا لە بنەماڵەی خۆیەوە واتە» مینا خانمی هاوسەری» هان دە دا و تێچووی بەشداریی ژنان لە کاروباری ڕێکخراوەیی بە ئەستۆ دەگرێ هەتا پیاوانی دیکەش لەم بارەوە هاندەر بن، دەرخەری ئەوەیە کە «پێشەوا» گەلێکی ئازادیخوازی دەویست، نەک خەڵکێکی گوێ لە مست.



هەڵبژاردنی «میسری خوسرەوی» ناسراو بە «خانمێ»وەکوو یەکەمین ژنە مامۆستا لە قوتابخانەکانی سەردەمی کۆمار لەسەر داوای شەخسی پێشەوا، لە کاتێک دایە کە هێشتا لە ئێران بەگشتی مەجالێکی وا نەدراوە بە «کچان وژنان» کە بچنە خوێندنگەو فێری خوێندن ونووسین و زانست بن. تەنانەت زۆرێک لە قوتابخانەی تایبەت بە کچان» لە ژێرناوی ئایین وبە پێی داخراویی نیزام ودەسەڵاتی پاشایەتی ئەوکاتی ئێران دادەخرێن، بەڵام حوکومەتە ساواکەی کۆمار هەست بەو بەرپرسایەتییە دەکات و نە تەنیا ڕێگەرنابێ بەڵکوو هەر لە خودی ژنان واتە «دایە میسری»داوا دەکات کە ببێ بە مامۆستاو لە خوێندنگەی»قەلا سەرداری» بۆکان وانەی کوردی دەڵێتەوە. کە ئەمە بۆ خۆی وانەیەکی ڕووناکبیرانەو یەکسانیخوازانەیە بۆ سەرجەم ڕێکخراوەکان ولایەنە سیاسییە کوردییەکان چ ئێستاو چ داهاتوو، کە کەمرەنگ کردنی دەورو ڕۆڵی ژنان سەرەتا خەسارێکی ڕووخێنەرە بۆ ئەو بزاڤەو لە ئاستی بەربڵاوتر بەربەست خستنە لەسەر ڕێ گەشەی کۆمەڵگە.

هەربۆیە بە بۆنەی کۆچی دوایی یەکەم ژنە مامۆستای قوتابخانەکانی سەردەمی کۆمار جێگای خۆیەتی کە هەوڵە کۆمەڵایەتی وسیاسییەکانی «پێشەوا» بە هێند وەربگرین و هەروەها ڕێزدابنین بو ماندوویی وتێکۆشانی سەرجەم ژنانی کورد کە سەرەرای سەرکوت ودەمکوتی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە پێناوی گەشەو جێ خستنی چەمکە ئینسانی ونەتەوەییەکان خەمسارد نەبوون وچ لەشاروچ لە شاخ لە کاروانی ڕزگاریخوازی کورددا بەشدارن. کەواتە ئەرکی سەرشانی هەموو حیزبێکی سیاسی ودەوڵەتی کوردییە کە مەجالی زیاتریان بۆ بڕەخسێنێ و دان بەم ڕاستییەدا دابنێن کە ژنی کویلە و کۆمەڵگەی کویلە بەیەکەوە گرێدراون.

لە کۆتایدا با بڵێم: سپاس بۆ مەرگ کە زۆرجار دەبێتە هۆی یادکردن وڕێزلێنان لەو کەسانە کە بەراستی شایانی ڕێزگرتن ویاد کردن وفەراموش نەکردنن.

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی باسنیوز، سایتی «سارا**

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:657 june 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

بەبۆنەی یەکی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان جێژنێک بەبەشداریی سەدان منداڵی بنەماڵەکانی نیشتەجێ لە بنکەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو.

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی دووشەممە، ١١ی جۆزەردان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان ڕێوڕەسمێکی بەڕێوەبردو لەو ڕێوڕەسمەدا کۆمەڵێک برگەی هونەریو چالاکیی منداڵان پێشکێش کران.

لەو جێژنەدا کۆمەڵێک گۆرانی و شێعر و شانۆ و برگەی جۆراوجۆری دیکە لە لایەن منداڵانەوە رازابۆوە. هەر لەو جێژنەدا قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە چەند ویەکەکی پێشکێش کرد.

قادر وریا لە قسەکانیدا وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی منداڵان لە هەموو منداڵانی کوردستان باسی لە دۆخی منداڵانی کورد لە ئێرانو منداڵانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرد.

بەڕێزیان لە بەشێک لە قسەکانیدا بە ئاماژە بە بێبەشیی منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆر مافو ئیمکاناتی پەروەردەیی تیشکی خستە سەر ئەوەی کە دەسەڵاتو بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامی دۆخێکی ناڵەباری بۆ منداڵان خوڵقاندوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بەو هەوڵانە کرد کە لە حیزبی دێموکڕاتدا سەرەڕای کەمیو سنووردرابوونی ئیمکانات بۆ منداڵانی ڕیزەکانی شۆڕشی دراونو، دابینکردنی ئیمکاناتی خوێندن لە سەختترین هەلومەرجی خەبات بۆ منداڵان بە زمانی کوردیو دوایەش دامەزراندنی ڕێکخراوی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بڵاوکردنەوەی گۆڤاری مانگانەی دنیای منداڵانی بە چەند نمونەیەک لەو هەوڵانە ناوبرد.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن شیلان قوربانیفەر، بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە خوێندرایەوە.

لە بەشیک لەو پەیامەشدا بە ئاماژە بە دۆخی منداڵانی کورد لە ئێران هاتبوو کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کرد و گوتی ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی منداڵانی سەرشەقام و نەخوێندەوار و موعتاد زیاتر دەبێ.

منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە هۆی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە هەموو مافەکانی خۆیان بێبەشن، تەنانەت لە قوتابخانەش ناتوانن بە زمانی خۆیان دەرس بخوێنن.

لەو پەیامەدا داوا لە هەموو ڕێکخراوە و ناوەندە مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتییەکان کرابو کە دەوڵەتەکان ئەرکدار بکەن بۆ پەروەردەو گەشەی منداڵان بەرنامەو پلانیان هەبیو منداڵان لە هەرجۆرە شەڕ و توندوتیژییەک و کەڵک وەرگرتنی خراپ لە لایەن گروپە چەکدارەکانەوە بە دوور ڕابگرن.



بەر لە ماڵاوایی

# لە یادی لەسێدارە درانی ٥٩ لاوی مەهاباد و ترسێکی هەمیشەیی ڕێژیم


ژیوار رەسووڵی

لەرۆژی ١٢-ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ هەواڵیک لەلایەن فەرمانداری ئەو کاتی مەهاباد بڵاوکرایەوەو خەڵکی تووشی شۆکێکی گەورە کرد، ئەگەرچی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و شاری مەهاباد بەتایبەت رۆژی سەخت و دڵتەزێنی وایان زۆر بینیبوو، بەڵام بڵاوکردنەوەی ناوی ٥٩ لاوی مەهابادی کە لەرۆژێک و لەیەک ساتدا لەسێدارە درابوون، هەمووانی سەرسام کردبوو، جا لەنێو ئەو ٥٩ لاوەدا دوو کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بوو،و لەدەبیرستانی ئیبنی سینای مەهاباد دەیانخوێند. ئەو هەواڵە لەلایەن فەرمانداری ئەو کاتی مەهاباد حەمید جەلاییپوور بەناو شاردا بڵاوبۆوە، و هەرزووش راگەیاندرا کە ئەو ٥٩ لاوە بەهۆی پەیوەندیکردنیان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسێدارە دراون.

ئەگەرچی تاکوو ئێستا ناوەندە فەرمییەکانی رژێمی ئێران و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنی فارسی دانیشتووی وڵاتانی رۆژئاواش باس لەو جینایەتە ناکەن،و کەسیش بەشێوەیەکی راستەوخۆ خۆی لەو جینایەتە ناکاتە خاوەن، بەڵام ئەو کات بەرپرسانی پەیوەندیدار لەکوردستان و دەورووبەر ئەوانە بوون:

یەکەم: فەرمانداری ئەو کاتی مەهاباد حەمیدرەزا جەلایی پوور بوو. جەلایی پوور لەدایکبووی ١٣٣٦-ی تارانەو ئێستا ماموستای زانکۆیە لەبەشی کۆمەڵایەتی زانکۆی تاران. جەلایی پوور هەر لەسەرەتای شۆرشی گەلانی ئێران نێردرایە کوردستان. لە ساڵی ١٣٦٠ فەرمانداری نەغەدە بوو، و مەلا غولامرەزا حەسەنی و جەلایی پوور بەکوشتاری قارنێ و قەڵاتان وادەکەن نەغەدە لەکۆنترۆلی دیموکرات بێتە دەرێ.

دووەم: پارێزگاری ئەو کاتی ورمێ حوسێن شێخ عەتتار بوو. لەدۆسیێ تیرۆری شاپووری بەختیاردا شێخ عەتتار لەتاوانبارەکانە،و ئێستا ناتوانێ لەئێران بچێتەدەرێ.

سێیەم:

لەکاتی لەسێدارەدانی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد، عەلی ئەکبەر ناتیقی نووری وەزیری ناوخۆی ئێران بوو. فەرمانداری ئەو کاتی مەهابادیش لەلایەن ئەوەوە دەستنیشان کرابوو. ناتیق نووری لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لەوە دەکات کە هەتا ١٣٦٤ بەهۆی بەرنامەکانی ئەوەوە کوردستان ئارام بووە. ناتیق نووری لە کوردستان و زاهیدان سەلماندی کە رژێم بۆ سەرکوتکردنی نارازییەکان کەڵک لەهەموو رێکارێکی نائینسانی و خوێنرێژانە وەردەگرێت.

چوارەم جەلادی کوشتارەکەی مەهاباد غولامرەزا حەسەنی ناسراو بە مەلا حەسەنییە. ناوبراو لەهەموو کوشتارو پیلانگێرییەکی دژی کورد بەردەوام شوێن پێی زەق و بەرچاو بووە. هەر لەسەرەتای شۆرشی گەلانی ئێرانیش یەکێک لەئەرکەکانی مەلا حەسەنی کوشتن و تۆقاندنی کوردەکان بووەو نموونەی هەرە دیاری ئەو کوشتارەش کە حەسەنی راستەوخۆ دەستی تێدابوو، کوشتاری قارنێ و قەلاتانە.

جگە لەو ناوانەی باسیان لێوەکراو،و بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستیان لەشەهیدکردنی ئەو ٥٩ لاوەی مەهابادا هەبوو، هەریەکە لە سەرۆکوەزیرانی ئەو کات میرحوسەین موسەوی و هاشمی رەفسەنجانی و موحسێن رەفیق دوست وەزیری سوپای پاسدارانی ئەوکات لەپشت ئەو کوشتارە گەورەیەبوون. ئەوان دەیانهەویست لاوان و نەوەی نوێی رۆژهەڵاتی کوردستان چاوترسێن بکەن، بۆ ئەوەی بەخەیاڵی خاوی خۆیان بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردی رۆژهەڵات لەریشە دەربێنن، بەڵام لەئێستادا خەڵکی رۆژهەڵات بەگشتی و جەماوەری مەهاباد وەکوو شاری ئەو ٥٩ لاوە شەهیدە لەسەرشەقامن، و لەرۆژانی رابردوودا سەڵماندیان کە سێدارەو فیشەکی دوژمن نەک هەنگاوەکانیان بەرەو سەرکەوتن و پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان شل ناکاتەوە، بگرە ورەو باوەڕیان بەهێزتر دەکات. ئەو کات لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لەدژی رژێمی ئاخوندی کۆماری ئیسلامی ئێران لەشەڕدابوون، ئێستا هەر ئەو رژێمە جگە لەوەی هەموو کوردستانی ملیتاریزە کردووە،و سێدارەکانی زۆرترکردووە، هاوکات شەری ئیعتیادی سیستماتیک و شەری کلتووری و بێکاری و برسیکردنیش لەگەڵ لاوانی رۆژهەڵات دەکات، بەڵام لاوانی رۆژهەڵات هەر لەسەر پێن، و وەکوو رووداوەکەی هۆتێل تارا پارێزگاری لەکەرامەت و ئینسانییەتی تاکی کورد دەکەن، و ئێستاش هەبوونی پێشمەرگەکان لەناوچەو لاوان لەناو شەقامەکان رێژێمی تووشی هیسترییایەکی سەیرکردووە، ئەو ترسەی رژێم گەیشتۆتە رادەیەک کە هەموو بەرپرسانی رژێمی هێناوەتە دەنگ. و چیتر ناتوانن ترسەکەیان لە لاوانی رۆژهەڵات و نەوەکانی دوای ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد بشارنەوە، کە ئەوان بەخەیالی خاوی خۆیان خەڵکیان پێ دەترساندو ئێستا خۆفی راپەرینی گشتی رۆژهەڵات خۆیانی گرتۆتەوە.

.........................................................................

.......................................................

............................................

.................................